**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 39

**ساڵی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2007**

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنێکی زانستی لە وەزارەت دادەمەزرێ وبەتەمەنترین زانا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن وپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بریکارەوە دەبێ، دامەزراو وتایبەتمەندیەکانی بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ.

ماددەی هەشتەم:

1- دامەزراوەکانی وەزارەت بەپێی سیستەمێك دەستنیشان دەکرێت.

2-وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی بەشەکان سەر لە نوێ دابمەزرێنێ، یان یەکیان بخات یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

3-وەزیر بۆی هەیە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەرماڵە وپاداشت سەرف بکات.

4-وەزیر بۆی هەیە لیژنەکانی هەمیشەیی یان کاتی لە وەزارەت دابمەزرێنێ و، ئەرکەکانی تایبەتی پەیوەست بە چالاکی وجموجۆڵەکانی پێیان دەسپێرێ، بە پێی حوکمی یاساکانی پەیڕەو کراو وپێڕەو وڕێنماییەکانی دەرکراون ودەتوانێ پشت بە شارەزاو پسپۆڕانی ناوەوەی هەرێم ودەرەوەی ببەستێت.

ماددەی نۆیەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم: هەموو یاسا وپێڕەو وبڕیارەکانی ئێستا بەرکارن وتایبەتن بە ئەوقاف ولەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نین، کاریان پێ دەکرێ، تاوەکو یاسایەك دەردەچێ شوێنیان دەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە جێبەجێ دەکرێ.

**هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

ئەم یاسایە دەرکراوە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە پەرەسندووە وگشتگیرەی گەلی کودرستانی عێراق، دوای بە دەستهێنانی ئەو دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانیە و بوونی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵبژێردراو وحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە هەموو پارت ولایەنەکانی نیشتمانیی و نەتەوەیی و ئایینەکانی لەخۆ گرتووە.

لە پێناو هێنانەدی پەیامی پیرۆزی ئیسلام وقولکردنەوەی پەیوەندی ڕاست ودروست ویەکتر ویستن وخۆشەویستی لە نێوان ئاینزاو ڕێبازەکان وئامادەکردنی نەوەیەك لە زانای بە توانا وهۆشیار وچەکدار بە وشیاری ئاینی ونەتەوەیی و نیشتمانیی دژ بەبیری تەکفیری وتوندوتیژی و خاوەن ڕۆشنبیریەکی گشتی فراوان و، لە پێناو پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ شوێنەکانی خوا پەرستی وبەڕێوەبردنی کاروباری وەقف وبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاینزاو ڕێبازەکان و پاراستنی کەلتوری زانستی زانایانی کورد کە بە بەشێکی گرنگی کەلتوری ئیسلامی جیهانی بە درێژایی مێژوو دادەنرێت، هەروەها تێکەڵاوکردنی هۆکارەکانی فێرکردنی نوێ وسوود لێ وەرگرتنی وبەکارهێنانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ گەلی هەرێمی کوردستان لە جۆرەها بۆنە ئاینیەکاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ئەندامانی بەڕێز دەکرێت, ئێستاش خاڵی شەشەم لە بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لێبوردن لە لایەن کاك کەریمەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سلاّو و ڕێزمان.

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەی هاوپێچمان بەناوی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی گەلاّڵە کردووە, تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن لەگەڵ ڕێزدا.

ناوەکان:

1-شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- عەبدولکەریم ئەبوبەکر.

4- خەلیل ئیبراهیم.

5- تارق جامباز.

6- کەریم بەحری.

7- قادر سەعید.

8- سەردار هەرکی.

9- ڤیان دزەیی.

10- ئارێز عەبدوڵلاّ.

11- دلێر محەمەد شەریف.

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2006**

یەکەم: کەم کردنەوەی ماوەی سزای زیندانیەکان بە ڕێژەی 30٪ لەو سزایە سەرەکییەی بەسەریان سەپێندراوەو بۆ مەبەستی بەردانی مەرجداریش ماوە کەم کراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لەنێوان فەرمانگەی چاکسازی بردوویەتیە سەر.

دووەم: لێبوردن لە زیندانیان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی ئەنجامدراوە لەبەردەم دادگا, بەدەر لە زیندانیانی ئەو تاوانانەی خوارەوەو ئەوانەی بڕیاری نەهێشتنیان (اعدام) لەسەر دراوە.

1-تاوانەکانی تیرۆر.

2- کوشتنی ئەو بیانیانەی لە هەرێمدا کار دەکەن.

3- کوشتنی هاوڕای دزی.

4- مادده بێ هۆشکەرەکان.

5- تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- (اختلاس) ناپاکی و دزی لە سامانی هەرێم.

7- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- بەرتیل.

9- کردەوەی سێکسی بە زۆر.

10- نێربازی

11- سێکسی لەگەڵ مەحرەمان.

**سێیەم:** لێبوردنی زیندانییە مێردمنداڵەکان لەو ماوە زیندانیەی ماویانە بە مەرجێ حوکم نەدرابێ بەو تاوانانەی لە بڕگەی دووەمدا هاتوون.

**چوارەم:** ڕاگرتنی ڕێکاری یاسایی بەیەکجارەکی لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنندا لە گشت ئەو تاوانانەی پێش ئەم بڕیارە ڕوویان داوەو لایەنەکان ئاشتەواییان لەگەڵ یەکدا کردووە, لەبەر دەم دادگا, (جگە لەو تاوانانەی لە بڕگەی دووەمی سەرەوە بەدەر کراون) بە مەرجێك سکالاٰکارو خاوەن مافی شارستانی لە ماوەی 30 ڕۆژ لە دەرکردنی ئەم یاسایەدا لە مافی کەسینەی خۆیان خۆش بووبن.

**پێنجەم:** ئەو زیندانیانەی سوودمەندبوونە لەو بڕیارانەی کەم کردنەوەی سزاکە پێش ئەم یاسایە دەرچوونە لەم یاسایە سوودمەند نابن.

**شەشەم:** ئەو کەسانەی بڕیاری زیندانی کردنی پاش ملەیان لەسەر دەرچووەو خۆیان بە دەستەوە نەداوەو تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە نەگیراون سوودمەند نابن لەم یاسایە.

**حەوتەم:** زیندانیان لەم یاسایە سوودمەند دەبێت, ئەگەر سکالاٰکار و داواکاری مافی شارستانی لە مافەکانیان خۆش بوون لەو داوایەی حوکمەکەی لێ دەرچووەو ئەگەر سکالاٰکار و داواکاری مافی شارستانی لە کاتی دادگایی کردندا لە مافەکانیان خۆش نەبوون بۆیان هەیە لە ماوەی سێ مانگ لە دەرچوونی ئەم یاسایە لەبەردەم دادگا لە مافەکانیان خۆش بن ئەو کات دادگا بڕیار دەدات کە لێبوردن بەند کراو دەگرێتەوەو بەریدەدات.

**هەشتەم:** هەر گیراو و زیندانیەکی سوودمەند لەم یاسایە ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵ لەبەردانیدا تاوانێکی ئەنجامداو دادگا سزایەکی بەسەردا سەپاند کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبوو, ئەوا بڕیاری ڕاگرتنی ریکارە یاساییەکانی لێی سوودمەند بووە پووچەڵ دەکرێتەوەو دەست بە ڕێکارەکان لە دژی دەکرێتەوە لەو کێشەی کە لەسەری گیراون, هەروەها بڕیاری لێبوردنەکەی, یان کەم کردنەوەی پووچەڵ دەکرێتەوەو گشت ئەو

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە گفتوگۆی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە ئێمە ئەو دوو بڕیارە رابگرین، کە ئەو دوو بڕیارەی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوەی عێراقمان راگرت ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێینەوە سەر قانونی عقوباتی عێراقی و، ئەوانەی هەر جەریمەیەکیان کردووە، بەپێی ئەو قانونی عقوباتی عێراقیە سزای خۆیان وەردەگرن و لەوێوە مەحکەمە بڕیاری خۆی دەداتن، دەگەڕێینەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێ دەچێت هەندێك لە برادەران، کە دێتە سەر قەرارات و قەراراتی مەحکەمە زۆر بە تەسکی بیری لێ دەکەنەوە، هەدەفی ئێمە پاراستنی ژیانی مرۆڤێکە، مرۆڤێك حەقی ئەوەی هەیە ئەگەر قەرارێکی نایاسایی دەرچوو بێت لە لایەن هەر مەحکەمەیەکەوە، هەتا ئەگەر مەحکەمەی تەمیزیش موافەقەی لەسەر کرد بێت، تەعن لەو قەرارە بدرێت بۆ پاراستنی ژیانی ئەوە، ئێمە هەموومان قەناعەتمان وایە ئەو یاسایەی کە دەرچووە یاسایەکی دروست نەبووە، دووەم/ هەتا ئەگەر سەیری بکەیت تەنها بۆ زروفێکی حەرب دانراوەو شتێکی زۆر شاز و نا یاسایی بووە، ئێمە کە ئیمڕۆ قەناعەتمان وایە، حەقە سوور بین لەسەر ئەوەو حەقە قەرارێك دەربکەین، ئەو تێبینیانەی کاك سەردار و برادەرانی لیژنەی یاسایی کە لەوێ دانیشتوون تەبەنی دەکەن، دەبێت ئێمە چارەسەری ئەوە بکەین و رێگە نەگرین لەوەی چی بۆ ئەو خەڵکە دەکەین، کاکە کە قەرارەکەی لەسەر لا دەبەین ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە، کە گەڕایەوە بۆ مەحکەمە، ئەوسا مەحکەمە قەرارێك دەدات بۆ هەر کەسێك زروفەکەی چۆن بووەو قەرارەکە چی بدرێت بەنیسبەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید ئەگەر ئیجازەم بدەیت زۆرمان موناقەشە کرد، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەرارەی کە دامان دوو قەرارە بۆ لابردنی ئەو قەرارەی مەجلیسی قیادە سەورەی هەڵوەشاوە، کورت و موختەسەر من 100٪ تەئیدی کاك فەرسەت دەکەم، کێشەی مەحکوم بە ئیعدام و ئەوانە لە قەراری لێبوردن جێی بۆ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەوزیحێك دەدەم و دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو تەوزیحەی کە کاك عەونی دای بە ئیعتیباری ئەوەی ئەندامی مەحکەمەی تەمیز بووە، کە قەراری بات وەرنەگیراوە لەو قەزیانەی کە هەیە، ئەگەر وا بێتن گۆڕانکاری پێویست ناکاتن، هەرچەندە پێشنیارەکەی کاك سەردارم پێ باشە، بەلاَم پێم وا بێتن ئەوەشی پێویست ناکات ئیقراری دەکەین، ئەگەر خوا نەخواستە پێویستی کرد حاڵەتی وا هەبوو موعالەجەی دەکەین، یان لە یاسای لێبوردنی گشتی، یان بە هەموار کردنی ئەو قەرارە، جا لەبەر ئەوە پێم وایە موناقەشەمان زۆر کرد و ئەو صیغەیەی کە دانراوە لە ئەساسدا بەو تەوزیحەی کە کاك عەونی دای، بەو خیبرەیەی کە خۆی هەیەتی، ئەو قەزایانە نیهائی نەکراون و چاوەڕوان دەکەن، کەواتە موعالەجە دەکرێتن، ئەو کەسانە دەگرێتەوە، بۆیە ماددەی سێش وەکو خۆی دەخەمە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاَو کردنەوەی جێ بەجێ دەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاَو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش ڕۆتینییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە هۆکارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکاری دەرچواندنی**

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێ کراوە لە بارودۆخی جەنگی شوومی عێراق و ئێران دەرچووەو لەبەر ئەوەی هۆکارو دۆخەکە نەماوەو سزاکانیش لەگەڵ گەورەیی تاوانەکە لە بارودۆخی ئاسایی ناگونجێ، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی چوار و هۆکارەکان بە عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

**حيث ان القرارات المشار اليها في هذا القانون قد صدرت في ظروف الحرب العراقية – الايرانية المشؤومة ولزوال اسباب وظروف فرضها من جهة ولعدم توازن العقوبات الواردة فيها مع جسامة الجرم في ظروف اعتيادية، عليه فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەڵێ كاك شێروان ماددەی سێ دەنگمان بۆدا، بە كوردیەكەی خوێندرایەوەو دەنگمان بۆدا، نەخێر قەراری نیهائی مەحكەمەیە، بەهەر حاڵ دەنگمان بۆدا، پرۆژەكە لەگەڵ ئەسبابی موجیبە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە وەكو قانون دەربچێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزتان بێت و دەستتان خۆش بێت، دەچینە سەر خاڵی تر لە بەرنامەی كارمان، ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتییە، كە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق پێشنیاز كراوە، فەرموو كاك عەونی بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكەتان.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێستاش راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی لە لایەن كاك كەریم بەحری بە زمانی كوردی دەخوێندرێتەوە.**

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان-عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەكەمان پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی تاوتوێ كرد، كە لە رۆژی** 2007/3/27 **خوێندرایەوەو رەوانەی سەر لیژنەكەمان كراو، دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، لیژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەو پێشنیارەكانی سەبارەت بە پرۆژەكە، بەكۆی دەنگ بەم جۆرەی خوارەوەیە:-**

**یەكەم: لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەی یاساكە سەر لەبەر دەكات و رێككەوت كە دەقی پرۆژەكە دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەندەكانی بكرێنە ماددەو، شێوەی كۆتایی بەم جۆرە دەبێت:**

**ماددەی یەكەم:**

**بە لێبوردنێكی گشتی ئەوانەی خوارەوە دەبەخشرێن:**

**یەكەم: بەند كراوان لەو كێشانەی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەكان ئەنجام دراون، لەبەردەم دادگا بەدەر لە حوكم دراوان بەئیعدام و حوكم دراوان لەو تاوانانەی خوارەوە:**

1- **تاوانی تیرۆر.**

2- تاوانی کوشتنی ئەم بیانیانەی لە هەرێمدا کاردەکەن.

3- تاوانی کوشتن هاوڕا لەگەڵ دزی.

4- تاوانی بازرگانی بەمادده بێهۆشکەرەکان.

5- تاوانی زیان بەخش بەئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- تاوانی ئیختیلاس و دزی لە سامانی هەرێم.

7- تاوانی گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی کە پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- تاوانی گزی و دەرکردنی پارەی قەڵب.

9- تاوانی بەرتیل.

10- تاوانی سێکسی بەزۆر و مناڵبازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

دووەم: نەوجەوانانی حوکمدراو لەهەرێمی کوردستاندا، بەمەرجێ حوکم نەدرابن لەسەر ئەو تاوانانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتە کوردیەکە لەگەڵ عەرەبیەکە جیاوازی هەیە، بە کوردیەکە نەوعێکە، بە عەرەبیەکەی نەوعێکی ترە، بە کوردیەکەی وەکو نەصی پرۆژەکە هاتووە، بەلأم بە عەرەبیەکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، مادام وایە عەرەبیەکە بکەنە ئەساس، عەرەبیەکە بخوێنەوە، خاڵی نیزام هەیە فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بڕیار بوو کە لیژنەی ماڤ مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ راپۆرتیان هەبێت، ئێستاش بەڕێزتان داواتان نەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەیت با بێن فەرموو، ئەوەی راپۆرتی هەیە لیژنەی ماڤ مرۆڤە، لیژنەی ناوخۆیە با بێن فەرموو، راست دەکەیت سوپاس، خاڵی نیزام ئەوەیە، ئێوە ئەسڵی پرۆژەکەتان لایە، جا راپۆرتی لیژنەی یاسایی مادده بە مادده راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و راپۆرتی لیژنەی ماڤ مرۆڤ، ئینجا دەکەوینە موناقەشە، ئەگەر رەئیتان هەبوو، لە دوایێ ئیقرار دەکەین مادده بە مادده، فەرموو، راپۆرتی لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بخوێنەوە بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەکان بە زمانی عەرەبی لە لایەن برای بەڕێز کاك محەمەد صالح دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون العفو المحال إليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بتاريخ 2007/3/27 وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها وأقتراحاتها بشأن المشروع بأجماع الأراء وكمايلي:

أولاً: أن اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون جملة وتفصيلاً وأتفقت على إعادة صياغة بعض بنودها وجعلها على شكل مواد وتكون الصيغة النهائية لمواد مشروع القانون كالآتي:

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء بأستثناء المحكومين بالاعدام والمحكومين عن الجرائم الاتية:

1- المحكومون في جرائم الأرهاب.

2- المحكومون في جرائم قتل الأجانب العاملين في أقليم.

3- المحكومون في جرائم القتل المقترن بالسرقة.

4- المحكومون في جرائم الأتجار بالمخدرات.

5- المحكومون في جرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

6- المحكومون في جرائم أختلاس أموال الأقليم.

7- المحكومون في جرائم التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

8- المحكومون في جرائم تزوير وتزيف العملات.

9- المحكومون في جرائم الرشوة.

10- المحكومون في جرائم الأغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

ثانياً: الأحداث المحكومون في اقليم كوردستان, ما لم يكونوا محكومين عن الجرائم المبينة في الفقرة اعلاه من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئەنجومەن ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/3/27 و تەکلیف کردنی لیژنەکەمان لە لایەن جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن بۆ دیراسەت کردنی پرۆژەی لێبوردنی گشتی, لیژنەکەمان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/4/2 کۆبوونەوەی خۆی

**كرد و دواى وتوويژو هەڵسەنگاندنى خودى پرۆژەكەو هەڵسەنگاندنى پرۆژەكە لەگەڵ واقيعى هەرێم, ليژنە بەو جۆرەى خوارەوە پێشنيارەكانى خۆى پێشكەش دەكات:**

**1-ليژنەى كاروبارى ناوخۆ بە زۆرينەى دەنگەكان پشتگيرى لەم پرۆژە دەكات.**

**هيچ تێبينيمان نييە لەسەر ماددەى يەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**راى ليژنەى مافى مرۆڤ.**

**بەڕێز شوقى حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**دەقى راپۆرتەكە بەم شێوەيە:**

**بۆ/ سەرۆكايەتى ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتى ليژنەى مافى مرۆڤ**

**ليژنەكەمان رۆژى 2007/4/3 بۆ لێكۆڵينەوەى پرۆژەى ياساى لێبوردنى گشتى كە لە لايەن بەرێزتانەوە رەوانەى ليژنەكەمان كرا بوو، بە ئامادە بوونى زۆرينەى ئەندامان، دواى گفتوگۆ و راگۆڕينەوە، ليژنەكەمان راى بەم شێوەيەى خوارەوە بوو:**

**يەكەم: سەبارەت بە ماددەى يەكەم شتێكمان نييە، بەلاْم پێمان خۆشە هەر لەو ماددەيە شتێك زياد بكرێت بەو شێوەيە (ئەوانەى بە ئيعدام حوكم دراون سزايەكەيان بگۆڕدرێت بۆ بەند كردنى هەتاهەتايى)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**لەسەر ماددەى يەكەم پرۆژەكەتان لايە، تەنيا گۆڕانكاريەكە هاتووە، ئەوەى هينتان كردووە لە لايەن ليژنەى ياساييەوە، ئەو مولاحەزاتانەى كە درا، كىٚ دەيەوىٚ قسەى لەسەر بكات، خاتوو پەخشان فەرموو.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**من پشتگيرى لە ماددەكە دەكەم، بەلاْم پێشنيار دەكەم ئەو ئيستيسنايانەى كە عەفو نايانگرێتەوە ئيستيسنائێكى تريش هەبێت بۆ ئەوانەى كە ژن دەكوژن بەناوى شەرەف پارێزى و هەر شتێكى ترەوە بێت، چونكە هەموو دەزانين ئێستا لە كوردستان بە داخەوە بۆتە مايەى ئيحراج بۆمان لە هەر كوێيەك كە باسى دەكەين، باسى بارودۆخى ژن دەكەين لە كوردستاندا يەكسەر ئەوەمان بە چاو دەدەنەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ئيستيسنائە ئەو تاوانبارانەش بگرێتەوە كە مەحكومن بە تاوانى كوشتنى ژن بەناوى شەرەفەوە، ئەمەيان يەك.**

**دوو/ لە دووەمدا هاتووە تۆزێك دانەنيشتووە، نازانم ئەوەى (إعفاء الأحداث المحكومين)، نازانم يەعنى باش تىٚ نەگەيشتم، دووەمى ماددەى يەك تىٚ نەگەيشتم، نەك ماددەى دوو، يەعنى زۆر لە لام روون نييە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ ئیشکالێکم نییە، بەلاّم لە ماددەی یەکەم لە خالّی دە تاوانی سێکسی بەزۆر و منالّبازی و زینا لەگەلّ مەحرەمان، منالّبازی وشەیەکی شیاو نییە پێم وایە، سێکسی ئەوە ناگەیەنێت، نێربازی و، مێ بازیش هەیە، بۆ هەر پیاو مەحکوم بێت، با لیستی ژنەکانیش شمول بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خالّی نیزام فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەوەلەن دەکەین، ئەوەی هەستاوە با بلّێین باسی ماددەی دووەم دەکات، چونکە یەعنی ئەوەلەن مانای ماددەی یەکەمن حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم، بۆ ئەوەی لای برادەرانیش روون بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەی یەکەم ئەوەلەن و ثانیەن مەتروحە بۆ موناقەشە کردن دەبێتن، کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پاش خوێندنەوەی پرۆژەکە ماددەکانمان پاش و پێش کرد، ماددەی دووەم لە پرۆژەکە بووە ماددەی یەکەم، بۆیە پێمان خۆشە برادەران مولاحەزەی ئەو نوقتەیە بکەن، موهیم پرۆژەکە هی لیژنەی یاساییە، هەردووکی هی لیژنەی یاساییە، ئەسلّەکەو پێشنیارەکانیش، بەس گۆڕانکاری لە جێگای ماددەکان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەترسێم خالّی نیزامەکەت وەکو جاری یەکەم نەبێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دائیمەن لەسەر ئەسلّی نەصی مەشروعەکە دەڕۆین، هەتا کەڕەتێکیش بیرم دێت لە موناقەشەکانی کاک شێروان داکۆکی لەوە کرد، گوتی ئێمە نەصەکەمان چۆن بۆ هاتووە، لەسەر ئەوە ئیش دەکەین، لەبەر ئەوە من وا تێگەیشتووم، چونکە من نەصەکەم لەبەر دەست دایە، یەکەم باس لە نەصەکە دەکات، باس لە شتەکانی تر ناکات، ئەوە بە ماددەی یەکەم، کەواتە دەبێت لە پێشدا ئەوە تەرح بکرێت و باس بکرێت و دەنگی لەسەر بدەین، ئینجا بچینە سەر ماددەی دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی راستە لەسەر پرۆژە ئەسڵیەكە موناقەشە دەكرێتن، ئینجا پێشنیاری لیژنەی یاسایی بۆ نەصە ئەسڵیەكە تەرح دەكەین، ئەگەر موافەقەتیان لەسەر كرد، ئێستا لەسەر ماددەی یەكەم (تخفیض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء بنسبة 30٪ ثلاثین بالمائة من مدة العقوبة الاصلیة الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضیة في دائرة الاصلاح الاجتماعي لاغراض الافراج الشرطي)، من پێشنیارێكم هەیە، یەكەم جار پرۆژەكە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە ئیمزا كراوەو وەكو پرۆژە بۆمان هاتووە، راپۆرتەكەش هەر خۆیان نووسیوویانە، یەعنی تەرەفی پرۆژەكەو تەرەفی راپۆرتەكە هەردووكیان یەكن، هیچ فەرقێكیان نییە، ئەگەرنا ئەو قسەی سۆزان خان راستە، بەس مادام هەردوو تەرەفەكە یەكن، پێشنیار دەكەم و دەخەمە دەنگدانەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی كە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، بۆ ئەوەی لەو ئیشكالە رزگارمان بێت، ئەگەر موافیقن دەستتان بەرز بكەنەوە؟ زۆر سوپاس، كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، باشە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەبێتە ئەساسی موناقەشەكەو دوای وەرگرتنی مولاحەزاتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و مولاحەزاتی خۆتان، فەرموون بەردەوام بن لەسەر موناقەشە كردن، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو كە لیژنەی یاسایی كردیان بە ماددەی یەك، لەو ماددەیە لێرە لە ئەسڵەكە نووسراوە بە خاڵی هەشت، بەرتیل نەڕۆیشتووە، موناقەشە لەسەر ماددەی دوو دەكرێت كە بۆتە ماددەی یەك ئێستا بەرتیل شەرحی لەگەڵ نییە، ئەوە زۆر تەبعێكی قورسە، ئەوە یەك.

دووەم/ لێرە قەتلی عەمدی نەهاتووە لێرە، لەو ماددەیە قەتلی عەمدی نەهاتووە، حەقە قەتلی عەمدیش دیاری بكرێت، من تەئیدی ئەو راپۆرتە بكەم هی كاك سەردار نەتان هێشت بخوێنێتەوە لە لیژنەی ناوخۆ، چونكە ئێمە دوێنێ لەسەر ئەو نەصە موناقەشەمان كرد، مەجالتان نەدا كاك سەردار، ئێستا یەكەم بووە بە دووەم، بەرتیلیش حەقە شەرح بكرێت و قەتلی عەمدیش دیاری بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەو دە خاڵە ئیستیسنائەكەیە، كە نەهاتووە یەعنی قەتلی عەمدی دەگرێتەوە، یەعنی مەشمولە بە عەفو، كاك سەردار مولاحەزەیەكی هەیە، مادام راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەبێتە ئەساسی موناقەشە، رەئی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی كە بووە ئەساس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم لە ئەسڵی مەشروعەكە كە بووە ماددەی یەك لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی، لیژنە ئەم پێشنیارانە پێشكەش دەكات.

أ- لادانی بڕگەی دوو واتا (قتل الاجانب العاملين في الاقليم)، چونكە بڕگەی یەك (جرائم الارهاب) دەیگرێتەوە، بەپێی بڕگەی پێنج لە ماددەی دوو لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ب-لادانی بڕگەی (5) واتا (الجرائم الماسة بأمن الاقليم الداخلي والخارجي)، چونكە بڕگەی یەك دەیگرێتەوە، بەپێی پێناسەی تیرۆر، كە لە ماددەی یەكەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هاتووە.

ج- زیاد كردنی بڕگەیەك بە ژمارە (10) پاش لادانی دوو بڕگە بەم شێوەیە:

(بڕگەی (10- ئەو زیندانیانە ی كە هەڵوێستی خراپیان نواندووە لە زیندانەكانیان، بە عەرەبیەكەی (المحكومون ذوي السلوك السيء في السجون)، ئەمەش بۆ هاندانی زیندانیەكان كە هەڵوێستیان لە زیندانی چاك بكەن و هەوڵ بدەن زیندانی بە راستەقینە ببێتە چاكسازی بۆیان.

د- لیژنە پێشنیار دەكات ئەم ئیستیسنائانەی لە ماددەی دوو هاتووە بكرێتە ماددەی جوداو بە ژمارە (4) تاكو ئەم كەم كردنەوەی لە ماددەی یەك هاتووە ئەم تاوانە گەورانە نەگرێتەوە، واتا (جرائم الارهاب) و ئەوانە، هەتا لە 30٪ لە حوكمەكەیان كەمتر نەكرێتەوە چاكتر ماددەكان داڕێژرێنەوەو بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی دووەم: لێبوردن لە زیندانیان لەو كێشانەی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەكان ئەنجامدراوە لەبەردەم دادگا.

ماددەی سێیەم: لێبوردنی بەندیە مێردمنداڵەكان (نەوجەوانان) لەو ماوە بەندییەی ماویانە.

ماددەی چوارەم: حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەم تاوانانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

1- ئەوانەی بڕیاری نەهێشتنیان لەسەر دراوە.

2- تاوانەكانی تیرۆر.

3- كوشتنی هاوڕای دزی.

4- تاوانەكانی مادده بێ هۆشكەرەكان.

5- ناپاكی و دزی لە سامانی هەرێم.

6- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی پەیوەست بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

7- تاوانەكانی بەرتیل.

8- سەرجێی بەزۆر.

9- نێربازی.

10- مێبازی لەگەڵ مەحرەمان.

11- ئەو زیندانیانەی كە هەڵوێستی خراپیان نواندووە لە زیندانەكانیان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم باشە موناقەشەكە رابگرین، چونكە ئەو راپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ راپۆرتێكی تازەیە و پرۆژەیەكی تازەیە، یەعنی بە حەقیقەت موناقەشەش ناكرێتن، لە ئێوەو سەرۆكایەتیش تێك دەچێت، پێشنیار دەكەم

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دانیشن، راپۆرتێکی موکەمەل یەکلا بکەنەوە، ئەگەر ئیختیلافیان هەبوو، خاڵی ئیختیلافەکە بێننە ئێرە، ئەگەر ئیختیلافیان نەبوو، ئەو وەختی هین دەکەین، پێتان باشە ئێوارە دانیشین، کاك سەعد ئەگەر بەیانی پرۆژەی وەزارەتمان نییە، دەیخەینە بەیانی، ئەگەر پرۆژەی وەزارەت هەیە دەیخەینە ئەمرۆ.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیانی کۆبوونەوەی مەجلیسی وزەرا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ موافیقە بۆ ئەو تەئجیلە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ تەئجیل کرا، بەیانی سەعات (11)، بۆ ئەوەی ئەگەر لیژنەکان مەجالیان نەبێت، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**چوار شەممە رێکەوتی 4\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/4/4

کاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2007/4/4 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـداللە (د.کمـال کـەرکووکی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (5)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامـەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی کە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق پێشنیاز کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنیەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددە 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/4/4 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی کە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق پێشنیاز کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بۆ دانیشتن لە شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، ڕۆشنبیرانی عەرەب و ڕۆژنامەنووسانی فەرەنساو کاك فەرهاد

عەونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسان، کە ئەمڕۆ سەردانی پەرلەمانیان کرد و لە هەندێك مەسەلەی گرنگ گفتوگۆمان لەگەڵیان کرد، بەتایبەتی لەسەر پرۆژەی رۆژنامەنووسی کە لە لایەن سەندیکاوە بۆمان هاتووە، ئێمەش رەوانەمان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ وەرگرتنی رایان کە زۆر پێیان خۆش بوو، کە پەرلەمانیش پشتگیری لە ئازادی رۆژنامەنووسان دەکات، ئێمەش پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین، ئومێد دەکەین لە چەند مانگی داهاتوودا بتوانین هەم پاش ئەوەی کە بۆمان دێتەوە لیژنەکان راپۆرتەکانیان ئامادە بکەن و بیخەینە ئەجندەی پەرلەمان و ببێتە یاسایەك لە دنیادا، پێم وایە تەقدیرێکی باش دەکرێتن، هەنگاوێکی گەورە دەبێتن کە نیشان بدات کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی دەڕوات، دوێنێ داوامان لە هەرسێ لیژنەکان کرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، دەستمان بە موناقەشە کردنی پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی، جیاوازی هەبوو لەنێوان راپۆرتەکاندا، داوامان لە هەرسێ لیژنەکان کرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و راپۆرتەکانی خۆیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی کاری موناقەشە کردنی و یەکلا کردنی و جیاوازی بیرو بۆچوونەکان کەم بێتەوە، داوا دەکەم ئاگادارمان بکەنەوە گەیشتنە چ ئەنجامێك بفەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوێنێ هەرسێ لیژنەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری ناوخۆ بەپێی ماددەی (39) برگە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان سازداو، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا گەیشتنە صیغەی نیهائی بۆ پرۆژەی لێبوردنی گشتی، ئێستاش صیغەکە بە زمانی عەرەبی لە لایەن بەڕێز مامۆستا کاکە دەخوێندرێتەوە، داوای لێبوردن لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە نەمانتوانی تەرجومەی بکەین لەبەر نەبوونی کات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئیتیفاقمان کرد بوو بە کوردی بخوێندرێتەوە، بەڵام لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ صیاغەکە بە عەرەبی نووسراوە فریا نەکەوتوون تەرجومەی کوردی بکەن، بەڵێ کاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بڕیارماندا کە راپۆرتی لیژنەی یاسایی قسە لەسەر ئەو بکەین، دەبێت ئێستا شتەکە هەڵبوەشێتەوە تا قسە لەسەر ئەو راپۆرتە بکەن، کە لەو سێ لیژنەیە هاتووە، چونکە دوێنێ بە دەنگدان دەنگماندا بۆ ئەوەی راپۆرتەکە ببێتە ئەساس، ئەو راپۆرتەی دوێنێ لیژنەی یاسایی ئامادەی کرد بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا هەر واشە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**استناداً لحكم المادة 6/39 من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق اجتمعت اللجان القانونية و الشؤون الداخلية و حقوق الانسان عصر هذا اليوم المصادف 2007/4/3 حول مشروع قانون العفو العام الذي تمت قراءته الأولى في البرلمان في 2007/3/27 و مناقشته في الجلسة المنعقدة في صباح يوم 2007/4/3 وبعد المناقشة وتبادل الأراء توصلت اللجان الثلاث الى الصيغة التالية للمشروع وكالآتي:**

**المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:**

**أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.**

**ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.**

**المادة الثانية: تخفض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي**

**المادة الثالثة: توقف الأجراءات القانونية بشكل نهائي في مرحلتي التحقيق والمحاكمة في جميع الجرائم الواقعة قبل تاريخ صدور هذا القانون اذا تمت او تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء.**

**المادة الربعة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات.**

**المادة الخامسة: لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:**

**1- الإرهاب.**

**2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.**

**3- القتل المقترن بالسرقة.**

**4- الأتجار بالمخدرات.**

**5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.**

**6- اختلاس أموال الأقليم.**

**7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.**

**8- تزوير وتزيف العملات.**

**9- الرشوة.**

**10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.**

**المادة السادسة: تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:**

**اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.**

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء، او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون، وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

المادة السابعة: لا يستفيد من أحكام هذا القانون النزلاء والمودعون الذين أستفادوا من قرارات تخفيض العقوبة الصادرة بتواريخ سابقة على تاريخ صدور هذا القانون.

المادة الثامنة: يستفيد من أحكام هذا القانون المحكومون الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ويسلمون أنفسهم، أو يتم القاء القبض عليهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القانون.

المادة التاسعة: إذا عاد المستفيد من الموقوفين والمحكومين من أحكام هذا القانون خلال (ثلاث سنوات) من تاريخ أطلاق سراحه الى أرتكاب جريمة وعوقب من أجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاث سنوات، يلغى قرار الأعفاء، أو التخفيض وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية ونصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة جنحة.

كما يلغى قرار إيقاف الإجراءات الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القانون وتستأنف الإجراءات بحقه في القضية التى أوقف فيها.

المادة العاشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون، وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون و بانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

المادة الحادية عشرة: للمتضرر من الجريمة المشمولة بأحكام هذا القانون حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان له مقتضى.

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

بما أن الهدف الأساسى من العقوبة هو أصلاح الجانى وتقويم سلوكه ونظراً لأن المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدة معينة في مؤسسات الأصلاح الأجتماعي وبغية أعطاء الفرصة لأعادتهم الى المجتمع عن طريق أطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكومياتهم وإيقاف الإجراءات القانونية لمن هم في مرحلة التحقيق والمحاكمة وبمناسبة توحيد البيت الكوردستانى والإدارة وأعياد نوروز وأذار وتقديراً لسلطات الأقليم لهذه المناسبة التاريخية ولبعث السرور في قلوب المتصالحين وذوي المحكومين والمودعين من الأحداث فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض اصل المشروع و الصيغة المشتركة للجان الثلاث بشأنه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، کە ئیشەکەتان ئاسان کردووە، ئێستا دەچینە سەر مادده بە مادده بۆ موناقەشە کردن، مادام ڕەئی هەرسێ لیژنەکان وەکو یەکە، کاك شێروان خاڵی نیزامە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی نوقتە نیزامەکەی کاك تارق دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە دوێنێ دەنگماندا لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی موناقەشە بکەین، ئەوەی کە ڕوویدا دوێنێ لیژنەکان کۆبوونەوەو پێشنیاری لیژنەکان وەرگیرا، بووە پێشنیار لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە دەنگمان لەسەریدا، مەفروزە پرۆژەکە مادده بە مادده بخوێندرێت و پاشان پێشنیارەکان بە پشتگیری لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەروای لێدەکەین، مادده بە مادده دەخوێنینەوەو ڕەئی لیژنەکانیش لەسەر دەردرێت، ئینجا کەسێك ڕەئی هەبێت، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بۆ ماددەی یەکەم کاك عەونی بخوێنەوە، فەرموو بزانین خاڵی نیزامیان هەیە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕاپۆرتانەمان لە لا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ویستم ئەو خاڵەی دکتۆرە شوکریە باسی کرد بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن دوێنی تەوزیع کراوە، نوسخەکەتان لە لایە، تەنیا صیاغەکە کەمێك گۆڕاوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە هەمان پرۆژەی دوێنێیە، کە دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، جگە لە ئیزافە کردنی هەندێ فەقەرە لە ماددەی دەیەم، ئەویش بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە تاکو ئیتیلاعی لەسەر بکەن.

**المادة العاشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون، وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.**

**ئەو جوملەكانی ئەخیری ئیزافە كراوە، مەبەستیشمان ئەوەیە كە زیاتر مەوزوعی ئەو موقوفانە كە دێنە پێش پەرلەمان چارەسەر بكرێت و ئەو لیژنەیەش بەو كارە هەڵبستێت، زائیدەن ماددەی چواریش ئیزافە كراوە، ئەویش (المادة الربعة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات)، موخالەفات كێشەیەكی وای لەسەر نییە، ئەو كەسانەی بەو ماددانە حوكم دراون، یان موتەهەمن، ئەوانیش مەشمول بن بەو عەفووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**وازیحە ئێستا، ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە، پاشان بە كوردی شەرحی دەكەین، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:**

**أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.**

**ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**تۆزێك دیقەت بكەن، چونكە ئەوەلەن كوردیەكە ئەوەیە كە ئەوانەی حوكم دراون، هەر قەزایەك بێتن موسالەحەشی لەسەر كراوە، بە تەنیا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە حوكمی ئیعدام دراوە، ئەوانەی كە تەمەنیان لە هەژدە ساڵ كەمترە (الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث)، ئەوانیش عەفو بكرێن لە مودەی بەقیەكەیان، بەڵام لە بیرتان نەچێتن ئەوە شەرتیەتی تێدایە، ئەوە ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە لە ماددەی پێنج ئاماژەی پێ كردووە، یەعنی ئەو عەفووە ئەگەر سوڵحیشی تیا كرا بێت، كە لە ماددەی پێنج حاڵەتەكانی ئیرهابە، كوشتنی ئەجنەبییە، نەتیجەی دزی خەڵك كوشتنە، یەعنی ئەو ئیستیسنائەی تێدا هەیە، بۆیە عەفووە عامەكە موسالەحەی تیا كراوە، ئاشتبوونەوەی تیا كراوە، تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە كە لە ماددەی پێنج شمولیان ناكاتن، جا ئەوەی قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، وەكو گوتمان پرۆژەكە ئەساسەكەیە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی موناقەشەی بكەینەوە، ئەوەش تەئكید دەكەینەوە كە لیژنەكان، لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ هەرسێكیان لەسەر ماددەی یەكەم خیلافیان نییە، بەو شێوەیەی كە ئێستا خوێندرایەوە، خاڵی نیزام سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا جۆرە تێكەڵ بوونێك دروست بووە، چونكە ئێمە دوێنێ راپۆرتی لیژنەی قانونیمان كردە ئەساس، ئێستاش با ئەوە لە پێشدا بخوێندرێتەوە، دوایی ئەو راپۆرتە موشتەرەكە بڵێ ئەوەش رەئی ئەوانە، واتا لیژنەكان ئەوەیان پێشنیار كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لەگەڵ پێشنیاری جەنابت و كاك تارق ئەوەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆم لەو كۆبوونەوەیە حازر نەبووم بەڕاستی، كاك عەونیم تەخویل كرد لەجیاتی من حازر بێت لەو لیژنەیە، بەلاّم مەشروعەكە بە تەواوی گۆڕاوە بەڕاستی، ئەو پرۆژەی كە ئێمە دەنگمان لەسەردا ئەوە نییە، كە ئێستا هەیە، بەڕاستی گۆڕانكارییەكی تەواوی لەسەر كراوە، من تكا دەكەم و دیسان تەئكید دەكەمەوە پرۆژەی ئەسڵی بخرێتە موناقەشە، ئینجا پێشنیارەكە بێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكە بەجێیە، نوقتە نیزامەكەش بەجێیە، نوقتەی نیزام كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو كاك شێروان گوتی تێكەلاّوی دروست بووە، ئێستا ئەو مەشروعە كە دەستكاری تیا كراوەو هەرسێ لیژنە ئیتیفاقی لەسەر كردووە لە لامان نییە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو مەوزوعە تاخیر بكرێت، با مەوزوعی وەزارەتی وەرزش و لاوان باس بكەین، بۆ ئەوەی جارێكی تر یەك و نوسخەمان بدەنێ، تا دیراسەتی بكەین و لە پێشمان بێتن، ئێستا بۆمان دەخوێننەوە هیچی لێ تێناگەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە، ئەوە پێشنیارە، مولاحەزەكەی كاك شێروان و كاك تارق و سۆزان خانیش بەجێیە، لەبەر ئەوە بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی پرۆژەكە، مادده بە مادده بیخوێننەوە، ئەو راپۆرتەی ئیعتبار دەكرێتن، راپۆرتی هەرسێ لیژنەكانە، بڵێن پێشنیاری لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ بەو شێوەیە، ئێنجا موناقەشەی دەكەین، ئێستا ئەسڵی پرۆژەكەتان لایە، ئەسڵی راپۆرتەكە مادده بە مادده بخوێننەوە، دواییش رەئی هەرسێ لیژنەكان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی یەكەم لە لایەن بەڕێز مامۆستا كەریم بەحری دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: بە لێبوردنێکی گشتی ئەوانەی خوارەوە دەبەخشرێن:

یەکەم: بەندیکراوان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان ئەنجام دراون، لەبەردەم دادگا بەدەر لە حوکم دراوان بە ئیعدام و حوکم دراوان لەو تاوانانەی خوارەوە:

1- تیرۆر.

2- کوشتنی بێگانەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن.

3- کوشتن هاوڕا لەگەڵ دزی.

4- بازرگانی بەمادده بێهۆشکەرەکان.

5- زیان بەخشی بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

6- ئیختیلاس و دزی لە سامانی هەرێم.

7- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی کە پەیوەستن بە ئابووری و ئاسایشی هەرێم.

8- گزی و دەرکردنی پارەی قەڵب.

9- بەرتیل.

10- سێکسی بەزۆر و نێربازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

دووەم: نەوجەوانانی حوکمدراو لەهەرێمی کوردستاندا، بەمەرجێ حوکم نەدرابن لەسەر ئەو تاوانانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ تەوحید کراوە، با بفەرموون لەسەر ماددەی یەکەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

لێرە لە ماددەی پێنجەم لە راپۆرتی موشتەرەك ماددەیەك تەحدید کراوە بەو شێوەیە (لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية):

1- الإرهاب.

2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.

3- القتل المقترن بالسرقة.

4- الأتجار بالمخدرات.

5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

6- اختلاس أموال الأقليم.

7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

8- تزوير وتزيف العملات.

9- الرشوة.

10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

مەبەستیشمان ئەوە بوو ڕێکی ماددەکان بێتن، تاکو ئیشارەت بکرێت لە بیدایەت چ حاڵەتێك مەشمولە بە موساڵەحە، مەشمولە بە عەفو، بەلأم بە مەرجێك لەو جەریمانە نەبێت، کە لە ماددەی پێنج جەریمەکان تەسبیت کراوە، ئەحداسیش عامەتەن مەشمولن بە عەفو، تەنیا (المشمولين بالجرائم المرتكبة بالمادة الخامسة)، ئیستیسنائەکە لەوێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ڕەئی لیژنەی قانونی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ لەسەر ئەو ماددەیە فەسلیان کردووە، ئەو تێکەڵاویەی کە هەیە لەماددەی یەکدا لە ئەسڵی پرۆژەکە بەشێوەیەکی تر صیاغەیان کردووە، واتا مادده یەکیان بزری کردووە لە حوکمێکی عام، ئەویش ئەوەیە ئەوانەی کە مەحکومن و لەنێوانیاندا ئاشتبوونەوە کراوە، تەنیا ئەوانەی مەحکوم بە ئیعدام نەبێت، عەفو گشتیەکە بیانگرێتەوە، لە شوێنێکی تردا دەڵێتن ئەوانەی تر نایانگرێتەوە، لە ماددەی یەك بە پێشنیاری ئەوان هاتووە، واتا ئەو ماددەیە کە یەکەم و دووەمی تێدایە دابەش کراوەتە سەر سێ مادده، بەشێکی لێرەیە، بەشێکیشی لە ماددەی یەکە، بەشەکەی تریش لە ماددەی پێنج پێشنیاریان کردووە، کە ئەو عەفووە ئەوانەی خوارەوە ناگرێتەوە، کە لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە، بۆیە مەبدەئەکە کە لە ماددەی یەکدا پێشنیار کراوە، پێشنیاری لیژنەی قانونییە، کە ماددەی یەك تەنیا بەو شێوەیە بێتن کە خوێندرایەوە، جارێکی تر دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی موناقەشە لەسەر پێشنیارەکە بکەن، جارێ ئێوە وەکو مەبدەئی ئەو ماددەیەی کە بۆتە سێ ماددەو، ماددەی یەکەم کە بەم شێوەیە هاتووە موناقەشەی لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، ماددەی یەکەم بە پێشنیاری هەرسێ لیژنەکان (المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

أولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالإعدام. يەعنی ئەوە عەفوی عام دەیانگرێتەوە.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي)، وەکو مەبدەئی ئیستیسنائەکانی تر تێدایە دەیانگرێتەوە، ئەوە دەخەینە موناقەشە لەگەڵ مەسەلەی ڕەئیەکەیان، کە ماددەی یەکەم لە ئەسڵی مەشروعەکە ببێتە دوو سێ مادده، ئەوانەی کە داوای قسەیان کرد بوو، کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە لیژنەی مافی مرۆڤ دوو پێشنیارمان هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، یەكێكیان ئەوەی بوو داوامان كرد بوو ئیعدامەكانیش تەخفیزێك بیانگرێتەوە، ئیعدام نەكرێن و بكرێنە سجنی موئەبەد، ئەوە پێشنیارێك بوو، دیارە لە لیژنەی قانونی وەرنەگیرا، ئێمە پێمان خۆش بوو بێنین لێرە باسی بكەین.

پێشنیاری دووەم/ بەنیسبەت ئەو تاوانانەی كە ئەحداس دەیكات، ئێمە پێمان خۆش بوو تەئكید لەسەر ئەوە بكەینەوە، كە ئەویش موسالەحەی تێدا بێت، چونكە پێمان وایە ئەگەر موسالەحەی تێدا نەبێتن موشكیلەكان قوول دەكاتەوەو چارەسەری كێشەكان ناكات، ئێمە پێمان باش بوو كە دوای ئەوەی موسالەحەی تیا دەكرێت، ئەوجا ئەو عەفووە بەو شێوەیە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوا دەكەم بەڕاستی مەسەلەی عەفوی عام حاڵەتێكی تایبەتە، یاسای پێویست نییە، حاڵەتی تایبەت دائیمەن بڕیاری بۆ دەردەچێت، یاسا ئیستیمراریەتی هەیە بۆ چەند ساڵ، یەعنی ئەمە ئێستا یاسا دەردەكەین بۆ حاڵەتێكی تایبەت، ئەوە حاڵە تایبەتە لە خیلالی مانگێك سەقفی زەمەنیشی بۆ دانراوە كە (60) ڕۆژە، عیلاجیشی دەكرێتن، كەواتە پێویستە بە بڕیار، نەك بە یاسا، لەبەر ئەوەی یاسا ئیستیمراریەتی هەیە، دەكرێت دە ساڵ تر، یان پازدە ساڵی تر ئیش بەو یاسایە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی دەیەم لە ماددەی یەكەم تێبینیەكی بچووكم هەیە، كە دەڵێت تاوانی سێكسی بەزۆر و نێربازی و زینا لەگەڵ مەحرەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی یەكەم نییە، لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی ماددەی یەكەم تەنیا ئەوە بێتن، ئەوەی جەنابت دەڵێی بۆتە ماددەی پێنجەم، كە هاتینە سەر ئەو ماددەیە قسەی بكە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم کاك بەڵێن باسی کرد، من تەئیدی ئەو ڕەئیەی دەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەمە قانونە، وەکو برادەران باسیان کرد، ئەگەر هەر کەسێك ئەو قانونە بخوێنێتەوە، وا تەسەور دەکات کە ئەو قانونە دائیمییە، ئەگەر جێیەکی بۆ بکەنەوە ئیشارەتی بۆ بدەن، چونکە بۆ یەکەم جارە لە هیچ فەقەرەیەك و لە هیچ ماددەیەك نەهاتووە، کە ئەو قانونە بۆ یەك جارە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێکی گرتبێتەوەو داخیلی ئەوە بێت، وا تەسەور دەکات کە دائیمییە، جێیەکی بۆ بکەنەوە، کە ئەو قانونە بۆ یەك جارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو قانونە دەردەکەین بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و بەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵك، کە تێیدا سوودمەند دەبن، من حەز دەکەم دوو قسە بکەم، ئەگەر دوو لایەن سولحیان کرد بێت و کوشتن ڕوویدا بێت، یەعنی بکوژەکە بەپێی پێشنیاری ئێمە عەفو دەکرێت، ئێمە لە شەڕی ناوخۆدا دوو لایەن شەڕمان کرد، دە ساڵە ئاشتیمان کردووە، یازدە ساڵیشە زیاتر لە دەیان کەس بێ سەرو شوێنن، کەسوکاری ئەو بێ سەرو شوێنانە هەموو چاوەڕێی دەکەن، ئومێدێکی زۆریان بەو عەفوە هەیە، کە ئێستا لێرە دەردەچێتن، ئێمە نوێنەری خەڵکین، ئێستا ئاشتی هەیە، سەقامگیری هەیە، ئازادی را دەربڕین، هەموو جۆرێك هەیە، ئەوانەی کە بێ سەرو شوێنیشن هیچ تاوانێکیان نییە، مەبەستیشم نییە ئەو لایەن بێت، یان ئەو لایەنە، هەردوو لایەنەکە هیچ تاوانێکی نییە، تەنیا ئەوەیە ئەندامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانن، یان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانن، ماون ئازاد بکرێن، پێویستە ئێمە لێرە جێیان بۆ بکەینەوەو هەوڵ بدەین، نەماون پێویستە چارەنووسیان دیاری بکرێتن، کەسوکاری ئەو گیراوانە ئەوە یازدە ساڵە لە چاوەڕوانی دانە، ئاشتی بوو، سەقامگیری بوو، هەموو شتێك بوو، لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئەمڕۆ پێ لەسەر ئەو مەسەلەیە دابگرین و، بیر لە چارەسەری ئەو بێ سەرو شوێنانە بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو مەوزوعە، مەوزوعێکی گرنگە، بەڵام ئەوە مەوزوعی بەحسمان نییە، ئەوە مەوزوعێکی گرنگەو موهیمەو ئێمە موهتەمین پێی، ڕەئی عامیش موهتەمە پێی، مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی موهتەمە پێی، بەڵام ئێمە موناقەشەی ئەم مەوزوعەمان نییە، لە زیمنی ئەو قسانەی تۆ ڕەنگە هەندێك هەبێتن لەو عەفووە گشتییە سوودی لێ وەربگرێتن، ئەویتریش دەبێت بە عەفوێکی خاص بە موناقەشەو موداوەلەو باس کردنی دیراسەت بکرێتن و مەوقیفی لێ وەربگیرێت، بەڵام لێرە لەو موناقەشەی ئێمە جێی نییە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو رەئیە دەكەم، كە ئەوانەی مەحكومن بە ئیعدام حوكمەكەیان تەخفیز بكرێت و لەگەڵ پشتگیریم بۆ رەئیەكەی كاك ئاریز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیەكەت باشە، بەڵام هی كاك ئاریز گوتمان جێی نییە، لەبەر ئەوە پشتگیریەكەت ئەویش لە جێی نییە، عەفوم بكە، دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بیرو بۆچونەكەم گوترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش زۆر سوپاست دەكەم، ئینشائەڵلا نموونەت زۆر دەبێت، سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ من پێشنیاری ئەوە دەكەم و پشتگیریش لە پێشنیارەكەی مافی مرۆڤ دەكەم، كە ئەوانەی حوكمی ئیعدامن بەلایەنی كەمەوە ئەو حوكمە ئیعدامەیان لەسەر نەمێنێت و، ببێتە سجنی موئەبەد، ماعەدا لە دواییدا روونی دەكەینەوە كێن ئەوانەی كە ئیستیسنا دەكرێن.

دووەم/ من خاڵێكم هەیە، دەبێت لە ئێستاوە تەسبیت بكرێت، كە باسی موساڵەحە دەكرێت، ئێمە ئەمرۆ لە كوردستاندا كێشەیەكی زۆر گەورەمان هەیە، كە كێشەی ژن كوشتنە لە ژێر ناوی شەرەف، لە دواییدا دێن موساڵەحە دەكەن پارە دەدەن، كچ دەدەن بە شوو، ژن بۆ كوڕ دەهێنن، موساڵەحەی خۆیان دەكەن، حوكمەكەش لەو حاڵەتەدا، ئەگەر نەخرێتە ناو بەندەكانی تردا، ئەوە ئەم عەفوە دەیگرێتەوە، لەو حاڵەتەدا باس نەكراوە، چونكە موساڵەحە بۆ ئەو حاڵەتانەش دەكرێت، كوشتوویەتی و حوكم دراوە، ئێستاش بەو عەفوەی ئێمە دەردەچێت، هیوادارم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە هاتینە سەر ماددەی پێنج وەكو پێشنیارەكەی كاك شێخەڵلا، چونكە ئەوە جێی ماددەی پێنجە، لە ماددەی پێنج ئیزافە كردنی وەكو سزاكان باسی دەكەین، كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر بۆ پشتگیری رەئی لیژنەی مافی مرۆڤ، كە خۆشم ئەندامم تیایدا، سەبارەت بە حوكمی ئیعدام، ئێمە لەو پەرلەمانە تەبعەن بڕیارماندا حوكمی ئیعدام بگەڕێتەوەو كاری پێ بكرێت، لێرەش كە داوا دەكەین

**حوكمی ئیعدامەكانیش تەخفیف بكرێت بۆ سجنی موئەبەد، ئەمە هیچ تەئسیری لەو بڕیارەی رابردوومان ناكات، چونكە عەفو ناكرێت، لەوانەیە سجنی موئەبەدەكە زۆر زۆر ناخۆشتر بێت لە حوكمی ئیعدامەكە، بەڵام عەفوەكە هیچ مانای نامێنێت، ئەگەر هاتوو حوكمی ئیعدامەكان نەگرێتەوە بە تەخفیز، بە بیریشمان دێت لە زەمانی دیكتاتۆری رابردوو عەفوەكانی ئەو ئیعدامیشی دەگرتەوە یەكسەر دەچووە ماڵێ، ئێمە ناڵێین بچێتەوە ماڵێ، ئێمە دەڵێین بیست ساڵی تر بمێنێتەوە لە سجن، بۆ ئەوەی عەفوەكە مانای خۆی هەبێت.**

**بەنیسبەت ئەحداسەكان، منداڵێكی دە ساڵ و، یازدە ساڵ و، دوازدە ساڵ لەو بارودۆخەی لە كۆمەڵگاماندا هەیە ئینحیراف دەكاتن، دزی دەكات، لیواتە دەكات، شتێك دەكات، دوایێ سوڵح دەكاتن لەگەڵ تەرەفی موقابیل جێی خۆیەتی بە چاوی بەزەیی تەماشای بكرێت و، هیچ ئیستیسنایەكی تێدا نەبێتن، جگە لە موساڵەحە، تەنانەت ئەو ئیستیسنائانەی كە باسیش كراون ئیرهاب و قەتل و سەریقەو موخەدەڕات و ئەوانە، ئەوانیش نەیگرێتەوە، تەنها قەیدی موساڵەحەی بۆ دابنرێت، چونكە حەدەسە، موعرەزە بۆ غەڵەت، پێویستی بە رەحم و چاوپۆشی هەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش پشتگیری لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم، بەس بە یەك شتە كە ئەو حوكمەی ئیعدام لێرە بكرێتەوە بە سجنی موئەبەد، بەڵام ئەوەی تاوانی تیرۆری لێرە لێ دەربهێنن، واتا لێرە ئیستیسنائەكە هەر بمێنێتەوە، یەعنی بەیانی، یان دوو بەیانی تاوانی تیرۆری كرد بێت و ئەو حوكمەكەی لە ئیعدام ببێتە سجنی موئەبەد، ئەوەی لێ ئیستیسنا بكەین، ئەوانی تر ببنە سجنی موئەبەد، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عوسمان فەرموو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من بۆ ئەوەم نییە لە ئەهمیەتی لێبوردنەكە كەم بكەمەوە، دەستخۆشی لەو مەجموعە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە دەكەم، كە ئەنجامی ئەو پرۆژەی لێبوردنی گشتیان بە ئەنجام گەیاند، بەڕاستی كارێكی باش بوو، لەبەر ئەوەی یەكەمین جارە لە ئیدارەو پەرلەمانی كوردی عەفوێكی گشتی دەربچێت، بەڵام من بە ئیجماع هەندێ قسەم لەسەر عەفوەكە هەیە، ئەوەیە عەفوەكە باشتر وایە زیاتر خەڵكی بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی تاكە عەفوە، ئیدارەی كوردی لە ماوەی پازدە ساڵی رابردوو یەك عەفو بدات، بیر بكرێتەوە زۆرترین خەڵك بگرێتەوە، پشتگیر رەئی كاك بەڵێنیش دەكەم، بەڕاستی عەفو ناكرێت خاڵ بە خاڵی بە یاسا جێگیر بكرێت،**

چونکە عەفو کاتێکی دیاری کراوەو لە مەرحەلەیەکی موحەددە سەقفێکی زەمنی بۆ دادەنرێت و کۆتایی پێ دێت، ئەوەندە چڕی بکەینەوە لە یاسا، کەواتە عەفوەکە کەس ناگرێتەوە، بۆیە من  پشتگیری دەکەم ئەوەندە چڕی نەکرێتەوە بە یاسا.

خاڵی دووەمم/ ئەوەیە نازانم مەسەلەی سوڵح زۆر مەسەلەن وەکو دەڵێی بۆتە ئەساس لە عەفوەکە، کەسێك ئەگەر سوڵحی مەسەلەن ئەگەر هەژار بێت، کەسوکارەکەی نەتوانێت سوڵحەکەی بۆ بکەن، کەواتە عەفوەکە شمولی ناکات، ئەوە کارێکی زۆر باش نییە، حەقە مەسەلەی سوڵح ئەوەی تا ئێستا کراوە نازانم پاشان وەکو دەڵێ ئەسەری ڕەجعی نەمێنێت، ئەوەی دەوڵەمەندن دەتوانن لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا سوڵحی بکەن، ئەوەی هەژارە ناتوانێت سوڵح بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم مەسەلەی سوڵح نەبێتە ئەساس لەو لێبوردنە گشتییە.

خاڵێکی تر ئەوەیە فیعلەن ئەوانەی بە هەر ناو و بە هەر هۆیەك گیراون، کە چەندین ساڵە، هی وا هەیە شەش مانگە،  یان ساڵێکە، یان دوو ساڵە، یان پێنج ساڵە، باسی هەشت ساڵیش دەکەن خەڵك گیراوە بە هەر ناوێك، بەڕاستی حەقە لێرە مەسیریان دیاری بکرێت، ئەوەی تیرۆرە با بێن لەسەر جادە هەڵیانواسن و ئیعدامیان بکەن، بۆ ئەوەی ببنە عیبرەت بۆ خەڵکی تر، ئەوەی شوبهەیە و ئەوەیە، ئەوانیش عیلاجێکیان بۆ بکرێت و عەفوەکە تۆزێکیان بگرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان لەبەر ئەوەی برا تورکمان و مەسیحیەکانیش لێرەنە، چاکی دەکەمەوە ئیدارەی کوردی نییە، بەڵکو ئیدارەی کوردستانە، دووەمیش/ ئێمە کە عەفوی عام دەربکەین، عەفوی گشتی وەکو دەسەڵاتە، بەڵام ناتوانین لە عەفوی خەڵك خاص دەربکەین، چونکە ئێمە دەسەڵاتمان نییە، چونکە خەڵك دەعوای خاصی هەیە، خەڵکی لێ کوژراوە، ناتوانین لەو حەقەش هینی بکەین، لەبەر ئەوە موساڵەحەکە زەروریەتی تێدا بێت، ئەوە حەقی شەخسی خۆیەتی، تۆ دێیت وەکو دەسەڵات، وەکو قانون لەو عەفوە، عەفوی دەکەیت، ئەی حەقە خاصەکە، بۆیە ئەگەر ئەو قەیدەی تێدا نەبێت، واتا موساڵەحەی تیا نەبێت، ناتوانێت تەوافوق بکات، ئەو حەقە نییە، حەقی مودەعیەکە دەبێت تێدا بێت زۆر زەروریشە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە باسی لێبوردن دەکرێت، یەعنی باسی ئەو کەسانەی کە تاوان و جەریمەیان کردووە، بەڵام ئەگەر کەسێك تاوانی نەبێت پێویستی بە لێبوردن نییە، پرسیار ئەوەیە (المحکومون في جرائم الارهاب) ئەوە پەرلەمان قانونێکی تایبەتی دەرکردووە بۆ مەسەلەی ئیرهاب، مەسەلەی ئیرهاب وازیحەو خەڵك بەر چاو ڕۆشنە، بەڵام کە باسی لە جەریمەی (الماسة بامن الاقلیم الداخلي والخارجي) دەکات، ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەکرێت، پرسیارم لە لیژنەی قانونی ئەوەیە قانونێك هەیە زەوابتی

دانابێت، ئەو شتانە چین کە دژی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمە، بۆ ئەوەی تەئویلە و شتێکی تر هەڵنەگرێت، کە دوایی بەپێی ئەو تەئویلە خەڵکێك ئەو عەفو عامە نایانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەدەفی موشەریع لەهەر قانونێك، لە تەشریعێك، کە دادەنێت، بۆ ئەوەیە کە زۆرترین کەسی ناو کۆمەڵ سوودی لێ وەربگرێت، ئەگەر سوودی لێ وەرنەگرێت بە تەنیا مورەکەب لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە، لێرە ئەم مەشروعە بە قانونی عەفوی عام هاتووە، کە ناوی قانونی عەفوی عام و مانای وایە قانونێکەو ئیستیمراریەتی خۆی وەردەگرێت، من پێم وایە برادەران باسێکیان لەسەر کرد، سەقفێکی زەمەنی لەسەر دابنرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئیجرائاتی یاسای عەفوەکە بهێنرێت.

بەنیسبەت ئیستیسنای مەحکومین بە ئیعدام، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو مەشروعەکە بۆ ماددەی چوار کە لە دوو بڕگە باسی لەسەر کردووە، دەڵێت موسالەحە لە فەقەرە یەك و فەقەرەی سێ واریدە، ئەگەر مودەعی بە حەقی شەخسیەکان تەنازولیان لە حەقەکانی خۆیان کرد، ئیتلاق سەراح دەکرێت فەورەن، لێرە مەحکومەکان بە عام و شامڵتر هاتووە، یەعنی هەموو مەحکومەکان، کەواتە (بما فیهم) ئەوانەش کە عقوبەکانیان ئیعدامە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات ئەم ئیستیسنای ئیعدامە لێرە بمێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بێین بە ئیستیسنائەکانی تر باسی بکەین، ئەوە لە جەریمە خەتەرەکان باسی لەسەر کراوە، جا یان دەبێت ئیعدامەکە لێرە هەڵبگرێت، یاخود ماددەی چوار هێناویەتی بە عام، دەڵێت مەحکومین ئەگەر مودەعی بە حەق شەخسی نەیوتووە لەسەر چ جەریمەیەك، دەڵێت مەحکوم، مەحکومەکە جائیزە قەتلێکی عەمدی 406 کرد بێت، سوڵحی تیا کرا بێت، تەنازولی تیا کرا بێت، ئیتلاق سەراح دەبێت بەم فەقەرەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو مەحکومین بە ئیعدام مەشمول بێت بە شەرتی موسالەحە لە عەفوەکە.

بەنیسبەت ئەحداسیشەوە، من پێم وایە کاك زانا باسێکی لەسەر کرد و لیژنەی مافی مرۆڤیش باسێکیان لەسەر کرد، ئەو ئەحداسانە با لە ئیستیسنائەکان بێنە دەرێ، هەروەکو قەرارەکانی تر، کە چەندەها قەراری تر لە سەرۆکایەتی هەرێم، لە هەر دوو ئیدارە دەرچووە، کاتی خۆی باس لەوە دەکات (عما تبقی من) اعفایان بکەن لە مودەی موتەبەقا لە مەحکومیەکان، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵ و ئەوانە منداڵن، ئەوانە مانەوەیان لە سجن پێ دەچێت ، نەك ئیسلاح ببن، بەڵکو بەرەو خراپتر بڕۆن، با بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی کەسوکاری خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر (المحكومین بالاعدام) هەیە، لەبەر ئەوەی موتلەقە، ئێمە دوێنێ دوو بڕیاری سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەمان هەڵوەشاندەوە، ئەگەر بەم پێیە بێت زۆر كەس هەیە بەو بڕیارانە حوكمی ئیعدامیان بەسەر دراوە، كە وایە لێرە ئەوان ناگرێتەوە، ئینجا ئەگەر بێینەوە برگەكانی تریش، لێرە دیسان باس لە دزی دەكات، لێرەش هەم نایگرێتەوە، بۆیە ئەو ئامانجەی كە ئێمە دوێنێ هەمانبوو، ئەو بڕیارەمان بە ناڕەوا زانی، لە كاتێكی غەیری ئیعتیادی دەرچووە، ئەم عەفوە ئەو كەسانە سوودی لێ نابینن، پێویستە ئاماژەیەك بەوە بدرێت ئەو كەسانەی كە حوكمی ئیعدام دراون بەپێی ئەو دوو بڕیارەی سەرەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش عەفوەكە بیانگرێتەوە.

مولاحەزەی دووەمم/ سەبارەت بە ئەحداس (المحكومون في اقلیم كوردستان)، لێرە (مالم یكون المحكومون عن الجرائم المبینة في الفقرة الاولى من هذه المادة)، مانای وایە ئێمە بۆ خۆمان دەزانین نەوجەوان كەسێكی ناقیص ئەهلیەیە، كە ناقیص ئەهلیە بوو هەر جەریمەیەك لەو جەریمانەی كردووە، كە لێرە قەیدی لەسەر داناوە، دەڵێت دەبێت حوكم نەبێت بەو تاوانانەی كە لێرە ئیشارەی پێ دراوە، كە وایە نەوجەوانێك ئیستیفادە لەمە ناكات لە ئەنجامی ئەوەی كە عەقڵی ناتەواوە، رەنگە جەریمەی موخەدەراتی پێ كرا بێت، رەنگە جەریمەیەكی تری پێ كرا بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بمانەوێت گەنجێك بگەڕێنینەوە ناو كۆمەڵ، تاكو ببێتە ئینسانێكی تەبیعی، پێویستە ئەم پاشكۆیە (مالم یكون) ئەمە لا ببەین، ئەگەر ئەمەی لا نەبەین خۆ (المحكومین)ی سەرەوە كافیە، (المحكومین) منداڵیش دەگرێتەوەو گەورەش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من لەو ماددەیە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا منیش هاودەنگی ئەو بەڕێزانەم، یەكەم جار پێویستە مەبەستی ئێمە دیار بێت لەم یاسایەی كە دەریدەكەین، بۆچی ئێمە هەڵدەستین بەم كارە؟

دووەم/ واتای عەفو شتێكی مەوەقەتە، كاتییە، كە یاسایەك دەردەكەیت عەفوێكی بەردەوام، من وا دەبینم هیچ مانایەك ناگەیەنێت.

سێیەم/ عەفو بۆ کەسێکی تاوانبارە، لەم یاسایە ئەوەندە ئیستیسنائات کراوە، بێ هیواییەك بۆ توێژێکی زۆر دروست دەکەین لە سجنەکاندا، کە گۆڕانکاری ناکەن.

چوارەم/ من پێشنیارێکم هەیە، ئەم عەفوە پەرلەمان بیداتە دەست جیهەیەك، لە کاتێکی دیاری کراودا بیدات، ساڵانە جارێك، دوو ساڵ جارێك ئەم عەفوە بدرێت، نەك ببێت بە یاسایەك و بەردەوام بێت، ئەم نیسبەیەش کە دیاری کراوە لە 30٪ زۆر مانایەکی تەواو نادات بە قەناعەتی من، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم عەفوە کە دەدرێت بەشێکی زۆر لە زیندانیەکان بگرێتەوە، چونکە هەمیشە ئەوە گوتراوە ئینسان عەفوی لەبەرامبەر تاوانێك پێویستە.

خاڵێکی تر، بەڕاستی دەبێت ئێمە ئاگامان لێ بێت لە چواردە ساڵی رابردوودا، لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵێك خەڵك حوکم دراوە، ئیجحاف بەرامبەری کراوە، ئا لەم کاتەدا خۆزگە دەخوازین بیکەینە خاڵێکی وەرچەرخان، پەرلەمانی کوردستان، یان سەلاحیەتی بدەین بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان عەفوێکی گشتی دەربکات، تاکو رێژەیەکی زۆر لە زیندانیان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوڕاو پشتگیری لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم، کە خۆشم ئەندامم لە لیژنەکە، بەڕاستی ناکرێت نەوجەوانان تاکو ئەو تەمەنەی لە خوارووی هەژدە ساڵەوەن لێرە بەدەر بکرێن، رەگەزێك، یان چینێك لەم یاسایە ئاماژەی پێ نەدراوە، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە کوردستاندا جیاوازی بیرو رای سیاسی هەیە، هەندێك خەڵك هەیە بەند کراون لەو روانگەشەوە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی پێ نەدراوە لەم یاسایەدا، بۆیە دەکرێت ئەم یاسایە زۆر لایەنی ژیانی خەڵك بگرێتەوەو، ئەوەشمان هەیە ئێمە لە هەلومەرجێکی نالەباردا، یان لەبەرامبەر کۆمەڵێك تاوانی تیرۆردا جارێکی تر یاسای لە سێدارەدان هاتەوە ناو یاساکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش پێشینەیەکی کورتە لە دەسەلاتداری کوردیدا، ئەمەی گەڕاندۆتەوە، بۆیە بە هەموو جۆرێك لەگەڵ ئەو رایانەم، کە پشتگیری لەوە دەکەین ئەوانەی بەم تاوانە فەرمانی لە سێدارەدانیان هەیە بە بەر رەحمەتی ئەم لێبوردنە بکەون، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە سێدارەدانی بکرێت بە سجنی هەتاهەتایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە نەتیجەی موناقەشەو ئەوانە وشەیەك کە زۆربەتان قسەتان لەسەر کرد بوو، خاڵی نیزامە کاك عەبدولڕەحمان جەنابت داوای قسەت کرد بوو، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەی یەکەمم بۆچوونی من وایە و، تێگەیشتنشم بۆ ئەندامانی پەرلەمان وایە، کە ئەم پرس و پرۆژەی عەفوە بە بەرنامەیەکی فراوانتر ئێمە لێی تێگەیشتووین پێشتر، کە باسی لێوە کرا، تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، تەنانەت لیژنە پەیوەندیدارەکانیش ئیشیان لەسەر کردو، چاوەڕوانی ئێمەش کە میدیاکان وایان باس کرد، کە ئەم پرۆژەیە فراوان بێت، ئێستا باسی سوڵح دەکات، سوڵحەکەش نازانین چی دەگرێتەوە، ئایا سوڵحە بۆ قەتلێکی عەمد؟ ئایا سوڵحە بۆچی؟ پاشان هەندێك جانبی تریش هەیە بۆ عەفو، کە وەك بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، نە ئیرهابە، نە شتی تریشە، کابرا بە موزاهەرەیەك گیراوە، بە راپۆرتێکی هەڵە گیراوە، شەش مانگ بەرەو ژوورە، مەحاکمە نەکراوە، بۆچی ئەمانەی تیا نییە، مەسەلەن ئەم پرۆژەیە، پێشنیارەکانیش بە هەند وەربگیرێن باشە، مولاحەزەیەکی تریشم بۆ فەقەرەکانی تر ناو نووسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت لە مەوزوعەکە دەرچوویت، ئێمە ماددەی یەك موناقەشە دەکەین، جەنابت قانونەکە هەموو موناقەشە دەکەیت، هەندێکیشتان زۆر نوقاتان گوت لە ماددەی دوو هاتووە، لە ماددەی پێنج هاتووە، ناکرێتن، دوایێ لەوێ دووبارەی دەکەنەوە، بەڕاستی کاتەکەمان زۆر بەلاش دەڕواتن، تکام وایە لە ماددەکە دەرمەچن، ئەوە یەك.

مولاحەزەی دووەمم/ ئێمە موناقەشەی پرۆژەیەك دەکەین، پرۆژەکە تایبەتە، دەمێکە لەناو میدیاکان باسی دەکرێتن، ئێمە عیلاقەمان نییە رۆژنامەیەك مانشێتێك دەنووسێتن، یەکێك تەسریحێك دەدات خارجی ئەوانەی کە موختەسن تەسریحی لەسەر بدەن، وەزارەتی دادە، پەرلەمانە، ئەوانە کە قسە دەکەن قەیدی ناکات، بەڵام یەکێك بە کەیفی خۆی مانشێتێك دەنووسێتن، مەسئوولیەتی ئێمە نییە، دووەمینش/ ئەو لێبوردنە گشتییە لەبەر رۆشنایی دیراسەتێك کراوە، ئەم دیراسەتە دەقیق بووە، ئەندامانی لیژنەی یاسایی و خەڵکی تر، پسپۆری تر بەراورد کراوەو رەئی وەزارەتی داد وەرگیراوە لەسەری، رەئی ئەکسەریەتی خەڵکی حاکم و ئەندامانی مەحکەمەی تەمیز وەرگیراوە، یەعنی لەبەر ئەوەی دیراسەتێکی زۆر دەقیق کراوەو چ ئیمکان هەیە دەکرێتن، ئەگەرنا هەریەك لە ئێوەو هەر یەك لە ئێمە رەنگە لەخەیاڵیدا نەوعێك عەفوەکە ببینێت، ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە خەیاڵیەتی، ناکرێتن هەر یەکێك لە ئێمە بێتن، ئێستا مومکنیە من یەکێك دەناسم لە خەیاڵمدا بێتن بیر بکەمەوە ئەوانە شمولیان ناکاتن، صیغەیەك پەیدا بکەم بۆ ئەوەی شمولیان بکاتن، بەو شێوەیە موناقەشەی ناکەین بەڕاستی، ئەوەی دوو مولاحەزەی گرنگ درا بە حەقیقەت زیاتر لە چوار، پێنج، شەش ئەندامیش تەئکیدیان لەسەر کردەوە، بۆیە منیش داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم بە هەندی وەربگرن، یەکێکیان ئەوەیە ئیستیسنائەکەی مەحکومە بە ئیعدام صیغەکە ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بکەین، بڵێین فەقەرەیەك لە ماددەی یەکەم (تخفیض عقوبة المحکومین بالاعدام في

القضايا التي تتم المصالحة، او تمت المصالحة عليها بين اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، ئەوانە عەفو دەكرێن لەبەر رۆشنایی موداخەلەو داوای ئێوە، ئەو فەقەرەیە ئەگەر عقوبەی ئیعدامەکە تێدا بێت، چونکە بەڕاستی هەندێك حاڵەت هەیە صاحێبی حەقی شەخسی قەت ئیمکان نییە، قەبول ناکاتن، تەنازول ناکاتن، ئێمەش ناتوانین دەستکاری بکەین، پێش ماوەیەك دوو گەنج هاتنە لام، کچێك و کوڕێك هاتنە لام گوتیان قاتلی باوکمان و خوشکمان حوکمی ئیعدام دراوە، داوا دەکەین تەنفیز بکرێتن، ماڵی هەموو کوردستانیشمان لەسەر تاپۆ بکاتن نامانەوێتن، چونکە لەسەر قەزایەی شەرەفێك بووە، هیچ مانای نەبووە، هەم باوکمی کوشتووەو براکەمی کوشتووە، هەم کچەکەش خۆی کوشتووە، لەبەر ئەوەی قەزایەی وا ئەگەر خاوەنەکەی تەنازول نەکاتن، دوایێ بێتە دەرێ دەیکوژن، بێجگە لەوەی ئێمە حەقمان نییە حەقی شەخسی خەڵك ئەوە بکەین، بێتە دەرێ مانای وایە تۆ ئەسبابی جەریمەت هێنایە دەرێ، ئەو صیغەیە باشە لەبەر رۆشنایی موداخەلەی ئێوە.

خاڵێکی تر کە ئاماژەتان پێ کرد خۆی بەدیهییە، ئەو قانونە حەتمەن مودەی هەیە، خۆ هەتا دنیایێ نییە، خەڵکێك سبەینێ تاوانێك بکاتن بڵێ عەفوێك هەیە دەمگرێتەوە، دەبێت صیغەیەك ئیزافە بکرێتن لیژنەی قانونی ئینتیباهی بکەن بڵێن ئەو قانونە ئەو کەسانە شمول دەکات پێش صدوری ئەو قانونە، ئەو جەریمانە کرا بن، یەعنی ئەو قانونە ئەمڕۆ ئیصدار کراوەو لێرە ئیقرار کرا سبەینێ یەکێك تاوانێ بکاتن نایگرێتەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (153) لە قانونی عقوباتی عێراقی باسی عقوبەی عەفوی عام دەکات، کە چۆن دەردێت و بە چ شێوەیەك بۆ جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان دەخوێنمەوە:

المادة 153 على واحد: العفو العام يصدر بقانون ويترتب عليه انقضاء الدعوى ومحو حكم الادانة الذي يكون قد صدر فيها وسقوط جميع العقوبات الاصلية والتبعية والتكميلية والتدابير الاحترازية ولا يكون له اثر على ماسبق تنفيذه من العقوبات مالم ينص قانون العفو على ذلك) مانای وایە یەکەم دەبێت قانونی عەفو بە قانون دەربێت، نەك بە قەرار وەکو هەندێك برادەران دەڵێن، کە ئیشارەتیان پێدا.

دوو/ قانونی عەفوی عام قانونێکی وەقتیە، مەبەدەئێکی عالەمییە، هەر عەفو عامێك دەربچێت بە بەردەوامی نابێت.

سێیەم/ ئێمە لە دوو ماددە ئیشارەتمان پێداوە، یەکەم لە ماددەی شەشەم لە ئاخیر پرۆژە لە راپۆرت نووسراوە ئیشارەتمان پێداوە لە ماوەی (60) رۆژ دەبێت هەر کەسێك ئەگەر نیازی پێکهاتن هەیە، پێکهاتنەکە تەسبیت بکرێت هەتا مەشمول بکرێت بەو عەفوە، بێجگە لەوەش لەماددەی دەیەم هەر گوتمان ئەو لیژنەیەی کە تەشکیل کراوە بە تەنسیبی وەزیر عەدل ئیشەکانی خۆی تەواو دەکاتن لەماوەی نۆوەت

رۆژ، واتا ئەو دوو ماددەیە بە تەئكید تەسبیتی ئەوەی دەكات كە ئەو قانونە قانونێكی وەقتییە ئیستیمراریەتی نییە، بە تەواو بوونی مودەكە قانونەكە مەفعولی نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو روون كردنەوەیە باشە، بەلاّم كاك عەونی ئەو صیغەیە، ئەو فەقەرەیە بنووسرێت باشترەو تەئكیدە ئاخیر ماددە بلّێ ئەو كەسانە شمول دەكات كە لە كاتی ئیصداری ئەو قانونە مەحكوم بووە، ئەو صیغەیە بنووسرێتن، تەئكیدە بۆ قانونی پێشوو، كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی مولاحەزەی یەكەم كاك عەونی وەلاّمی دایەوە، مولاحەزەی دووەم/ تەخفیزی عقوبەی ئیعدام بۆ سجنی موئەبەد ئەوە لە زیمنی عەفوی خاصە لە دەسەلاّتی سەرۆكی هەرێمە، بەلاّم جائیزیشە داخیلی ئێرە بكرێت، بەلاّم هەر حالّەتێكی ئیعدامیش بەڕاستی قابیلی تەخفیز نییە، ئەگەر بە عام دەربچێتن، ئەوە تەنها ویستم بۆ ئێوەی بەڕێز روون بكەمەوە، رەنگە هەندێك حوكم دراون بە ئیعدام قابیلی تەخفیز بن، بەلاّم هەندێكیان قابیلی تەخفیز نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابت خۆت رەئیسی لیژنەی قانونی، بەلاّم هەندێك شت قابیلی تەخفیز نییە، ئەوە ئیشارەتمان پێ كردووە، یەكەم شت موسالّەحەی تیا نەكراوە، دووەم شت لە ماددەی پێنجدا ئەو هەمووانە موستەسنان نایانگرێتەوە، دە حالّەتی موستەسنین بە حەقیقەت بە تەئكید وایە، بەلاّم موستەسنایە، ئەمە لە ماددەی پێنج نووسراوە، دەلّێت هەموو ئەو تەخفیزە ئەو عقوبەیە ئەو كەسانەی خوارەوە ناگرێتەوە، ئەوەی جەریمەی تیرۆریستی كردووە، ئەوەی جەریمەی قەتلی ئەجانبی كردووە، ئەوەی دزی كردووە كوشتنی تێدا هەبووە، ئەوەی موخەدەراتە، ئەوەی كە هاتینە سەری باسی دەكەین، پێم باشە كاك عەونی ماددەی یەكەم بیكەنە (اولاً وثانیاً وثالثاً)، (ثالثاً: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضاية التي تتم المصالحة علیها بین اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، تەبعەن دائیمەن تەئكید دەكەمەوە كە ئیستیسنائەكەتان لە بیر بێت، وەنەبێت خەلّك وا تەسەور بكاتن لە ماددەی تردا دەلّێن ئەوانە موستەسنین، ئەگەر بخوێنیەوە بۆ ئەوەی ماددەكە (تخفض عقوبة المحكومین بالاعدام في القضایا التي تتم المصالحة علیها بین اطرافها امام القضاء الى الحكم المؤبد)، ئێستا ماددەكە بووە سێ خالّ، تكایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: یعفى عفواً عاماً:

اولاً: المحكومون في القضایا التي تتم المصالحة بین اطرافها امام القضاء.

ثانیاً: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضایا التي تتم المصالحة بین اطرافها الى السجن المؤبد.

ثالثاً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دووەمینیان، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە ئەوەش موسالّحەی تێدا بێت، ئینجا عەفوەکە بیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخیر زۆریان داوایان کرد عقوبەی ئیعدامەکە ببێتە سجنی موئەبەد، پێشنیارێك هەیە، پێشنیارەکەش تەکنیکی، فەنییە، ئەو تەخفیزی عقوبەیە لە ئیعدام بۆ سجنی موئەبەد ببێتە ماددەی دوو، ئینجا لەبەر ئەوەی ماددەی یەك وەکو خۆی هەیە، بیخوێنەوە، ئینجا کە ماددەی دووش موناقەشەی لەسەر کراوە ئەویش دەخوێنینەوە یەکە یەکە دەنگدانی لەسەر دەکەین، تکایە ماددەی یەك بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً:

اولاً: المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء.

ثانياً: الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تکایە ماددەی دووەم بخوێنەوە بەو مولاحەزەی تازە دایان، ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێتن، ئەسڵی ماددەکە بخوێنەوە، یان هەر تەکمیلەی ماددەی یەکەمە، ئێستا بخوێنەوە، یەعنی ماددەی یەك لە ئەسڵی پرۆژەکە خوێندرایەوە، تەقسیم کرا بوو بەو شێوەیەی خوارەوە، ماددەی یەك خوێندرایەوە، دیسان پێشنیاری لیژنەی قانونی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ بۆ تەکمیلەی ماددەی یەکی ئەسڵی، ئەو ماددەی دوو بخوێنەوە، ئەسڵەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ثانية: تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء الى السجن المؤبد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەشیان پێشنیاری خۆتانە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم لە ئەسڵی پرۆژەکە.

ماددەی دووەم: ماوەی سزای ئەو بەندکراوانەی لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی دان لە هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە بەڕێژەی 30٪ لەو سزا سەرەکیەی بەسەریاندا سەپێنراوەو، ماوە کەمکراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لە فەرمانگەی چاکسازی بەسەریان بردووە، بۆ ئامانجی ئازادکردنی مەرجدار. ئەو بەندکراوانەی لەسەر تاوانەکانی کە لە ماددەی یەکەمدا هاتوون بەدەر دەکرێن لە حوکمەکانی ئەم کەمکردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك عەونی شەرحێکی بکە، تێ نەگەیشتین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە باسی ئەوە دەکات، کە مودەی مەحکومیەت هی هەر کەسانێك لە سجن کەم دەبێتەوە لە (30٪) لەو ماوەیەی کە حوکمیان لەسەر دەرچووەو، ئەو ماوەیەی کە مەشمولە بەو قەرارەی عەفوە کە کەم دەبێتەوە ئیعتیبار دەکرێت بە مودەی موخەفەزە بۆ ئەغرازی تەتبیقی قانونی ئەحکامی ئیفراجی شەرتی لەسەری، واتا ئیستیفادە لە دوو حاڵەت دەکات، یەك لە کەم کردنەوەی مودەکە، دووەمین لە قانونی ئیفراجی شەرتی.

ماددەی 331 لە قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائی سەبارەت بە ئیفراجی شەرتی دەڵێت (يجوز الافراج افراجاً شرطياً وفق احكام هذا القانون عن المحكوم عليه بعقوبة اصلية سالبة للحرية اذا امضى ثلاثة ارباع مدتها، او ثلثيها اذا كان حدثاً وتبين للمحكمة انه استقام سيرة وحسنت سلوكه على ان لا تقل المدة التي امضاها عن ستة اشهر، واذا كانت العقوبات الصادرة بالتعاقب فتحسب المدة على اساس مجموعها مهما بلغ ولو تجاوزت الحد الاعلى لما ينفذ منها قانوناً وتحسب من مدة العقوبة التي نفذت مدة التوقيف الجاري عن نفس الدعوى التي صدرت فيها العقوبة واذا سقطت جزء من العقوبة بالعفو الخاص، او العام فتعتبر المدة المتبقية منها بمثابة العقوبة نفسها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کەریم بەحری کە خوێندیەوە، ئێمە مادام راپۆرتی لیژنەی یاساییمان کردووە بە ئەساسی موناقەشە کردن، ئەم بەندەی کە ئێستا ئەو خوێندیەوە بە ماددە دووی خوێندەوە، هەر چەند سەیر دەکەم لە هیچ کوێیەکی ئەم راپۆرتەدا نییە، بەڵام لە ئەسڵی مەشروعەکە ماددەی یەکە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا خۆی سەعاتێكە موناقەشە دەكەین بووە بە پێشنیار دەنگمان بۆ داوە، پێشنیاری خۆتانە، لە نەتیجەی موناقەشە صیاغەمان كرد، ئەوەش تەسەلسولی وای لێ هاتووە، گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، فەرمووو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی مەشروعەكە راستە بەو شێوەیەی سۆزان خان وتی، بەلآم ئێمە دوێنێ راپۆرتی لیژنەی یاساییمان كرد بە ئەساس بۆ موناقەشە كردن، بۆیە ئێستا ئێمە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنینەوە، لە لای هەمووتان هەیە راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئەسڵی مەشروعەكە نا، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بۆتە ئەساس بۆ موناقەشە كردن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئیشكالەكە لە كێیە بە حەقیقەت با من پێت بڵێم، ئیشكالەكە لەوەیە دوێنێ ئەو سێ لیژنەیەی كە كۆبوونەوە مەشروعێكی تریان دارشتووە، غەیری ئەو مەشروعەی كە ئێمە موناقەشەی لەسەر دەكەین، رەقەمی ماددەكان گۆڕاوە، رەقمی فەقەرەكان گۆڕاوە، ئێستا مشەوەشیەكە لەوەیە، رەنگە ئەوەی یاساناس بێت زوو مەسەلەكە حەسم بكات، بەلآم ئەوانی تر بە قەناعەتی من هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقیانە ئیلتیباسەكە لەوێیە، ئێستا ئەوان بە دوو مەشروع دەخوێننەوە، مەشروعی یەكەم دەبینن ماددەی یەكەم فلان ماددەیە، بەلآم كە تەماشای مەشروعی دووەم دەكەن جێگۆڕ كراوە ئەو مەشروعە ناگرێتەوە، ناتوانێت رەئی خۆی لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سۆزان خان كە دەڵێت كام ماددەیە، ماددەكە ژمارەی ماددە دووە (تخفض مدة عقوبة المحكوم بها)، لە ئەسڵی پرۆژەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفوەن ئەو نوسخەی لە لای من هەیە ئەوە نییە، داوای لێبوردن دەکەم نوقتەکەم زۆر بێ نیزامی بوو با ئیعتیراف بکەم، ئەو مەشروعەی لە لای من هەیە ئەو ماددەی دووەمی تیا نییە، کە هاتووە ماددە شەش و حەوتی تیایە، لەبەر ئەوە من داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی نوێی لیژنەکەتان نەخوێندەوە، کە دوێنێ قسەمان لەسەر کرد، ڕەئیە نوێیەکەتان نەخوێندەوە، ئەوەی کاك کەریم خوێندیەوە لێرە تەصدیق کرا بوو، بۆیە ڕەئیە نوێیەکە نەخوێندرایەوە، تکایە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ کە ئەو خیلافە بوو سەبەبی تەئجیلەکە بوو، خۆتان دەنگتاندا کە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی یاسایی کە دوێنێ خوێندرایەوە ببێتە پرۆژە ئەسڵەکە، یەعنی ئەوەی ئەسڵی تەقدیم کرا بوو بەناوی چەند ئەندامێك، ئەوەنا، ڕاپۆرتەکەی دوێنێ بووە ئەساس، دواتر ڕەئی سێ لیژنەکان ڕەئی موناقەشەیە، یەعنی پێشنیاری تازەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کە دوێنێ بووە ئەسڵی مەشروعەکە، فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەفروزە هەر قانونێك موناقەشە دەکرێت، دەبێت لەبەردەمی ئەندامان هەبێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەمە شتێکی مەسیرییە، چارەنووسسازە، ئەگەر دەست هەڵبڕم بۆ شتێك هیچی لێی حاڵی نەبم گوناهێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم من سێ جۆرم لەبەر دەستم دایە، کە کاك شێروان و کاك تاریقیش هاوکارن فریا ناکەوین تاکو بزانین کامیان حەقیقەتەکەیە، ساڵانمان خەیاندووە، ڕۆژانیش بخایەنین، ئێستا یاسای وەرزش و لاوان ئامادەیە و موناقەشەی ئەو بکەین، ئەمەشیان تاخیر بکەین بۆ هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی مافی حەقیقی بدەینێ لە رووی زمانەوانییەوە بە کوردی و بە عەرەبیش ئامادە بکرێت، دوا پێشنیار چیە بخرێتە بەردەم ئەندامان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە مەرفوزە، لەبەر ئەوەی زۆر موناقەشەمان لەسەر کردووە، هەموو جار هەر تەئجیل بکرێت و بڕۆین هەمان پرۆژەیە، هەندێك ئەندام حەقیانە تێی ناگات، ئەوە مانای ئەوە نییە تەئجیلی بکەین بۆ هەفتەیەکی تر، هەفتەیەکی تر دوو کەس هەڵدەستێتەوە بە هەمان شێوە لێمان دەشێوێنێتەوە، ئێمە

خۆمان تاخیر بووینە، پرۆژەیەکی زۆریشمان لە پێشە، چوار ئەندام، پێنج ئەندام فریای ناکەوێتن، ئەوە ناتوانین، پرۆژەی دوێنێ قەرارتان لەسەردا، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بوو بە ئەساسی پرۆژەکە، تەقریری ئەو سێ لیژنەیە ئەمرۆ تەقریری لیژنەی یاساییە، یەعنی ئەوەی دوێنێ خوێندتانەوە بووە ئەسڵی مەشروعەکە، ئەوەی دەخوێندرێتەوە رەئی لیژنەکەی تازەیە، کە هەرسێ لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ پێشنیاری تازەیەو موناقەشە دەکرێتن، ئێستا ئەو ماددەیە بخوێنەوە بۆ ئەوەی دەرگای موناقەشە بکەینەوە، ئەوەی دوێنێ بخوێنەوە لە لیژنەکەتان، خوێندراوە، باشە موقتەرەحی تازەتان چییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم بوو بە ماددەی سێیەم.

المادة الثالثة: تخفض مدة عقوبة المحكوم بها للنزلاء في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم والتي لم تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ماوەی سزای ئەو بەندکراوانەی لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتیدان لە هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە بەڕێژەی 30٪ لەو سزا سەرەکیەی بەسەریاندا سەپێنراوەو، ماوە کەمکراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لە فەرمانگەی چاکسازی بەسەریان بردووە، بۆ ئامانجی ئازادکردنی مەرجدار. بە مەرجێك ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بێت لەبەردەم دادگادا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوانەی کە دەنگمان لەسەردا عەفو بکرێن بە مەرجێك ئاشتبوونەوەی تیا بێت، ئەوەی ئاشتبوونەوەی نەکرێت پێشنیارەکەی ئێوە لە (30٪) کەم بێتەوە بە ئیستیسنای ئەو جەریمانەی کە لەماددەی پێنجدا هاتووە، دواتر بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێتن، پێم وایە رۆتینە موناقەشە زۆر هەڵناگرێت، ئەگەر هاوکاریمان بکەن، فەرمووو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەپێی ئەو پێشنیارانەی ئێمە زۆر کەس ئەو لێبوردنی گشتییە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی حوکمی هەتاهەتایی دران ئەوانە ناگرێتەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێت بە دوو بەند، بەندێك زیاد بکرێت ئەوانەی حوکمی هەتاهەتاییان هەیە بۆیان بکرێت بە بیست ساڵ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەو حاڵەتانە، حاڵەتێكی موحەدەد هەیە بەدەر لە قەوانینی عێراقی لە زەمانی بریمەر هەندێك كەس مەحكوم كراوە، ئەوە دەبێت بە پرۆژەیەكی خاص ئەو حاڵەتانەی چارەسەر بكرێت، نەك لێرە، لیژنەی قانونی و ئەوانە شارەزان لەو مەوزوعەدا پرۆژەیەك حازر بكەن و چارەسەری ئەوە بكەن، ئەگەر لە زیمنی ئێرە داخیلی بكەن ئالۆزی دەكات و تێكەڵ و پێكەڵیشی تێدا پەیدا دەبێتن، ئەو حاڵەتە تایبەتە باشترە بە پرۆژەیەكی خاص موعالەجە بكرێتن، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیا من ئەڤ كەمكردنا شامل بت چ ئیستیسنای تێدا نەبێت، هەمیان بگرێت باشترە، ئەوێ قاتل یەكێ بكوژت دێ ئەڤرۆكە دەچێتە ماڵێ خۆ، یەدی بەس ئیستیفادە نەهێتە خوارێ دەهـ دیناری دزیە، ئەوی دیكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سالم ئەو لە (30٪)یە جارێكی تر شەرحی دەكەم دوو شت، یەكێكیان ئەوانەی كە موساڵەحەیان نەكردووە، دەیانگرێتەوە، هەمان ئەو مەحكومانەی كە موساڵەحەیان نەكردووە یەك دەیانگرێتەوە، ئەوانەی ئەو تاوانانەی خوارەوەیان نەكردووە دەیانگرێتەوە، كە لە ماددەی پێنج هاتووە كە لە یەك و دوو و هەتا دە پێشنیاری لیژنەیە، لەبەر ئەوە زۆر وازیحە، عەفو عامەكە ئەوەی موساڵەحەی دەكەن شەرح كرا دەنگمان بۆدا، ئەوەی موساڵەحە ناكەن لە (30٪) تەخفیز بكرێت، یەعنی زۆر شتێكی وازیحە، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم كەمێكیش باس كرا، ئەوانەی لە ئیعدامەوە حوكمەكەیان بۆتە سجنی ئەبەدی، ئەوە پرسیارەكەمە ئەو لە (30٪)یە شمولیان دەكات لە تەخفیفی حوكمەكەیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناكەم، شمولیان ناكات وا نییە كاك عەونی، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ویستم عەرزی جەنابتان بكەم كاك ئارێز باسی لەسەر كردو كاك عەونیش تەلیحێكیدا، چونكە لێرە فەراغێكی قانونی لەسەر ئەو كەسانەی حوكمی هەتاهەتاییە، ئەوە دیارە بڕیارتان لەسەر ئەوەیە كە بە مەشروعێكی تر بێتن، چونكە پێویستە ئەوانیش سوود لەو عەفوە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم موناقەشە تەواو، كاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە باسی ئیفراجی شەرتی هاتووە، ئیفراجی شەرتی ئەو كەسانە ناگرێتەوە، كە موشەڕیعی عێراقی باسی دەكاتن، لە ئوسولی مەحاكماتی عەسكەری، ئەوانەی كە لەسەر جلكی عەسكەرییینە، چ پێشمەرگە بێت، یان سەر بە جلكێكی عەسكەری بێت، ئەو ئیفراجی شەرتی نایانگرێتەوە، دوایێ لە دائیرەی چاكسازی ئەو نەوعە چاكسازیە ئیسلاحیە لێرە نییە، تاكو قانونی ئیفراجی شەرتی بەسەردا تەتبیق بكەیت، كە موتابەعەی سجنەكان بكرێت، ئایا ئەخلاقی چاك بووە، یان چاك نەبووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانە حاڵەتێكی وجودی هەیە ئێستا لە هەموو مەحاكمەكان، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم بووە بە ماددەی چوارەم.

ماددەی چوارەم: ڕێكارە یاساییەكان بەشێوەیەكی گشتی رادەگیرێن، لە قۆناغی لێكۆڵینەوەو دادگایی كردن لە گشت ئەوتاوانانەی روویان داوە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەگەر ئاشتەوایی كرابێت، یان بكرێت، لە نێوان لایەنەكانی لەبەردەم دادگا، جگە لەو تاوانانەی بەدەر كراون لەحوكمەكانی ئەم یاساییەو كە لە ماددەی یەكەمدا هاتوون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی خۆی ئەو ماددەیە من پێم وایە زیادە، تۆ عەفو دەردەهێنی لەسەر ئەو كەسانەی كە حوكم دراون، باشە بۆ باسی مەوقوف دەكەیت، ئیجرائات بۆ رابگیرێت، من مەترسیەكەم لەوە دابوو ماددەی پێنجەم لە ئەسڵدا ئیستیسنائەكان ئەوە نەكاتن، كاك عەونی دەڵێت لە هەموو قەوانینی عەفوی عام بەو صیغەیە هاتووە، شەرحی كرد با بۆ ئێوەش شەرحی بكات، فەرموو كاك عەونی پێشنیاری سێ لیژنەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: توقف الأجراءات القانونية بشكل نهائي في مرحلتي التحقيق والمحاكمة في جميع الجرائم الواقعة قبل تاريخ صدور هذا القانون اذا تمت او تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء.

بۆ زیاتر تەوزیح کردن، تەبعەن کێشە هەیە لەوانەیە ئێستا لە مەرکزی شورتە، یان لە محکەمەیە، یان لە پێش حاکم تەحقیقە، یان لە موحاکەمەیە، بەلاّم قەراری مەحکەمەی لەسەر دەرنەچووە، ئەوانە ئیجرائاتی قانونیان لەسەر رادەگیرێت، حوکم دەرنەچووە ناتوانین بڵێین مەشمولن بە عەفو، لەبەر ئەوە ئەو عیبارەتە بەکار دێت، چونکە عیبارەتێکی قانونی دەقیقە، (تقف الاجراءات)، لەبەر ئەوەی مەحکوم نینە، موتەهەمن، مەعلوم نییە عەجەبە ئیفراج دەکرێن، ئیدانە دەکرێن، ئەو قەزایانەش مەشمولن بە شەرتێك موساڵەحەی لەگەڵدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور قسەی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ بوونی ئەو ماددەیە نیمە لەو یاسایە، لەبەر ئەوەی کەسێك دزی کردووە، کەسێك پیاوی لێ کوشتووی، یەعنی یەکسەر تۆ هەموو شتێك رابگریت، راستە ئەگەر موساڵەحە کرا بێت، بەس تۆ هەموو شتێك رادەگریت، یەعنی تەحقیق رادەگریت، مەحکەمەی رادەگریت، مەشمولی دەکەیت بەوە، هەیە سێ ساڵ پێش ئێستاکە شەخسیشی لێ کوشتووە، تازە دەگیرێتن، هەیە ساڵێك پێش ئێستا دزییەکی لێ کردووی، ئێستا دەگیرێتن، یەعنی بەڕاستی ئەوە رەوای حەق نییە، ئەگەر بکرێتن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتن، من پێشنیاری ئیلغا بوونی ئەو ماددەیە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بیدایەتەوە خۆشم رەئیم وابوو، بەلاّم لیژنەی قانونی کە ئەو تەوزیحەیان دا، بەتایبەتی لەوەی کە ماددەی پێنج، یەعنی ئەو ماددانەی پێشتر ئەوەی کە ئێستا خوێندیەوە، ئەو قەزایانەی خوارەوە ناگرێتەوە (ئیرهاب، قەتلی ئەجنەبی، سەریقە، موخەدەرات....) نایانگرێتەوە، کەواتە ئەوانەی خەتەرن لەسەر کۆمەڵگا نایانگرێتەوە کە هاتووە، بێجگە لەوەش کە پێشنیارێکی تر هەیە ئیزافەی بکەن، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە زۆر مەنتیقی و زۆر سەلیمە بە قەناعەتی من، لەبەر ئەوەی ئێمە مەحکومەمان عەفو کردووە بەو ئیستیسنائاتەی کە هاتووە تەبیعییە، مەوقوفیش عەفو بکەین بە دوو شەرت، یەك/ موستەسنا بێتن، دووش/ موساڵەحەی تیا بێت، ئەوانە زۆر تەبعییەو زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو شەرتە وازیحە لەبیری نەکەین زۆر شتەکان رێك و پێك هاتووە، بەلاّم کە هاتینە سەر ماددەی پێنج دەبێت هینەکەی بگۆڕین، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر، هەر

له زیمنی ئەوە دویێنێ تێدا نەبووە، بەلاّم ماددەیەکی تر پێشنیارە لە لایەن هەرسێ لیژنەوە خراوەتە ئێرە، ئەو پێشنیارە تازەیە کە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا نییە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە لە لای منیش روون بۆوە، کە پێشتر لە لام روون نەبوو، ئەو موخالەفاتە کێ دەگرێتەوەو چەندە مەحکومیەتیان، بەپێی قانون ئەو جەریمەی پێی دەڵێن موخالەفە ئەوەی لە بیست و چوار سەعات دەست پێ دەکات تا سێ مانگ، غەرامەکەشی لە سی دینار و ئەمانە، یەعنی شتێکی بەسیتە و هیچ نییە، من وامزانی رەنگە موخالەفاتی قانون چوار ساڵ و ئەوانە بێتن، بۆیە ئەگەر سێ مانگ بێتن تەحصیل حاصلەو شتێکی تەبیعیە، لە قانوندا شەرحی کردووە موخالەفات حوکمەکەی، بۆیە شتێکی تەبیعیە، ئەگەر موناقەشەتان نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، بەڵێ عەفو عام بگرێتەوە لەبەر ئەوەی موخالەفاتەکان ئەوەلەن حوکمەکەی لە سێ مانگ زیاتر نییە، خاتوو ڤیان دەنگی بۆ مەدە چی تێدایە، ئەو ماددەیە (يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات)، جەریمەی موخالەفات حوکمەکەی، غەرامەکەی چەند دینارێکە و حوکمەکەشی سێ مانگە، بەپێی ئەوەی تێگەیشتم لە برادەران حەددی ئەقصای سێ مانگە وایە کاک شێروان، کاک شێخەڵلاّ نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە حوکمی سێ مانگ بە بەر عەفوی بکەوێت، من پێم وایە عەفوەکەی زۆر سووك دەکاتن، واتا لە قیمەتی عەفوەکە کەم دەکاتەوە، کەسێك سێ مانگ حوکم بدرێت و عەفوی عامی بۆ دەربچێت پێم وایە لە جێی خۆی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە حەقیقەتدا وجهەی نەزەرە، بەلاّم وجهەی نەزەرێك هەیە دەڵێت تۆ عەفوت دەرکردووە، هەیە سێ مانگ حوکم دراوە، دە رۆژە گیراوە دەڵێت من سێ مانگ حوکم دراون ئەو عەفوە نامگرێتەوە، یەکی تریش قەتلی کردووەو موسالەحە هەی لە پێش چاوی دەردەچێت و ئەویش زەق زەق تەماشای دەکات و هیچی پێ ناکرێت، بۆیە ئەوە وجهەی نەزەرە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ، کە ئەو ماددەیەیان ئیزافە کردووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة والرابعة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:

1- الإرهاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ لیژنەی قانونی کەوتینە موناقەشە، ئەو ماددەیەی کە دەڵێت ئەو ماددانەی سەرەوە حوکمەکە نایانگرێتەوە، ئێمە پێمان وایە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە دەنگمان بۆدا، ئەو جەریمانەی لە خوارەوە هاتوون نایانگرێتەوە، چ عەفوەکە، چ عقوبەی ئیعدامەکە بۆ موئەبەد، چ لە (30٪)یەکە، ئەوانە نەیانگرێتەوە، یەعنی لە (30٪)یەکەش، ئەگەر یەکێك ئیرهابی کردبێت نەیگرێتەوە، لیژنەی قانونیش موفتەنیعە بەوە، بۆیە پێشنیارەکە بخوێنەوە، دەتوانی بڵێین واباشترە (لاتسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية) بە موتەلەقی، ئەوە باشترە، ئینجا حاڵەتەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لا تسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:

1- الإرهاب.

2- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.

3- القتل المقترن بالسرقة.

4- الأتجار بالمخدرات.

5- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

6- اختلاس أموال الأقليم.

7- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

8- تزوير وتزيف العملات.

9- الرشوة.

10- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاك عەونی بیکە بە (اولاً وثانياً) لە جیاتی یەك و دوو، مام خورشید نوقتەی نیزامت زۆرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە مەوزوعی ئەحداس هاتە گۆڕێ داوامان کرد لە زیمنی عەفوەکە بێت گوێتان نەدایێ، بەلاّم چەند تەئکید دەکەمەوە لە خوشك و برایان و جەنابیشت، مەسەلەی ئەحداس عومری شازد ساڵە، یان حەڤدە ساڵەی

ئەگەر سوڵح نەکرێت ئەوە بۆ تاریخیش دەڵێم کارەساتی لێ دروست دەبێت، بۆیە ماددەیەك لێرە ئیزافە بکرێت کە ئەحداس عەفو بیگرێتەوە ئەوانەی کە سوڵح دەکرێن، لێرە ماددەیەك ئیزافە بکرێت، چونکە کارەساتی لێ دروست دەبێت، چونکە کابرایەك تەمەنی شازدە ساڵە، یان حەڤدە ساڵە قانون نایگرێتەوە، بەلاّم سبەی دەکوژرێت لە جادەی، بۆ ئەوەی هەژدە ساڵە دەیگرێتەوە، بۆ ئەوی ناگرێتەوە کە تەمەنی حەڤدە ساڵە، ئەمە خراپە، مادام وایە ئەوانەش لە ماددەیەك جێی بۆ بکەنەوە، کاریسەی لێ دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەواو بوو کاك خورشید جێی نابێتەوە لێرە، چونکە ئەحداس بەردەوامن و جەریمەی بەردەوام دەکەن، ناکرێتن ئێمە بە تەوەقوعات هین بکەین، ئەو دە حاڵەتە ئیستیسنا کراوە زۆر بە دیقەتیش ئیستیسنا کراوە، ئەو جەریمانە هەمووی جەریمەی خەتەرن لەسەر کۆمەڵگا، لەسەر ئەمنی هەرێم، لەسەر هاوولاّتی، خەتەرن لەسەر ئیقتیصادی ولاّتەکە، لەسەر پرنسیپی ئەخلاّقی، کە هەموو خەڵك دەگرێتەوە، بۆیە ئیستیسنا کراون و ئەو جەریمانەی کە ئاماژەیان پێ نەکراوە، پێشتر هەندێك قسە کرا لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەگەرچی نەهاتبووینە سەر ماددەکە، سۆزان خان ئەوەی ئیقتیراح کرد جەرائیمی شەرەفیش بگرێتەوە، برادەرێك وابزانم کاك عەبدولڕەحمان بوو گوتی ئەمنی داخیلی و خارجی چیە، کێی تر دەیەوێت قسەی بکاتن ناوی بنووسم، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك/ پشتیوانی لە پێشنیارەکەی سۆزان خان دەکەم، دوو/ پێم وایە لە ئیستیسنائات تەنیا خاڵی یەکەم بمێنێت، دووەم بمێنێت، پێنجەم بمێنێت، دەیەم بمێنێت، ئەوانی تر ئەوەندە ئیستیسنا نەکرێن، چونکە لەسەر ئیختیلاسی ئەموالی دەوڵەت ئەو هەموو کەسە بگیرێن، بەڕاستی ڕەنگە سجنەکانی کوردستان بەشی چارەکی ئەو هەموو خەڵکە نەکات، خەڵك هەیە زۆر ئیختیلاس دەکاتن و ناگیرێتن، کەمێکیش گیراون ڕەنگە ئەوانیش مەبەستم ئەوە نییە ئەو نوقتەیە، بەلاّم بەشێکی زیاتریش ئەو خەڵکە شمول بکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئیستیغراب دەکەم لە پێشنیارت کاك ئارێز، ئێمە باسی شەڕی گەندەڵی دەکەین و قانون دەردەهێنین بۆ ئەو کەسانەی موتەهەمن بە گەندەڵی و ئیختیلاسی کردووەو تەزویری کردووە، ئەوە گەندەڵییە، دوایێ ئەوە حەقی عامە مومتەلەکاتی حوکمەتە، تەوزیری عوملات، چۆن تەخریبی ئیقتیصادە، یەعنی لەگەڵ تەسریحات و بۆچوونی تۆ زۆر تەناقوزە ئەوە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تاوانی بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان ئەوانەی حوکم دراون، بەڵام هەندێ کەس بە تاوانی ماددەی بێهۆشکەر حوکم دراوە، بەڵام بازرگانی پێ نەکردووە، بەشێوەی تر بەکاری هێناوە، ئەوانە چارەنووسیان چیە، بۆ دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عقوبەی تاجیر بەپێی قانون ئیعدامە ئەوەی تێیدەگەم، بەڵام ئەوەی تیجارەتی پێ نەکردووە کەمترە وا نییە، لێرە دەڵێت ئیستیسنائەکە بۆ ئەو کەسانەیە کە تیجارەتی موخەدەراتیان کردووە، نەك تەعاتیەکە، تەعاتیەکەش شمولی دەکات، لە (30٪)یەکە شمولی دەکات، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ هەرسێ لیژنە دانیشتووین، بەڕاستی موتەفیق بووین لەسەر ئەوە هەمووومان، تەنها خاڵێك هەبوو لەوێ، بۆیە من لێرە باسی دەکەم، ئیزافە بکرێتە سەر ئەو ئیستیسنائانەی کە شمولی نەکاتن ئەو مەحکومانەی لە زروفی وەك ئەمڕۆدا کە ئافرەتێك دەکوژن لە پەنای شەرەف و غەسلی عار، بەڕاستی حەق نییە شمولی بکاتن، ئێمە کۆمەڵگایەکی سەرەتایین دەمانەوێت بینای دەوڵەتێکی دیموکراتی بکەین، نیزامێکی دیموکراتی نوێ بکەین، دەمانەوێت دەوڵەتێکی قانونی بێت، غەسلی عار دەعم کردنی بەم تەریقەیە، لە کاتێکدا زۆربەمان دەزانین ئەوەی لە پەنای ئەمە دەگیرێت، بەڕاستی کەم دەگیرێت و لە پەنایەکی تر چارەسەر دەکرێت باشترە ئەم ئیستیسنائەش ئەمە بگرێتەوەو دەرنەچێت لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام تکایە لەو مەوزوعە تەنیا بڵێ پشتگیری لە رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، یان لەمەودوا بڵێن پشتگیری لە رەئیەکەی سۆزان خان و کاك دلێر دەکەم، کاك ئاریێزیش وای گوت، کاك دلێر تۆ لە لیژنەکە رەئی خۆت تەرح کردووەو سەری نەگرتووە، لێرە وەکو ئەندام پەرلەمان رەئی خۆت تەرح دەکەیت و ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر رەئیان زۆرینە بێت دەبێتە پێشنیار، دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جگە لەوەی پشتگیری لە بۆچوونەکانی سۆزان خان و کاك دلێر دەکەم، پێم وایە لەو هەڵاوێردکردنە ئیستیسنائاتانە دەبێت خاڵێکی تریشی بۆ ئیزافە بکەیت، ئەویش ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە ئەصحابی سەوابیقن، کە پێشینە تاوانێکیان کردووە، نەخێر تێیدا نییە، دەڵێت جارێکی تر ئەو کەسەی کە سوودمەند بووە لە عەفو، من مەبەستم ئەوە نییە، کە کەسێك سوودمەند بوو بێت لە عەفوێکی تر، من مەبەستم ئەوە تاوانبارێك تاوانێکی کردووە، ماوەی سزایەکەی تەواو کردووەو جارێکی تر تاوانێکی تر

دەكاتەوە، دێتەوە بەندیخانەو زیندانی دەكرێتەوە، لەوێ ئەم عەفوە نابێت بیگرێتەوە، ئەو كەسەی سەوابقی هەیە، كە پێشینەی هەیە لە تاوان كردندا، نابێت یەكێك لە سەببەبەكانی مەحكەمەو سزادان بریتییە لە ئیسلاح كردن، مانای وایە ئەو كەسە بە زەحمەت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵ، بۆیە پێویستە خاڵێكی تر ئیزافە بكرێت ئەویش ئەو كەسانەی كە سەوابقیان هەیە و تاوانیان كردووە، ئەم كەسە ئەو عەفوە نایگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو تاڤگە فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەحداس من تەئكیدی دەكەمەوە هەندێك لە خاڵەكان پێویستە بنووسریت، یەعنی پێشنیار دەكەین بنووسرێت، جگە لە ئەحداس مەسەلەن ئەوانەی كە ئەحداس پێی هەڵدەستنەوە ئەو تاوانانە، هەندێكیشیان تەعاتی موخەدەرات دەكەن، كە بەڕاستی وەكو ئیشارەتیان پێدا ئیتجار نییە، تەعاتییە، ئەوە دەیانگرێتەوە، بەلاَم هەندێكیان بۆ نموونە لە حاڵەتی لیواتە ئەوانەی كە ئەحداسن گیراون، جگە ئەحداسیان بۆ زیاد بكرێت، بەڕاستی من پێم باشە و بە زەروری دەزانم، خاڵێكی تریش من پشتگیری لە پێشنیاری ئەو خوشك و برایانە دەكەم كە ئیشارەتیان بە دافعی شەرەف كرد ئەوەش زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە هەر ئەحداس خۆی نایگرێتەوە، ئەگەر حەدەس بێت حوكمەكە فەرقی هەیە هەر لە ئەساسدا، خۆی لە ئەساسەوە ئەگەر حەدەس بێت عقوبەكەی نیوەی وەردەگرێت.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عەفو، چونكە ئیشارەت درا ئەو قانونە ئەوانە ناگرێتەوە، لەو قانونەش لە ماددەی یەكەمدا باس لە حەدەس كراوە، كەواتە (ماعدا) ئەحداسی بۆ زیاد نەكرێت تەحصیل حاصل دەیگرێتەوە بە رەئی ئێمە، ئێمە وای تێگەیشتووین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لە رەئیەكەی سۆزان خان دەكەم، بەلاَم هەندێك شت لە لای من دروست بووە، حەز دەكەم بەڕێزێك، یان كاك عەونی وەلاَمم بدەنەوە، هەندێك شت بخرێتە كامەیانەوە، لەمانە حیساب بكرێت، یان لە شوێنێكی تر، لەم ماوەیە لە سلێمانی چەند ژنێك دەرمانیان دەرخواردی چەند كەسانێك

داوە، ئەوە بوو بە پەلە براون، ئەمە دەچێتە چ خانەیەکەوە. خاڵێکی تریش دەرزی لێدان، یاخود ژەهرکردنە ناو خواردن. خاڵێکی تریشم هەیە، ژن و کچ فرۆشتن هەیە، کە ئێستا چوومەتە چاکسازی ژنێکم بینی گوتی وەڵڵا مێردەکەم منی فرۆشتووە بە چوار سەد هەزار، ئەو پیاوەکەی تریش هەر فرۆشتوومی، ئێستا نازانم منیان لەسەر چی گرتووە، ئەمە لێرەدا، سووتانی عەمدیش کە زۆر جاران دەکرێت، ئەمە دەچێتە چ خانەیەکەوە، حەز دەکەم بەڕێزتان بۆمان روون بکەنەوە، لەم ماوەیەدا پیاوێك بەنزینی کردۆتە ژنەکەی، ئەمە دەچێتە چ بابێکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر ئێمە بچینە ناو ئەو تەفاسیلەوە، ئەی حاکم ئیشی چیە، ئەو هەموو قەوانینە هەیە، قانونی عقوبات هەیە، کە حاکم حوکم دەکاتن هەموو ئەو قانونانەی لەبەرچاوە، (406) ئەوەی کە دەرمانی ژەهراوی ئەو سزایە دەیگرێتەوە، سۆزان خان ئەگەر هەر هەمان مولاحەزەیە، بڵێ مولاحەزەکەم گوتراوە، باشە سوپاست دەکەین، خاتوو سارا.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە منیش هەر پشتگیری لە زیاد کردنی تۆمەتی کوشتنی ژن دەکەم بە تاوانی شەرەف، لەبەر ئەوەی داواش لە ئەندامان دەکەین کە پشتگیری بکەن لەو رەئیە، چونکە ئەوە دوو یاسامان هەیە لە پەرلەمان پێشتر یاسای غەسلی عار کراوە، بڕیاری ژمارە 59 کە لە ئیدارەی سلێمانی دەرچووە، ئەوانەش هەر پشتیوانین بۆ ئەو رەئیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئیستیسنائەکان باسی ئیرهاب کراوە، قەتلی ئەجانیب و جەریمەی (الجرائم الماسة بأمن الاقليم الداخلي والخارجي) هەر لە زیمنی ئیرهابدایە، خاڵێکی تریش ئیختیلاسی ئەموالی ئیقلیم و ئەموالی عامە (والسرقة)، جاری وا هەیە سەریقەی ئەموالی عامەیە، یان ئیختیلاسیەتی، ئەوانە بەم شێوەیە ئیختیلاسی ئەموالی عامە (اختلاس وسرقة الاموال العامة). بەنیسبەت ئەحداسیشەوە کە ئێمە دەڵێین ئیستیسنا بکرێت، زۆر لەو حەدسانە هیچ شوێنێکیان نییە، ئێمە مەبەستمان لە گرتن عقوبەیە، ئیسلاحە، حیمایەیە، ئێمە کە ئەوانەمان بەردان، ئایا ئەو روکنانەی ترمان بۆ دابین کردوون، حەدەسێك دوو مانگ لەسەر جەریمەیەك گیراو دێتەوە ناو جادە هیچ شوێنێکمان بۆ دابین نەکردووە، ئیسلاحەکەی تیا بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەم دەبارەی بڕگە شەشی ئەم ماددەیە، كەوا ئیختیلاسی ئەموالی ئیقلیم، لەبەر ئەوەی وشەی ئیختیلاس هەموو جۆرە دزییەك ناگرێتەوە، هەمیشە وشەی سەریقە زیاد بكرێت، ئەموالی ئیقلیمیش بكرێتە ئەموالی عامە، واتا بڕگەكە بەو شێوەیەی لێ دێت (اختلاس وسرقة الاموال العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەی (اختلاس وسرقة الاموال العامة)، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەم لە لایەن سارا خان و دكتۆر دلێرەوە گوترا، سوپاسی دكتۆر دلێریش دەكەم، تكا لە هەموو ئەندامانیش دەكەم، كە پاڵپشت بن بۆ ئەوەی غەسلی عاریش نەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیار دەكەم پێشتر لە لیژنەی قانونی، دوایێ لە جەنابتان، پێم وایە ئەو وشەیە لە فەقەرەی دە (الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم)، كە دەڵێت (بالمحارم) مانای وایە غەیری مەحاریمەكە فەقەرەیەكی خراپە، ئیجازە پێدانە، جا بۆیە من داوا دەكەم غەیری مەحاریم یەعنی چی؟ هی ئەو چیە؟ لیژنەی قانونی چ چارەسەرێكی بۆ داناوە بۆ غەیری مەحاریم،  ئەگەر وشەی مەحاریم لاببەین (والزنا حسب الشروط كما جاء في الشريعة الاسلامية) مەحاریم و غەیری مەحاریمش دەگرێتەوە بە شروتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەك تێبینی دەكرێت لە كوردستان دیاردەی دزی بۆتە دیاردەیەكی بەربلاو، ئێستاكە رۆژانە سەیارەی خەڵك دەدزرێتن، ماڵی خەڵك دەدزرێتن، یەعنی حەق وایە ئێمە لێرە نەك هەر (القتل مقترن بالسرقة)، نەخێر، هەر سەریقەی وەكو خۆی وەكو فەقەرەیەك داخیل بكرێت، لە دوای (القتل مقترن بالسرقة) بنووسرێت (السرقة)، یەعنی تاوانی دزیش، لەو قانونە ئیستیسنا بێت، عەفو نەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور عەفوی عام نایانگرێتەوە، هەر لە (30٪)یەكە دەیانگرێتەوە، دزی عەفوی عام نایانگرێتەوە، بەڵكو لە (30٪) دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی لە مەحكەمە رادەوەسێت و بە حوكمدان رادەوەستێت، ئەوە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەم ئیستیسنایە كە باسی لەسەر كراوە، جەرائیمی ئیرهاب باسی لەسەر كراوە، جەرائیمی ئیرهاب و قەتلی ئەجانیب و جەرائیمی ماسە بە ئەمنی دەولە، من پێم وایە هەرسێكیان لە یەك فەقەرە لە زیمنی فەقەرەی یەكەمدا كۆ بكرێتەوە.

بەنیسبەت جەرائیمی (تزویر في المحررات الرسمیة المتعلقة بأقتصاد وامن الاقلیم) لەگەڵ فەقەرەی هەشت كەباسی تەزویر و تەزیفی عوملات دەكات، ئەگەر بێتو ئێمە بێین سەیری بكەین، شەرت نییە، ئەو تەزویرە بێت تەئسیر بكاتە سەر ئیقتیصاد و ئەمنی ئیقلیم، هەندێك جار خەڵك تەزویری هەویەكی ئەحوال مەدەنی دەكات، بۆ ئەوەی ناوەكەی خۆی بگۆڕێت، یان پێ بچێتە خاریج ئەوە دەگیرێت، ئەو هەویە نە تەئسیری لەسەر ئیقتیصادی ئیقلیم و ئەمنی ئیقلیمە، ئەگەر بێتو ئەو تەزویرە تەئسیری لەسەر ئیقتیصادی ئیقیلیم بكات، ئەوە لە تەزویری سەنداتی مالی و ئەوراقی مەسرەفی لە ماددەی (281)كە، لە فەقەرە هەشتدا لێرە باسی لەسەر كراوە بە وازیحی هاتووە، مانای وایە ئەم تەزویرەی لە موحەرەراتی رەسمی دەمێنێتەوە، قەسامی شەرعی هەر موحەریرێكی رەسمیە، هەویەكی ئەحوال مەدەنی هەر موحەریرێكی رەسمیە، شەرتیش نییە تەئسیر بكاتە سەر ئیقتیصاد و ئەمنی ئیقلیم، من پێم وایە برادەرانی لیژنەی قانونی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، ئەوەی كە تەئسیر لەسەر ئەمنی ئیقلیم دەكات، راستە لە فەقەرەی هەشت هێناویەتی تەزویر و تەزیف، تەزیف بۆ مەسكوكەكەیەو تەزویرش بۆ ئەوراقی مەسرەفی و سەنداتی مالییە، یەعنی بە تەئكید ئەمە تەئسیر لەسەر ئەمنی ئیقلیم دەكات، ئەمە بە رەئی من بۆ ئەم ئیستیسنائانە فەقەرەیەكی تر ئیزافە بكرێت، ئەگەر برادەرانی لیژنەی قانونی پێیان باش بێت، ئەوانەی كە گەڕاونەتەوە بۆ جەریمەو مەشمولن بە عەفوی خاص و عام، تەنیا عام نا، بە عەفوی خاص و عام، ئەوانیش بچنە ئەو ئیستیسنائانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ قسەم هەبوو هەرسێکیان کران، بۆیە نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕگەی هەشت و نۆ بکرێتە یەك بڕگە، باشترە لەوەی بە دوو بڕگە بنووسرێت، بنووسرێت تاوانی بەرتیل و گزی دەرکردنی پارەی قەڵب، ئەوە کورت کردنەوەیەکی باشە.

دووەم/ پتشگیری لە رەئیەکەی کاك دکتۆر دلێر دەکەم، کە تاوانباران جارێك عەفوی عامیان بۆ دەرچووە، جارێکی تر کە گیرانەوە عەفو شمولیان نەکات.

سێیەم/ لە بڕگەی دە کە دەڵێتن (تاوانی سێکسی بەزۆر و منداڵبازی و زینا کردن لەگەڵ مەحرەمان)، من پێم وایە مناڵبازی وشەیەکی نابەجێ و ناشیرینە، ئەدەبیەن لەناو یاسایەکدا بنووسرێتن، ئەگەر بڵێن تاوانی سێکسی بەزۆر و زینا لەگەڵ مەحرەمان هەمان مانا دەگەیەنێت، وشەی مناڵبازیەکە لەسەری لابدەن، سێکسی مانای خۆی هەیەو دیارەو بۆچی بەکار دێت، لەگەڵ هەموو کەسێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەکەی تاڤگە خان دەکەم، سەبارەت بە ئیستیسنا کردنی ئەحداس، پتشگیریش لە رەئیەکەی دکتۆرە رۆژان دەکەم سەبارەت بە ئیختیلاس و سەریقەی ئەموالی عامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فەقەرەی چوار (الاتجار بالمخدرات) پێشنیار دەکەم (الاتجار بالمخدرات والسموم القاتلة)، پتشگیریش لە رەئیەکەی سۆزان خان و کاك دلێر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەی من گوترا، پشتگیریش لە ڕەئیەکەی کاك دلێر و برادەران دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ موناقەشەشم هەبوو لە لیژنەی قانونی و بۆ لیژنەی مافی مرۆڤیش ڕەئیەکمان تەبەنا کرد لەسەر ئەو مەوزوعە، نوێنەریشمان لەوێ نازانم، وابزانم بەسەر چووە باسی نەکراوە، من لێرە دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە تەئکیدمان لەسەر ئەوە کرد ئەو ئیستیسنائانە ئەحداس نەگرێتەوە، هەروەها تەخفیزەکە موتەلەق بێت، ئەوە بۆ عەفوان ناکرێن، بەس تەخفیزە، با ئەو ئیستیسنائاتانە نە بۆ تەخفیزەکە بێت، نە بۆ ئەحداسەکە بێت، من پێشنیار دەکەم موقەدیمەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت (لاتسري احکام الفقرة اولاً من المادة الاولى والمادة الثانية والمادة الثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية)، ئەوە لە لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو ڕەئیەمان تەبەنا کرد، تەخفیزەکەش ئیستیسنائەکەی تێدا نەبێت، ئەحداسیش تەنیا مەرجی موساڵەحەی تێدا بێت و ئەو ئیستیسنائانە نەیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە، ئەو مولاحەزەیاندا لەسەر ئەحداس و ئەوانە، خۆی بە مەنتیق و قانون حاڵەتێکە مەنتیقی خۆی هەیە لە ناحیەی ئینسانیش هەروا، بەڵام دەبێت ئێمە مولاحەزەی ئەوە بکەین، کە زۆر لەو ئیرهابیانە ئەحداس بەکار دەهێنن، چواردە ساڵە، پازدە ساڵە، ڕاستە خۆ موجریم نییە، جارێ هەتا پازدە ساڵی حوکم نایگرێت بەپێی قانون، کاك عەونی بۆیان شەرح بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەحداس لە کوردستان قەرارێك لە پەرلەمان دەرچووە، ئەو مندااڵنە، ئەو نەوجەوانانە هەتا تەمەنیان نەبێتە پازدە ساڵ ئیجرائاتی قانونیان لەگەڵ ناکرێت، ئەوە یەك.

دووەمین/ ئەحداس ئەگەر ئیحالەی مەحکەمەی کرا، ئەگەر تاوانێکی کرد، ئەوەڵەن حوکمی ئیعدامی لەسەر نییە، ئەگەر موحاکەمە کرا بە هەر تاوانێکی گەورە لە پازدە ساڵ زیاتر حوکم نادرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی هەر لە ئەساسەوە نیوەی عقوبەیە، کوردستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برادەران قسەكەی ئێمەیان كرد، بەلاَم وەكو لیژنەی بەرگری مافی ئافرەتان پشتگیری لەوە دەكەین سەبارەت بە غەسلی عار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو خاڵ كە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێ كرد، یەكێكیان ئەوەیە، ئەوەی ئیرتیكابی جەریمەی شەرەفی كردووە نایگرێتەوە، دووش/ ئەوەی كاك دكتۆر دلێر گوتی ئیستینادی لەسەر كرا، ئەویش ئیزافە بكرێتن، ئەوەی سەوابقی هەیە، بەلاَم ئەوەی سەوابقی هەیە فەقەرەیەك هاتووە، صیغەیەك بدۆزنەوە، ئەوەی بەنیسبەت قەتل بیدەوافیعی شەرەف ببێتە فەقەرەی یازدە، صیغەكەی لە قانونی عقوبات چۆن هاتووە با وابێت، ئەوەی تریش كە گۆڕیمان فەقەرەی شەشەم ئیختیلاس ئەموالی ئیقلیم ببێتە (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، كاك كەریم هەندێك جار نەصی قانونێك مومكینە دوو حاڵەت هەبێتن ئەگەر بیری لێ بكەیتەوە نەتوانێت نەصەكەی دابنێت (اختلاس وسرقة الاموال العامة) مومكینە ئەو سەریقەی ئەموالی عامە، مومكینە یەكێك موزەخەیەك دەدزێت لەوەختێكی ناتەبیعیدا گوناح بێتن، بەلاَم تۆ لەبەر ئەو یەكە هینی بكەیت، تۆ ناتوانیت تا نەصێك دانەنێیت، یەعنی خۆی لە ئەساسدا نصوصی قانونی بۆ موحارەبەی گەندەڵی بەوە دەبێتن، ئەوە دەبێت ئەوەلەن قانونمان هەبێتن، دووەمین/ دەبێت دەسەلاَتی قانونمان هەبێتن، ئینجا مەسەلەكانی تر هین دەبێت، دەبێت هەبێتن، ئەو حاڵەتەكانی تر ئینسان بە عەفوێكی خاص بكاتن، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئیزافە كردنی سەریقە من لەگەڵ ئەوەدانیم، لەبەر ئەوەی ئەوە سەریقە دەكاتن لە دەرەوەی حكومەتە، سەریقەی ئەموال دەكاتن، لە كاتێكدا یەكێك موزەخەیەكی حكومەت بدزێت و بیست ساڵ حوكم بدرێت، ئەوە ئیستیسنا بكەینەوە، بەلاَم ئەوەی ئیختیلاس دەكات ماڵەكە لە ژێر دەستی خۆیەتی، موئتەمەنە لەسەر ماڵی حكومەت، هەتا ئەگەر دینارێكی ئیختیلاس بكاتن، حەقە لەجێی خۆی بێتن ئیستیسنا بكرێتن لە مەسەلەكە، بەلاَم سەریقە لە حاڵەتێكدا هەموو سەریقەكان شمول بكاتن، بەلاَم سەریقەی ماڵی حكومەت ئەوە ئیستیسنا بكرێتن نازانم، عەدالەت لە مەوزوعەكەدا نییە، بۆیە وشەی سەریقە ئیزافە نەكرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو دوو سێ پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، یەكێكیان ئەوەیە ئیزافەی غەسلی عارەكە كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئیزافە بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەقەرەی شەش كە نووسراوە (اختلاس اموال الاقليم) ئیختیلاف هەیە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی قانونییە، بەلاَم پێشنیارێك هەیە كە لە لایەن ئێوەوە هاتووە بكرێتە (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، لیژنەی قانونیش موسیرە لەسەر پێشنیارەكەی خۆی، فەرموو كاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو یاسای لێبوردنە بەڕاستی كە دەردەچێت، تەنها شمولی ئەوانە دەكاتن كە تەنیا لە پێش دەرچوونی ئەو یاسایە گیراون، شمولی ئەوانە ناكات كە یەك ڕۆژ دوای ئەو یاسایە دەگیرێن، یەعنی بەڕاستی پێویست ناكات سەریقەی تێدا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو كاك زرار، پێشنیاری ئێوە لە بەرامبەر پێشنیاری لیژنەی قانونی ئێوە دەڵێت (اختلاس او سرقة الاموال العامة)، موقابیل بەوەی لیژنەی قانونی دەڵێت (اختلاس اموال الاقلیم)، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە كە دەڵێت (اختلاس او سرقة اموال العامة) دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوە دایە كە نەصەكەی لیژنەی قانونی بمێنێتەوە كە دەڵێت (اختلاس اموال الاقلیم) دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونین پیرۆزتان بێت، فەقەرەیەكی تر ئیزافە دەكرێت لەسەر پێشنیاری دكتۆر دلێر پاش ئەوەی ئێوە دەنگی بۆ دەدەن، ئەویش ئەو كەسانە نەگرێتەوە كە دووبارە تاوانیان كردووە، دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەی ئەوانەش نەگرێتەوە كە تاوانیان دووبارە كردووە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، كەواتە ئێستا بووە دوازدە فەقەرە، بە پێشنیاری تازەوە، بەوەش كە دەڵێت (لاتسري احكام هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية)، كێ لەگەڵ ماددەكەیە هەمووی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كەواتە پێشنیار دەكەین جەلسەكەمان تەئجیل بكەین بۆ ڕۆژی سێ شەمە، باشە دوای دەخەین بۆ ئێوارێ سەعات چوار.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**سێ شەممە رێکەوتی 10\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/4/10

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێكـەوتی 2007/4/10 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان ڕشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (6)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێـراق, بەرنامـەی كار بەم شێوەیە بێت:**

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنیەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددە 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/4/10 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن كە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق پێشنیاز كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە.

بەخێرهاتنی بەڕێز كاك سەعد دەكەین وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، زۆر بەخێر بێی سەرچاوان، نوقتەی نیزامە كاك محەمەد ڕەفعەت فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم پرسیارێك لە حەمەی حاجی مەحمود بكەم، كە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی ئیتیهام كردووە بە ترسنۆك و برسی، وەڵامێكمان بداتەوە، دیارە خۆشی ئەندام پەرلەمانە لەگەڵماندایە ماوەیەكی دوورو درێژ، تەوزیحێكمان بداتێ لەم رووییەوە باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارە هەیە، بەڵام كاك محەمەد رەفعەت لە بەرنامەی كارماندا نییە، داوا بكەن بیخەینە بەرنامەی كار، دوایێ باسی دەكەین، پاشی جەلسەكە پێكەوە باسی دەكەین، ئەگەر بیخەینە بەرنامەی كار دەبێت دە ئەندام داوای بكات و پێشتر بیخەینە بەرنامەی كار، فەرموو دكتۆر نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یادی رزگار كردنی كەركووك بوو، دەبوایە وتەیەك بەرامبەر ئەم یادە بگوترا بوایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو هەموو نوقتە نیزامە، لە حەقیقەتدا دەرحەقیان نایەین، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە بەبۆنەی ئیسقاتی نیزامی بەعس، دەبوایە ئەمڕۆ شتێك لەو بارەیەوە باس بكرێت، چونكە ئەم رۆژە رۆژێكی رەسمی و عوتلەشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە خۆی دەبوایە داوا بكرێتن بخرایە بەرنامەی كار، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ ئێمە دەتوانین باسی بكەین و، بەس لە پرۆتۆكۆل دوو ئەندام دەتوانێتن نوقتەی نیزامی حەقیقیمان لەسەر تەسجیل بكاتن، ئەگەرنا ئێمە نیزامی داخیلیمان لە پێشە هەمواری بكەین، كە هەموارمان كرد، ئەگەر ویستتان ئەو جۆرە شتانە دەگۆڕین، بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنی خوشكی ئازیزمان (صفیە) خان و دایكی صفیە خان دەكەین، كە كچی شەهید (تالب سوهێل)ە، دوو رۆژی تر یادی سێزدەمین ساڵیەتی لە بەیروت ئیختیال كرا، لە پێناوی عێراقی دیموكراتدا خەباتی دەكرد، رژێمی سەددام ئیختیالی كرد، خۆشی ئەندامی مەجلیسی نوابی عێراقە، دۆستی گەلی كوردستانە، زۆریش خەباتی كردووەو دیفاعی كردووە لە گەلی كوردستان، لەگەڵ دایكی بەڕێزی كاك بەختیار ئەمین وەزیری پێشوو لە حكومەتی عێراقدا، زۆر ئەكتیف و چالاك لە مافی مرۆڤ و نێونەتەوەییدا، زۆر دەوری هەبووە، زۆر بەخێر بێت سەرچاو، بەخێرهاتنیان دەكەین و ئومێد دەكەین ئەو سەفەرەیان بۆ كوردستان سوود بەخش بێتن، لەوەی زیاتر ئاگادار بن لە گۆڕانكاریەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ دەکەین بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت دەکەین لە (4/14) لە رۆژی یادی ئەنفالدا، لەبەر ئەوە داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم سەعات (11)ی رۆژی (4/14) کە دەکاتە رۆژی شەممە عوتلەشە، بەلاّم لەبەر ئەوەی یادەکە یادێکی عەزیزە، عوتلەی خۆمان ناکەین، دێین دەوام دەکەین، هەروەها لە هەمان رۆژدا باسی کێشەی ئاو و کارەباو سووتەمەنی دەکەین، ئەو برادەرانەی کە راپۆرتیان بەرز کردبۆوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنەکان پەیوەندیدارن بەو مەسەلەیە، یەعنی ئەو ئەندامانەی کە لە لیژنەی پەیوەندیدارن و ئیمزایان کرد بوو، تکا دەکەم پاشی کۆبوونەوەکە بێنە لامان، بۆ ئەوەی باسی لێوە بکەین بە تەفسیلات و ئەوانە، بەلاّم لە رۆژی (4/14) هەمووتان لێرە ئامادە بن تکایە، لیژنەی یاسایی لەو خاڵەی کە راوەستا بووین بەردەوام دەبین لە موناقەشە کردنی خاڵی یەکەم بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن، چەند خاڵێکمان تەواو کردووە، ئێستا بەردەوام دەبین فەرمووو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاساییە.

ماددەی حەوتەم:

وا دەژمێردرێت کە ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی داواکە کراوە، کە لە ماددەی یەکەم و سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەگەر:

یەکەم: سکالاّکار یان داواکاری مافی کەسینە ئاشتەوایی کرد بێ و لەمافە کەسینەییەکانی خۆی لەو داوایەی حوکمی تێدا دەرچووە، خۆش بووبێ.

دووەم: یان لەمافە کەسینەییەکانی خۆی خۆش بووبێ دوای دەرچوونی حوکمەکە لەبەردەم دادگا یان لەماوەی (60) رۆژدا لەدەرچوونی ئەم یاساییەوە خۆش بووبێت و دادگا بڕیار دەدات کە لێبووردنەکە بەندکراوەکە دەگرێتەوەو، ئازادی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی عەرەبیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیلاقەی بە موسالەحە هەیە کە پاش صدوری حوکم، ئەویش سەقفێکی زەمنی بۆ دانراوە، ماوەی (60) رۆژە، دەتوانن لە ماوەی ئەو (60) رۆژە موسالەحەکە بکەن، ئەوە هەر بۆ تەوزیح و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ موتەفیقن لەسەر ئەو صیغەیە، پێشم وایە وازیحە، ئەگەر کەس موناقەشەی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کەس قسەی لەسەر نییە، کەواتە ماددەی حەوت کە بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەند کراوانە ناگرێتەوە، کە پێشتر سوودمەند بوون لە بڕیارەکانی کەمکردنەوەی سزا، کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: لا يستفيد من أحكام هذا القانون النزلاء والمودعون الذين أستفادوا من قرارات تخفيض العقوبة الصادرة بتواريخ سابقة على تاريخ صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری خۆتان بوو، ئەندامانی پەرلەمان دوایی لە لیژنەی یاسایی کرا، کەوا صیاغەی بکاتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەندکراوانە دەگرێتەوە کە حوکمی پاش مللەیان دەرحەق دەرچووەو، خۆیان بەدەست نەداوەو، تا رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە دەستگیر نەکراون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی بە عەرەبیەكەی تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يستفيد من أحكام هذا القانون المحكومون الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ويسلمون أنفسهم، أو يتم القاء القبض عليهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان تەوزیحێك بدە تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر موتەهەم و محكوم هەیە حوكم لە محكەمە دەرچووە غیابییە، لە محكەمە حازر نەبووە، لە محكەمەی تەحقیقی حازر نەبووە، پاشان حوكمی غیابی دراوە، هەتا ئێستاش خۆی تەسلیم نەكردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو لە زیمنی (30) رۆژ خۆی تەسلیم كرد، ئەوە ئیمكانە مەشمول بێت لەو فەقەراتانەی كە لە عەفو هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەعلومە لە لای جەنابتان ناحیەی قانونی، هەر حوكمێك لە محكەمەی دەربێت و لە قەزایەی جینایات و جونەح، ئەوانە ئۆتۆماتیكیەن دەچنە محكەمەی تەمیز، لە ماوەی سی رۆژ، بۆ قەزایەكانی ئیعدام و سجنی موئەبەد و سجنی موئەقەت كە پێنج ساڵ زیاترە، ئەو كێشانە كە غیابی بێتن دەعوایەكانیان رادەگیرێتن، ناچێتە محكەمەی تەمیز هەتا نەتیجەی موتەهەم وازیح دەبێتن، یان دەگیرێت، یان خۆی تەسلیم دەكات، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە ئەگەر گیرا بۆی هەیە ئیعتیراز بكاتن، بەنیسبەت جینایات ماوەی ئیعتیرازی شەش مانگە، جونەح سێ مانگە، موخالەفات مانگێكە، ئەگەر هاتوو موتەهەم گیرا، یان خۆی تەسلیم كرد، ئەوە موحاكەمە لەو قەزایانە دووبارە دەكرێتەوە بە ئیجرائاتێكی قانونی نوێ، یەعنی ئەو حوكمەی لەسەری دەرچووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو ماددەیە ئەوەیە ئەو كێشانە ئێستا لە دادگاكان هەیەو كۆتایی پێ نەهاتووە، نامانەوێت قەزایەكان لەسەر محكەمە بەردەوام بێت و كۆ ببێتەوە، بۆیە ئەو ماددەیەمان داناو ماوەكەشمان دانا سی رۆژ، تاوەكو زوو ئەو كەسانە مەشمولن بەو قەرارەی، یان ئیستیفادە لەو قانونە دەكەن، زوو خۆیان تەسلیم بكەن و موڕاجەعەتی موحاكم بكەن، یان مەراكزی شورتە، بۆ كۆتایی هێنانی كێشەكانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە لەسەر ئەو ماددەیە موافیقن، كاك كەریم جەنابت لیژنەی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئاگام لەو بڕگەیە نەبووە، كە دانراوە، پێم وایە ئەوە ئیمتیازێكە دەدرێتە ئەوانەی لە دەست عەدالەت هەڵاتوون (هاربين عن العدالة)، بەڕاستی ناكرێت بەهیچ شێوەیەك ئەو ماددەیە جێگیر بێت لە عەفوەكەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم لە كۆتایی ماددەكە بنووسرێت (وفق احكام هذا القانون)، ئەگەر ئەوەی بنووسین، یەعنی ئەو مەرجانەی كە تێیدایە موسالەحەیە، ئیعدامە، ئیستیسنائاتە دەیگرێتەوە، ئەگەر وا بمێنێتەوە، ئەو مەرجانە نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە ئەسڵە ئەو عەفوە هەر شمولی ئەو كەسە نەكات، كە بە غیابییە، تەئیدی ئەو ڕەئیەی كاك كەریم دەكەم، ئەوە دەكاتە ئەو كەسەی كە لە دەست عەدالەت ڕای كردووە موكافەئە بكرێتەوە، خۆ هەر لە دەرەوەیە، جا چ باشە ئەوە بێتەوە ناو محكەمە خۆی تەسلیم بكات، ئینجا پێی بڵێن فەرموو عەفوەكە شمولت دەكات، هەروا باشترە (لا تسري احكام هذا القانون على المحكومون والمودعون الذي اصدرت احكام غيابية بحقهم ولم يتم القاء القبض عليهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەپێی تەجروبەی خۆم و ئاگاداری ناو خەڵك، زۆر كەس هەیە قەتل كەوتۆتە نێوانیانەوەو سجنیشن و سوڵحیشیان كردووە، كە چی هێشتا تەبلیغیان بۆ دێت بانگ دەكرێن بۆ محكەمە، ئەی ئەمانە مەسیریان

**چیه، خەڵك ئاشبۆتەوە لەنێوان یەكتردا ژن و ژنخوازی كراوەو ساحێب سێ چوار منداڵن و دەمێكە سوڵحیشیان كردووە، دەمەوێت ئەوانە زیاتر تەفسیلی پێ بدەن و بۆمی روون بكەنەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرموو كاك عەونی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مەبەست لەو ماددەیە ئەوەیە، ئەو كێشانە دەگرێتەوە كە خۆیان تەسلیم دەكەن، یان دەگیرێن، خۆی قانونەكە ئەسڵەن مەجالی ئەوەی دایە، كە هەر كەسێك ئیستیفادە لەو قانونە دەكات بەو شەرتانەی كە تێدا وازیحە، یەك/ موساڵحە لە مەوزوعدا هەبێت.**

**دوو/ ئەو جەریمانەی كە ئیستیسنا كرا لەگەڵدا نەبێت.**

**واتا قەزایەیان هەیە لە محكەمە بۆ موعلەق بمێنێتەوەو نەتیجەی نەبێت، خۆ بەو ماددەیە حەسمی دەكەین، مەجبورە ئەو كەسەش كە حوكمی غیابی لەسەر دەرچووە، خۆی تەسلیم بكات، یان بگیرێت، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە خۆی تەسلیم كرد، یان گیرا، ئەوە ئیستیفادە دەكاتن لەو قانونە، ئەگەر نەگیرا، ئەوە قانون مەجرای خۆی وەرگرتووەو ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ دەكرێت و نەتیجەی دەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك محەمەد فەرەج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من وا دەزانم ئەو فەقەرەیەی كە لیژنەی قانونی بۆیان زیاد كردووە، پەیوەندی بەو خەڵكەوە هەیە كە لە ئیجرائاتی دەرەوەی یاسا دەترسن، یەعنی را كردنەكەیان لە دەست عەدالەت رایان نەكردووە، لە دەست ئیجرائات رایان كردووە، جاری وا هەیە مەسەلەن پیاوێكیان كوشتووە، دەترسێت بیكوژنەوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو كەسانە زیاتر كاریگەری هەیە، یەعنی رای كردووە، ئەگەر بزانێت عەفوێك ئەم شتە شمولی دەكات دێتەوە، نەك ئەوە پیاوێك بێت لە عەدالەت را بكات، ئەمە ئیمتیاز بێت بۆی، ئەمە دەكرێت بۆ ئەو كەسانە بێت، كە بەم حاڵەتانە دوور كەوتوونەتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك بەكر فەرموو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بە رەئی من ئەوەی كاك كەریم گوتی هەندێك كەس هەیە لە خاریجە نەیتوانیوە بێتەوە، یەعنی دۆكیومەنتێكی نییە پێی بێتەوە، ئەو مۆڵەتەی بدەیێ، واتا ئەو سی رۆژەی بدەیێ، پێم وایە شتێكی باشە، دەتوانێت لەو وەختە بێتەوە، ئەگەر نەهاتەوە ئەو حەقەی دەسووتێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیە خاڵێكی ئیجابییە، لەبەر ئەوە خۆی تەشجیعی تاوانبار دەكات، كە خۆی تەسلیم بكات لەوەی كە رابكات، لە هەمان كاتیشدا تەئكیدی ئەو نوقتەی كاك بەكر دەكەمەوە، تاوانبار بۆی هەیە بەهۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانە بێت، یان لە دەرەوەی هەرێم بێت، كە مودەیەكی دەوێت تا دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێم وایە شتێكی باشە وجودی ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیەكە دووە، یان شمولی بكات، یان شمولی نەكات، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەو فەقەرەیە زۆر زۆر باشە، لەبەر ئەوەی یەكەم/ بۆ خۆی ئەو قانونە ئەو جەریمە خەتەرانە ناگرێتەوە، كە ئێمە لێیان دەترسێین.

دووەمیش/ كۆمەڵێك كێشەی كۆمەلآیەتی هەیە، ئەمەش قانونە دەردەچێت، كابرا كە دێت بەپێی ئەو قانونە خۆی تەسلیم دەكات، حوكمی قانون جێ بەجێ دەكات، جێی خۆیەتی ئیستیفادە لەو قانونە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانم، یان تەئیدی دەكەن، یان تەئیدی ناكەن، بۆ ئەوەی كاتەكەشمان زۆر نەڕوات، ئەوانەی داوای قسە دەكەن، بۆ ئەوەی تەواوی بكەین، یان لەگەڵیان تەوزیحەكە بدەم ئینجا دەیخەمە دەنگدانەوە، كاك سەرداریش بە ئیعتیباری ئەوەی خۆی لە لیژنەی ناوخۆیە، ئەگەر ئیجازەم بدەن تەوزیحێك دەكەم، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو یاسایە باشە، بەلآم بۆ تەشجیع كردنی یاخی بوونە لە یاسا، ئەگەر ئێمە تەشجیعی ئەو مەلەسەیە بكەین، هەموو خەڵك خۆی بە دەستەوە نادات و چاوەڕوانی عەفوێك دەكات و لە یاسا یاخی دەبێت، فیعلەن من پشتگیری لەو رەئیەی كاك كەریم دەكەم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوە شازدە، حەڤدە ساڵە پەرلەمانمان هەیە، یەك جار ئەو قانونە دەردەکەین، جارێکی تر بڕوا ناکەم ئەو قانونە دەربکەین، چونکە ئەوە سوڵتاتی قەزائی و ئەوانە حیسابمان لەگەڵ دەکەن، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەو قەرارە دەکەم، ئەو فرسەتە بدرێت، چونکە ئێمە هەمووی قانونەکە ماوەی دوو مانگە، مادام عەفو دراوە لەو مانگە، ئەو کەسانەی کە بەند کراون و حوکم کراون، با فەرسەتیش بدرێتە ئەو کەسانە کە تا ئێستا نەهاتوونە، یەك جاریشە، جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو یاسایەی کە دەردەچێت شتێکی باشە، یاسایەکە عەفوەو یارمەتی ئەوانە بدرێت، بۆ ئەوەی بەخۆ دابچنەوە، فرسەتێکی تر بدرێتە خەڵکانێك، بەلأم من بە تەواوەتی لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عوسمانم، ئەوە نەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێك بیر لەوە بکەنەوە، کە یاخی ببێت لە عەدالەت و خۆی بە دەستەوە نەدات بەرامبەر بەوەی عەفوێك هەیەو قانونێك هەیە شمولی دەکات و دوایێ عەفو دەگرێتەوە، یەعنی تەشجیعی یاخی بوون نەکەین لە عەدالەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە لێرە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك لە دەست یاسا رای کرد بێت و سزای خۆشی وەرنەگرتبێت، جارێکی تر تێکەڵی ژیانی ئاسایی کۆمەڵی بکەیتەوە، یەعنی کەواتە ئەو کەسە کۆمەڵگاکە فاسد دەکاتەوە، ئینجا دزی کردووە، پیاوی کوشتووە، هەر شتێکی کردووە، بۆیە من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە ئەو ماددەیە شتێکی باش نییە لێرە هەبێتن، مەحالێکی زۆر بە تاوانبار دەداتن، ئەگەر لا ببرێت سوودمەند دەبێت و یاسایەکەش قورسایی خۆی دەبێتن و مەوزونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەن، ڕەئیەك هەیە، یان دەڵێین بەڵێ، یان نەخێر، تکایە ئەگەر ڕەئیەکی جیا هەیە قەیدی ناکات، بەلأم ئا و نا زۆرمان بیست، دوو ڕەئیە، سێیەمی تێدا نییە، نوقتەی نیزام بێت کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ خۆی ئەم یاسایە، یاسایەكی ئیستیسنائیە، بۆ یەك جاریشە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەوەی ئەوان لێی دەترسن، جێی مەترسی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، فەرمووو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك سەردار پێشنیارێكی عەرز كرد، هیچ وەڵام نەدرایەوەو تەوزیحێكیش نەكرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هێشتا كۆتاییمان نەهێناوە، مانای ئەوە نییە وەڵاممان نەداوەتەوە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم كێشە ئێستا دوو نەوعی هەیە، یەكێكیان لە ئێرانە، یەكێكیشیان لە یۆنانە، زۆر پەیوەندی دەكەن بە كەسوكارەكانیان و بە هەردوو تەرەفەكە بێن خۆیان تەسلیم بكەن، چاوەڕێی یاسا دەكەن، بەڵام ئەم ماوەیە زۆر كەمە سی رۆژ، بكرێت بە پەنجا رۆژ، بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی لە دەرەوەن بتوانن بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بوونە دوو رەئی، بەس من رەئیەكی ترم هەیە، ئەو كەسەی یاخی بووە، یاسای یاخی بووی دەرچوویە، بەڵام حوكمێك دەرحەقی دەركراوە، ئەوە عەفو بكرێت بە مەرجێك لە تاریخی دەركردنی حوكمەكە تا تاریخی عەفوەكە، ئەوە بەند بكرێت، ئینجا دەربكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەو جوملەیەی لیژنەی ناوخۆ گوتیان (وفق احكام هذا القانون)، تەبیعی ئەگەر موافیقن، من دوو قسە دەكەم، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە، باشە كەواتە مولاحەزەكەی كاك سەردار كە دەڵێت (وفق احكام هذا القانون) تەحصیل حاصلە، هەر (وفق هذا القانون)ە، بەڵام ئیزافە بكرێتن، بۆ ئەوەی زیاتر وازیح بێتن، ئەوە یەك.

دوو/ رەئی ئەو سێ لیژنەیە لەسەر ئەو ماددەیە بۆتان شەرح بكەم، دوایی رەئی هەندێك ئەندام پەرلەمان كە پێچەوانەكەیەتی، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە حاڵەتێكە بۆ تەساموحیە لەناو

کۆمەڵگادا دروست ببێت، هەر ئەوەندە نییە تۆ عەفوی خەڵکێك دەکەیت لە زینداندا هەیە، بۆ ئەوەیە خەڵکێك بتوانێت کێشەکانی بەرەو کۆتایی بێنێتن، کوشتار بووە، شت بووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو رۆشنبیریەی کە داوای دەکەین، هەموو یاساکانمان دەرهێناوە بۆ ئەوەی ئەو تۆڵە سەندنەوەو ژن کوشتنە و مندالٚ کوشتن نەمێنێتن، بەلاٚم لە هەمان کاتیشدا دەسەلاٚتی پەرلەمان تەشریعی، دەسەلاٚتی جێ بەجێ کردن بە تەساموحەوە تەماشای کۆمەلگا دەکاتن، هەموو کەسێك دەبێت ئیستیفادە بکاتن لەو روحیەتەی کە هەیە لەناو ئەو قانونەدا، دێت خۆی تەسلیم دەکاتن، ئێمە لەبیرمان نەچێتن خۆ یەکسەر عەفو ناکرێتن، ئەو هەموو شروتەی لەسەر دانراوە، شروتەکانیش زۆر قورسن، کە نابێت ئیرهابی بێتن، دە، پازدە حاڵەتمان داناوە کە ئەوانە شمولیان ناکاتن، ئەو کەسانەش هەموویان خەتەرن لەسەر کۆمەلگا، ئەو کەسانەی شمولیان دەکاتن خەتەر نین لەسەر کۆمەلگا، بەڵکو حاڵەتێکی ئیجتماعی فورسەتێکە بۆ هەموو لایەك، حاڵەتێکی ئیجتیماعی راستتر دروست بکاتن لەناو موجتەمەع لەنێوانیاندا، لەنێوان خانەوادەیان، لەنێوان عەشیرەتیان، لەناو کۆمەڵدا مەترسیەکە کەم بێتەوەو تەوەتورەکە کەم بێتەوە، بۆیە رەئی ئەو سێ لیژنەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو حاڵەتەیە، ئەوانی تر کە پێچەوانەکەیان گوت، رەئیان لەبەر ئەوەیە دەڵێت ئەوە خۆی هەلاٚتووەو خۆی تەسلیم نەکردووە، یاخی بووە لە قانوندا، بۆیە نابێت تەسهیل بکرێتن، زۆر قسە کرا، بۆیە من ئەوەی لەگەلٚ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ پرۆژەکە بە تەعدیلەوەو لەگەلٚ هی کاك سەرداریش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەلٚ ئەسڵی پرۆژەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلٚ پێچەوانەکەیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی حەق نییە لە دەربڕینی بۆچوونەکان سەرۆکایەتی پشتیوانی لە بۆچوونێك بکاتن بە عەلەنی، بۆ ئەوەی تەئسیر لە ئەندامان بکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن پشتگیریم نەکرد عەرز بوو، ئەوە سەرۆکایەتیش حەقی هەیە رەئی خۆی بدات، وەکو ئەندامێك رەئی خۆی دەدات لە شەرحەکەدا، حەقی ئێوەشم نەخوارد گوتم ئەوانەی ئەوها دەڵێن ئەوە یاخی بووە لە قانون نابێت شمولی بکاتن، بەلاٚم ئێمەش ئەندامین، هەر یەك لە ئێوە رەئی خۆی داوە، بەس تەسەور نەبێتن لەبەر رەئی ئێمە، رەئی گۆڕاوە، خۆت شارەزای هەندێك جار قەناعەتیان پێ دەبێتن، چوار، پێنج جاریش رەئیمان داوە لە دەنگداندا رەئی ئێمە نەیخواردووە، لەبەر ئەوە نییە، کە ئێمە رەئیمان داوە خواردوویەتی، لەبەر ئەوەی مەنتیقەکەیان ئەو سێ لیژنەیە دیراسەتیان کردووەو مەنتیقیان بەقوەتتر بووە لە مەنتیقی هەندێك برادەر، بۆیە ئێمە دەمانەوێت تەساموحی بێت، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم: ئەگەر سوودمەندی حوكمەكانی ئەم یاسایە، لە بەندكراوو، گیراوان تاوانێكیان ئەنجامدا لە ماوەی (3) ساڵ دوای ئازاد كردنیان و سزادران، لەلایەن دادگای تایبەتمەند بە بەند كردن بۆ ماوەیەك كەلە (3) ساڵ كەمتر نەبێت، ئەوا بڕیاری لێبوردنەكە، یان كەمكردنەوەكەی سزاكە پووچەڵ دەكرێتەوەو، تەواوی ئەو سزایەی كە لەسەری لاچووە، بەسەریدا جێ بەجێ دەكرێتەوە، ئەگەر ئەو كارەی ئەنجامی دابوو، تاوان بوو، ئەگەر كارەكەشی كەتن بوو، ئەوا نیوەی سزاكەی لەسەر جێ بەجێ دەكرێت، هەروەها بڕیاری ڕاگرتنی ڕێكارەكانی لەسەر پووچەڵ دەكرێتەوە، كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، پێی سوودمەند بووەو، دەست دەكرێتەوە بە ڕێكارەكانی یاسایی، لەو كێشەیەی كە لەسەری دەستگیر كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عەونی تكایە بە عەرەبیەكە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة: إذا عاد المستفيد من الموقوفين والمحكومين من أحكام هذا القانون خلال (ثلاث سنوات) من تاريخ أطلاق سراحه الى أرتكاب جريمة وعوقب من أجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاث سنوات، يلغى قرار الأعفاء، أو التخفيض وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية ونصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة جنحة.**

**كما يلغى قرار إيقاف الإجراءات الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القانون وتستأنف الإجراءات بحقه في القضية التى أوقف فيها.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جارێ جینایەت و جونحەكە شەرح بكەن و مەنتیقەكەشتان شەرح كردووە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە ماددەی (25)ی قانونی عقوباتی عێراقی، كە بەركارە لە كوردستان تەحدیدی كردووەو تەعریفی جینایەی كردووە دەڵێت (الجناية/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبات التالية:**

**1- الاعدام.**

**2- السجن المؤبد.**

**3- السجن اكثر من خمس سنوات الى خمسة عشرة سنة.**

**ماددەی (26) لە قانونی عقوباتی عێراقی تەعریفی جونحەی كردووە، واتا كەتن دەڵێت (جنحة/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبتين التاليتين:**

1- الحبس الشديد او البسيط اكثر من ثلاثة اشهر الى خمس سنوات.

2- الغرامة.

ماددەی (27) لە قانونی عقوباتی عێراقی باسی موخالفەی دەکات دەڵێت (المخالفة/ هي الجريمة معاقب عليها بأحدى العقوبتين التاليتين:

1- الحبس البسيط لمدة (24) ساعة الى ثلاثة اشهر.

2- الغرامة التي لا تزيد مقدارها على ثلاثين ديناراً.

واتا ئەو تاوانبارانە ئەگەر هاتوو ماوەی سێ ساڵ پاش دەرچوونی ئەو قانونە، ئەگەر تاوانێکیان کرد، یان کەتنێکیان کرد، کە گوتمان تاوان جینائیە، کەتنیش جونحەیە، ئەوە محکەمە ئیجرائاتی قانونی دووبارە لەگەڵی دەکاتەوە بەو شەرتەی حوکمەکەی لە سێ ساڵ تێ نەپەڕێت و، قەراری ئیقاف ئیعفایەکە ئیلغا دەبێتن، هەروەها قەراری تەخفیزەکەش ئیلغا دەبێتەوە، بەنیسبەت ئەو کێشانەی کە ئیقاف ئیجرائاتی قانونیان لەگەڵ کراوە، ئەوانیش دووبارە دەگەڕێتەوە وەزعی خۆی، واتا عقوبەکە بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە جەریمەیان کردووە سێ ساڵ حوکم دران، ئەوە عەفوەکە نامێنێت، تەخفیزەکەش نامێنێت، (وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية)، واتا ئەگەر هاتوو جەریمەکەی تاوان بوو، ئەوە عقوبەکە بە کاملی دەگەڕێتەوە سەری، ئەگەر هاتوو جەریمەکەشی کەتن بوو، ئەوەی نیوەی عقوبەکەی دەگەڕێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە زۆر وازیحە، بەلاّم منیش هەر تۆزێك تەوزیحی تر بدەم، یەعنی ئەوە ئەو کەسەی کە لێبوردنەکە شمولی دەکاتن، تەبیعی هەست بەوە نەکاتن گەڕاوەتە ژیانی تەبیعی خۆی بێ موڕاقەبە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو مێشکەی کە هەیەتی، ئەو ڕێگەیە نەگرێتە بەر، کە پێشتر کردوویەتی لە تاوان، ئینجا ئەو تاوانە لە چ مەرتەبەیەك بێتن، جینایەت بێت، یان جونحە بێتن، ئەگەر ئەو لێبوردنە گرتیەوەو جارێکی تر بە هەمان شێوە بە تاوانەکەی خۆی هەڵسا، لە لێبورنەکەش پەشیمان دەبینەوە، واتا حوکم درا بەپێی ئەو نەصەی کە هەیەتی، ئەگەر جەریمەیەکی تری کرد عقوبەکەی پێشوو کە عەفو کرا بوو لێی ئیلغا دەکرێتن، بۆ ئەوەیە ئەوانەی ئیستیفادە لەو قانونە دەکەن، باش بیر بکەنەوە ئەو ڕێگایەی پێشتر نەگرن، من پێم وایە زۆر وازیحە، ئەگەر کەسێك قسەی نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکان ئەم بڕیارە، لیژنەیەك پێك دێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە پلەی دووەم کەمتر نەبێت کە وەزیری داد رایدەسپێرێ و نوێنەرێك لە هەریەك لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ

و كارو كاروبارى كۆمەلأيەتى و مافى مرۆڤ)و نوێنەرێكى سەرۆكايەتى داواكارى گشتى بۆ بەدواداچوونى جێ بەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم بڕيارە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عەونى بە عەرەبيەكەى تكايە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضوية ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان وهيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە تازەيە كاك عەونى، ئەوەتان ئيزافە كردووە، بەس ئەوە تەناقوز نييە لەگەڵ قەرارى ليژنەيەك هەيە تەشكيل كراوەو ئيش دەكاتن، يەعنى دوو ئەندام پەرلەمانى تێدايە، جارێكى تر بيخوێنەوە بزانم نەصەكە چيە، ئەو فەقەرەكەى ئەخير بخوێنەوە، بزانم چيە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەرگاى موناقەشە دەكەمەوە، كێ دەيەوێت قسەى بكات لەسەر ئەو مەوزوعە، كاك محەمەد حەكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە حەقيقەت ئێمە دوو كێشەمان هەيە، كێشەى مەحكومين و كێشەى مەحجوزين، كێشەى مەحكومين ئەو قانونە ڕێژەيەكى چارەسەر دەكات، ڕێژەيەك لە خەڵك ئەو عەفوەيان بە بەر دەكەوێت، شتێكى چاكەو دەستكەوتێكى چاكە بۆ پەرلەمانيش، دەمێنێتەوە كێشەى مەحجوزين، ئەوانەى سێ چوار ساڵە گيراون و حاكم نەيبينيون، هێشتا مەلەف و شتيان نەخراوەتە بەردەم حاكم، من لە جەنابيشتم پرسى، فەرمووت ليژنەيەك هەيە، پێمان خۆشە ڕوونكردنەوەيەك هەبێت، كە ئەو ليژنەيە چۆنە، چونكە ئەوە ماوەيەكى زۆرە ئەو مەسەلەيە دراوەتە پەرلەمان و ليژنەى مافى مرۆڤ و، من بە حەقيقەت لەم ڕۆژانە نامەيەكم بۆ

هات له لایەن گیراویکەوە، کە سێ ساڵە گیراوە، نووسی بووی کاك محەمەد خۆزگەم خواستووە کە قاتیل بوومایەو کەسوکارم سوڵحیان بۆم بکردایە بەو قانونی عەفوە دەردەکرام، بەلاَم من سێ ساڵە هیچ تاوانێك لە خۆم شك نابەم، تاکو ئێستاش حاکمیش نەیبینیوم، ئەمە بۆ ئەوەی کەس لە قسەکانم غەڵەت حاڵی نەبێت، ئێمە دیفاع لە خەڵکی قاتیل و تاوانبار و ئیرهابی و تیرۆریست ناکەین، ئێمە دژی تیرۆرین و، دژی تێکدانی ئەمنیەتی کوردستانین، سوپاسی هەموو دەزگاکان دەکەین، کە ئەمنیەتی کوردستانیان پاراستووە، بەلاَم لەڕاستیدا حەقە پەرلەمان قسەی لەوەدا هەبێت، کە ئەو مەلەفە روون بێتەوە، کە تاوانبار و بێ تاوان لەو صنفە خەڵکەی کە گیراوە دەرکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکانێك هەن ئێستا نەوەت رۆژ ماوە دەربچێتن و عقوبەکەی خۆی خواردووە، نەوەت رۆژی تر ئینتیزار بکاتن تا دەرچێتن، حەسب ئەو فەقەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوقوفین دەڵێتن حوکم نەدراون، ئەوەی حوکم دراوە شمولی ناکاتن، مەقصەدی ئەوە نییە، مەقصەدی ئەو لیژنەیە ئەوە نییە، ئەو کەسانەی کە حوکمیان لەسەر دراوەو حوکمەکەی بەسەر دەبەن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە کارێکی دروستە، لیژنەی یاسایی دەستیان خۆش بێت ئیشکێکی باشیان کردووە، بۆ ئەوەی قەزایەی ئەو مەوقوفانەش حەلّ بکرێت، بەلاَم وەکو لە جەلسەی پێشووش باسمان کرد، بە تەنیا لە سلێمانی کۆمەڵێکمان هەیە لەو مەحکومانەی کە ماونەتەوە، هیچ مەشمول نابن بەو قەراری عەفوە، ئەوانەی وەختی خۆی عقوبەیان ئیعدام بووینە بە قەراری 127 لە 2003/10/1 بۆتە سجنی موئەبەد، من پێم باشە، ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە کاری ئەو موقوفانە، ئیشێکیش بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە بکات لە زیندانی سلێمانی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە جەلسەی پێشوو باس کرا، داوا لە لیژنەی یاساش کرا صیاغە تەقدیم بکات، لە کۆتاییدا صیاغەتێك حازر کراوە، چونکە موناقەشەی لەسەر کرا، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەكەم دەربارەی كەسێك كە موتەهەمەو دەگیرێت، حیجز دەكرێت، ئەو فەترە قانونیە چەندە، تا كەسێكی موتەهەم ماوەیەكی زەمەنی دەمێنێتەوە، تا دوا جار حوكمی بەسەردا دەدرێت، ئایا مانگێكە، ساڵێكە، دوو ساڵە، سێ ساڵە، چوار ساڵە، دوایی هەر بە مەحجوزی دەمێنێتەوەو دواتر دەردەكەوێت كە موتەهەم نییە بە تاوانەی كە پێی كراوە، لە رووی قانونیەوە ئەوەی دەڵێت قەرەبووی دەكرێتەوە، ئەوە حوكمی چۆنە و پرسیارەكەم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با ئێمە جیاوازیەكی بكەین لەنێوان مەحكوم و مەوقوف و مەحجوز، مەحكوم ئەو كەسانەیە كە حوكم دراون لە محكەمەی قەراری لەسەر دەرچووە، مەوقوف ئەو كەسانەنە كە كێشەیان لەبەردەم دادگایە، بەڵام تەواو نەبووە، مەحجوز قەرارێكی ئیدارییە، عیلاقەی بە محكەمەوە نییە، هیچ تەعبیرێكی قانونی نییە، حیجر ئەشخاصی مەحجوزین، مەحجوز ئیدارییە عیلاقەی بە موحاكمەوە نییە، مەحاكم یان مەحكومە، یان مەوقوفە، ئەوە یەك. بەنیسبەت ماوەی ناحیەی قانونی سەقفی زەمەنی بۆ حەسمی قەزایەكان شەش مانگە لە مەرحەلەی تەحقیق، واتا هەر كێشەیەك تاخیر بوو لەو شەش مانگەی ئیحالەی محكەمەی جینایاتی مەنتیقە دەكرێت، محكەمەی جینایات هەیئەكە لە رەئیسی محكەمەو دوو ئەندامی تێدایە، ئەوانە تەماشای كێشەكە دەكەن، بزانن عەجەبە ئەو كێشەیە بۆ تاخیر بووە، بۆ حەسم نەبووە، چونكە مەفروزە لەو ماوەیە هەر كێشەیەك محكەمەی تەحقیق تەحقیقی لەسەر دەكات، ئەو كەسانەی كە تاوانێكیان لەسەر نییە، ئەوە محكەمەی تەحقیق خۆی سەلاّحیەتی هەیە ئیفراجیان بكات، بەرەڵایان بكات، بەڵام ئەگەر هاتوو دەلیلیان هەبوو، دەبێت ئیحالەی محكەمەی موختەس بكرێت، محكەمە قەراری لەسەر دەدات عەجەبە حوكمی دەدات ئەگەر تاوانی كردووە، كەتنی كردووە، یان هیچی لەسەر نەبوو، ئەو وەختی لە محكەمە ئیفراجی لەسەر دەدرێت، گرنگ ئەوەیە لە ناحیەی قانونی شەش مانگە، نابێت لەو ماوەیە تەجاوز بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەكانی من كاك محەمەد حەكیم كردی، بەشەكەی تر پێویستە لەڕاستیدا ئێمە شتێك بكەین لە شەڕی ناوخۆ كۆمەڵێك خەڵك بزرە، خەڵك وا دەزانێت تاكو ئێستا زیندانی كراوە، لە زیمنی مەفقودین

**حیسابه، یان محجوزین، حەقە بەڕاستی ئەو لیژنەیەی کە پێك دێتن چارەنووسی ئەوانەش دیاری بکاتن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە چی تر لە چاوەڕوانی نەمێنێتەوە، ئەگەر ماون خەڵکێك چاوەڕێ دەکاتن، کە بە بەر ئەو لێبوردنە بکەوێتن، ئەگەر نەشماون چارەنووسیان دیاری بکرێتن لەو مەسەلەیە، ئەوە یەك.**

**خاڵێکی تر/ بەنیسبەت ئەو نەوەت ڕۆژە، بکرێت بە (60) ڕۆژ، چونکە (90) ڕۆژ زۆر زۆرە، یەعنی قانونەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆ ماوەی سێ مانگ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من دوو پرسیارم هەیە، یەك/ یەعنی ئەمانە بەس ئەوانە دەگرێتەوە کە مەوقوفن، بەلاّم ئایا ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئاسایش حیجزن، چونکە زۆر خەڵکێك پەیوەندی کردووە، ئەوانەش دەڵێن ماوەیەکە لەوێن، ئەوانیش پرسیاریان هەیە، بەر دەکەون، یان بەر ناکەون، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تەئکید کە گوتت موقوف هەمووی دەگرێتەوە، تەحصیل حاصلە، کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سوپاس قسەی من کرا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێت بە دوو بڕگە، بڕگەیەك/ بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك، هەروا بکرێت لیژنەیەك وا پێك بهێنرێت لە رووی تەکنیکیەوە رەنگە باشتر بێت، لیژنەی دووەم ئەرکی لیژنەکە دیاری بکرێت، ئەوە پێشنیاری یەکەم. سەبارەت بەوەش من تەئیدی ماددەکە دەکەم، بەلاّم لە جیاتی (الاسراع في انجاز معاملاتهم)، لە جیاتی ئیسراع بێت جێ بەجێ کردنی موعامەلاتی لە ماوەی سێ مانگدا، واتا لە ماوەی سێ مانگ کێشەی هەموو ئەوانە جێ بەجێ بکرێت، نەك ئیسراع، ئەوە یەك.**

**دوو/ ئێمە خۆمان دەزانین لە کوردستان کاك عەونی ئێستا روونکردنەوەیەکیدا ماوەی مەوقوف شەش مانگە لە کوردستاندا بەپێی قانون، بەلاّم بەڕاستی پێشێلکارییەکی زەقاو زەق هەیە، خەڵك هەیە سێ ساڵە زیندانە تاکو ئێستا حوکم نەدراوە، خەڵکیش هەیە محکەمە بڕیاری ئازاد کردنی دایە، بەلاّم ئاسایش تاکو ئێستا هێشتۆتیەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلانەمان لەبەرچاو بێت، پێویستە لە ماوەی سێ مانگدا کێشەکانیان نەك ئیسراع بکرێت، هەمووی یەکلا بکرێتەوە، من حەز دەکەم ئەوە تۆزێك رێکتر بخرێتەوە،**

ئەو مەسەلەیەمان لەبەر چاو بێت، بۆ ئەوەی چی تر پێشیلکاری ئەو یاسایانەی کە لێرە دەکرێتن نەمێنێت، بەلایەنی کەم ئەوەی کە کراوە لێرە کۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی گیراوە دەبێت بەگوێرەی قانونی ئوصولی موحاکەمات بە شەش مانگ یەکلا بکرێتەوە، یان ئازاد بکرێت، یان حوکم بدرێت، بەداخەوە کە ئێمە سەردانی چاکسازیەکانمان کرد، هەبوو سێ ساڵ و سێ مانگ لەوێ بوو، بەڕاستی ئەوەش پێشیلّ کردنی مافی مرۆڤ و یاساشە، دەبێت ئەوە نەهێڵدرێت و لە ئایندەدا لە شەش مانگ زیاتر نابێت هەر گیراوێك بمێنێتەوە لە زیندان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیزافەی بۆ کاك محەمەد حەکیم و کاك ئارێز و کاك تاریقش داوا لەو لیژنەیە بکرێت، کە قەزیەی مەحجوزینیش فایلەکانیان بنێردرێن بۆ مەحکەمە.

دوو/ ئەو سێ مانگە کەم نییە بۆ موداوەلە کردن و سەیر کردنی ئەو هەموو فایلانەی مەوقیفین سێ مانگ کەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەك ئەندامێکی لیژنەی قانونی هاوکارم لەگەڵ هاورێکانمدا، بەڕاستی من موتەفیقم لەگەڵیان، بەلاّم ئەو بڕگەیە بە قەناعەتی من جیا بکرێتەوە باشترە، وەك پێشنیارێك، چونکە مەسەلەی مەوقوف بەجددی لەناو سەحافەی کوردستاندا بۆتە مەسەلەیەکی بەرچاو و ئیسارەیەکی گەورە دروست دەکات، ئیحتیمالە وا پێویست بکات ئەوەی کاك ئارێز فەرمووی، بەڕاستی پێشنیارێکی مەعقول، یەعنی ئەرکەکان بکرێتە دوو بەشەوە، هی مەوقوف جیا بکرێتەوە باشترەو ئیسراعێکی لێ بکرێت هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بە حەقیقەت ئەوەی لیژنەی قانونی ئیزافەیان کردووە، من بە زیادی دەبینم، چونکە لیژنەیەك تەشکیل کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە نوێنەری پەرلەمانی تیایە، نوێنەرانی حکومەتی تیایەو نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێمی تیایە، بۆ بەدواداچوونی کێشەکان یەك بە یەك و عەفوێکی گشتی پێ دەربچێت.**

**بەنیسبەت ئەم بڕیارەی کە لێرە دەدرێت، مەحکەمە مولزەمە جێ بەجێی دەکات، ئەمە ئیشی مودەعی عام و تەحقیقە، ئیشی ئەوە نییە لیژنەیەك بڕوات و بەدوایاندا بگەڕێت، بۆیە ئەمە بۆ قەزا لێ بگەڕێن و جێ بەجێی بڕیارەکە بکەن، تەشکیل بوونی لیژنەی تر زیادە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید** خضر (زانا):

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەبعەن لە عێراقدا هەمووی لە حاڵەتێکی نائاساییدا دەژین، جگە لە هەرێمی کوردستان نەبێت، مانگانەش پەرلەمانی عێراق دادەنیشێت و باری نائاسایی نوێ دەکاتەوە، هەموو جاریش دەڵێت جگە لە هەرێمی کوردستان، ئێستاش فەراغێکی قانونی هەیەو حاڵەتێك هەیە پێشێلکاری یاسایە، ئێمەش وەکو دەزگایەکی یاسادانەر لە پەرلەمانی کوردستاندا، حەقی خۆمانە لێی بپرسینەوە بزانین لە کوێ پێشێلی یاسا هەیە، بەڵام ئایا ئێمە چ وەزیرێك بانگ بکەین لێرە موسائەلەی بکەین لە مەوزوعی مەقوفین و محتەجزین لێ بپێچینەوە، دەزگایەك نییە تاکو ئێستا دەزگایەکی غامیزە لەبەرچاومان، بۆیە کێشەی مەوقوفین و مەحجوزین کێشەیەکی حەقیقیە، گەیشتۆتە سەحافەی عالەمی باسی کراوە، هەموو ڕۆژێك بەر دەرگامان لێ دەگیرێت لە لایەن کەسوکاری ئەو گیراوانەوە، ئەمڕۆش فورسەتێکە لە زیمنی ئەو قانونە چارەسەرێك بکەین، هەر ئەو قانونە ئێمە پێنج، شەش مانگە تەقدیمان کردووە، بە چ حاڵ تا گەیشتە خوێندەوەو موناقەشە، ئێستا هەر مەشروعێکی تر دەست پێ بکەین لەوانەیە شەش مانگی تری پێ بچێت، بۆیە لەو قانونە ئێمە هەڵدەستین تاوانباران عەفو دەکەین، ئەوانەی کە مەحکەمە بە تاوانباری داناون، ئەی کەسانێك مەشتەبەهن، کە بە تەقریرێکی درۆ، بە غەرەز شەخسی، بە هەر بابەتێك بێت حیجز کراون، من قائیمەیەکم لە لایە لە لیژنەی مافی مرۆڤ زیاتر لە (158) ناوە کە سکاڵایان بە ئێمە گەیشتووە، لە ساڵی 2000ەوە مەوقوفن، (2001 – 2002... تا 2006)ی تێدایە، پێنج ساڵ و شەش ساڵ و حەوت ساڵی تێدایە، حاکم نەیبینیون، واتا دادگا نەکراون، قائیمەیەکی مەوقوفینم لە لایە کە سکاڵایان هێناوتە لای ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ، پازدە کەسن بەس ئەوانەی کە سکاڵایان بە ئێمە گەیشتووە، بۆیە من داوا دەکەم وشەی مەحجوزینیش زیاد بکرێت، نەوەکو تەئویلێك بکرێت مەوقوفین نەیانگرێتەوە، مەحجوزینیش بە ئەسبابی ئیداری حیجز کراون بیانگرێتەوە، ئەمەش فورسەتێکی باش و بە**

دەستكەوتێكی بۆ پەرلەمانی كوردستان، ئەندامانی پەرلەمان لەو مەوزوعەدا حەقی خۆیانە داوا بكەن، داواكارم ئەو فەقەرەیە وەكو خۆی تەسبیت بكرێت، ئەگەر وشەی مەحجوزینیش زیاد بكرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم داوات نەكرد بوو قسە بكەیت، موخالیفی لیژنەی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بڕگەیەی كە هاتووە، ئەو ماددەیەی كە هاتووە، ئەو لیژنەیە لە جێی خۆیەتی كە دروست كراوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی مەوقوفەكان و گیراوەكان یەكلا بكاتەوە، ئەوەی بەڵگەی لەسەرە بدرێتە دادگا، ئەوەی بەڵگەی لەسەر نییە بەرەڵاَ بكرێتن، بەپێی یاساكان، ئیتر باسی موقوفین نییەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا من حەقم نییە قسەی بكەم، ئێستا تۆ خۆت دیفاع دەكەیت لە رەئی لیژنەی قانونی، منیش رەئی خۆم دەڵێم ئەگەر ئیجازە هەبێتن، جارێ دوو شت هەیە یەكێكیان ئەوەیە، ئێمە دەمانەوێت مەوقیف تەسجیل بكەین، یان دەمانەوێت كێشە چارەسەر بكەین، ئەگەر مەوقیف تەسجیل كردن بێت، حەز دەكەیت ئەو قەرارە دەكەینە ئینشا دەیدەنێ، تەماشای نەصەكەی بكەین، ئایا ئەو نەصە، ئەو لیژنەیە دەتوانێت چارەسەری كێشەی ئەو زیندانیانە بكات، حاكمێك دەتوانێتن، ئەم كێشەیە ئیمتیداداتی هەیە، یەكەم ئیمتیداداتی تۆزێكی شەڕی ناوخۆیە، دووەم ئیمتیداداتی ئەوانەی موتەهەمن بە ئیرهاب، زۆر كەس هەیە موتەهەمە بە ئیرهاب نەدراونەتە محكەمە، زۆر مەسائیلیش هەیە پەیوەندی بەوەدا هەیە، هەموو جار عەرزی جەنابتان دەكەم، دەسەڵاتی یاسا بەشێوەیەكی رێك و پێك جێ بەجێ ناكرێتن، ئێمە لە لایەكەوە لیژنەیەكمان داناوە لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە پێشنیار كراوە ئەو لیژنەیە، چونكە ئەو حاڵەتێكی تایبەتە، ئەو حاڵەتە تایبەتە ئەگەر بە قوەتێكی تەواو نەبێتن چارەسەر ناكرێتن، ئێمە دەبێت واقیعی بین، هێشتا دامودەزگاكانی ئاسایش و ئەمنیەت تەوحید نەكراون، هێشتا دەسەڵاتی یاسا نەگەیشتۆتە هەموو شوێنێك، من لەگەڵتانم زۆر كەس هەیە لە زیندانە حاكمیش ئەمری كردووە بەربێتن بەپێی قەزیەكەی، بەڵام ئاسایش گرتوویەتی، ئەمە دەبێت چارەسەر بكرێتن، لەگەڵ رێزم بۆ حاكمیش ئەو لیژنەیەی كە ئێستا ئاماژەی پێ دەكەن زەعیفترە، بەداخەوە كە زەعیفترە لەو لیژنەیەی كە پێكهاتووە، ئەو لیژنەیەی كە پێكهاتووە دائیمەن كۆمەڵێك فایلاتیان لەلایەو كۆیان كردۆتەوە، ئەو ناوانەی كە كاك زانا ئیشارەتی پێدا هەمووی لە لای ئەو لیژنەیە، لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكەو لەگەڵ ئەندامانی لیژنەكە لە پەیوەندیدام، جگە لەوەی كە مەسئولیەتی ئێمەیە، كە واجیبی سەرشانی ئێمەشە، پێم وایە ئەو ژنانەی كە هاتنە بەردەم پەرلەمان داوای نەتیجە دەكەن، داوای ئەوە ناكەن من لێرە قەرارێك دەردەكەم، بڵێم كاكە قەرارێكم وەرگرتووە، بڵێن ئافەرین زۆرباشەو بچێتە ماڵی خۆی و هەر كەسێك لە ئێمە ئیشی پەرلەمانی خۆی بكات،

گرنگ ئەوەیە ئێمە بگەینە نەتیجە، ئەو حاڵەتانەی لەناو زیندانیەکانـدا هەیـە ناعەدالـەتی هەیـە و یـەکلا نەکراونەتەوە، یەکلا بکرێتەوە، بۆیە من پێم باشە فورسـەتێك بدرێتـە ئـەو لیژنەیـەی کـە دانـراوەو ئـیش دەکات، ئێمە ئەو نەصە دابنێین لەو هینە، ئەو لیژنەیە ئیشەکەی بەڕاستی بـەڕێك و پێکـی ڕەنگـە خۆیـان حەل بکەن، بڵێن مادام ئێمە ئیشەکەتان حەل کردووە ئێمە عیلاقـەمان نییـە فـەرموو بـڕۆن، ئینجـا بزانـێ چـەند ڕۆتـینی وەردەگرێـت، بـا فورسـەتێك بدەینـە ئـەو لیژنەیـە، پـێم وایـە لیژنەیـەکی جددییـە، ئەگـەر ماوەیەکی تـر دیـاری کـراو جوابیـان نـەبوو، کـەم تەرخـەم بـوون بـە دڵـی ئێـوە نـەبوون، ئـەوە دە ئەنـدامی پەرلـەمان دەتـوانن داوا بکـەن بـە قـەرارێك وەکـو ئێسـتا هینتـان کـردووە داخیلـی دەکـەین و دەکەینـە قەرارێکیش، نازانم جا ڕەئی کۆتایی ڕەئی خۆتان دەبێتن، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ئیشارەتتدا بۆ حاڵەتێك، ئەوە من دەتوانم بڵێم ئـەو حاڵەتانـە سیاسـی تەفسیر دەکـرێتن زیـاتر لـە قانونی، چونکە ئێمە لێرە باسی ئەوە دەکـەین کـە زیـاتر سـەلاحیەت بدرێتـە ئـەو لیژنەیـە (لمتابعـة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم و قضاياهم على أن تنجز أعمالها خـلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القـانون و بانتهائها تعتـبر اللجنـة منحلـة)، ئـەوە مەبەسـتمان لێـرە ئەوەیـە ئـەو کێشـانە حاڵـەتێکی عامـە و مەکشـوفە، یـەعنی مـەوقوف هەنـە و زۆرە دەزانـین کێیـە مەوقوفـەکان، لـە مەوقوفـەکانی هـەولێر و سـلێمانی و دهـۆك، کـە چـووین زیارەتمـان کـردن ناوەکانیشـیان مەعلومە، ئێمە مەبەستمان ئەوانەیە، نەك ئەو کەسانەی دیار نینە نازانین کێنە، ئەو لیژنەیـە دانـراوە کـە جـەنابت ئیشـارەتت پێـدا بـە ئـەمری سـەرۆکی هـەرێم، ئـەوە عیلاقـەی بـەوە نییـە، ئێمـەش موعالەجـەی حاڵەتێکی عام دەکەین، هی ئەوان خاصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتـەن بـۆ ئـەو قسانەی کە کـاك عـەونی ئیشارەتی پێـدا، بەڕاسـتی زۆر باسـی ئـەوە کـرا کـە هەنـدێك مـەوقوفین هەیـە سـاڵێك بەسـەریان تێپـەڕیووە، یـان سـاڵێك و نیـو بەسـەریاندا تێپـەڕیووە، لیژنـەی پەیوەندیداری پەرلەمان کە سەردانی زیندانیان کرد، ئەو حاڵەتانە هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نەبوو، پاش ئـەوەی ئێمـە لێکۆڵینـەوەمان کـرد لەگـەڵیان بەڕاستی، هەنـدێکیان تـەجاوزی سـەقفی زەمـنی تێـدابوو شـەش مانگەکـە، لـە حاکمـەکانمان پرسـی، لـە ئیـدیعای عامـان پرسـی، گوتیـان مەسـەلەن گیروگرفتـەکانمان ئەوەیـە شـاهێد حـازر نـەبووە، شـاهێد لـە دەرەوەی عێراقـە، بەڵگـەکان تـەواو نییـە، بـە قـەراری ریئاسـەی مەحکەمەی جینایات کە دەسەڵاتی هەیە دەتوانێت تەمدیدی ئەو سەقفە زەمنیە بکاتن، بۆ ماوەیـەکی تـر،

یەعنی دەتوانێت ئەو سەقفە مەجالی بدرێتێ، هەتا بتوانرێت لە زمنی سەقفی قانونەکە خۆی ئەو موعامەلاتە ئینجاز بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئێستا دوو رەئی هەیە لەناو هیندا، رەئیەك هەیە دەڵێت ئەو فەقەرەیە زیادە، ئەوە ئەوەل جار بخەمە دەنگدانەوە، یان نەصی پێشنیاری ئێوە، لیژنەی یاسایی موسیرە لەسەر پێشنیاری خۆی، لەگەڵ هەندێك برادەر پێشنیاریان کرد و قسەیان کرد گوتیان ئەو فەقەرەیە زیادە نەمێنێتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو فەقەرەی ئەخیر تەشکیل کردنی ئەو لیژنەیە بەدواداچوونی ئەو قەزایانە دابنرێتن، یەعنی لە نەصەکەدا نەمێنێت و لابدرێت خیلاف لیژنەی قانونیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تێ نەگەیشتن، ئەوەی داوا دەکات ئەو فەقەرەیەی دوایی ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە کە دەڵێتن (وکذلك متابعة.......) ئەو لیژنەیەی کە دادەنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو قانونە، موتابەعەی هەموو قەزایەی مەوقوفین بکاتن، کاك عەونی بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەعنی تێ نەگەیشتوون، کاك زانا نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی قانونی دەبێت یەکەم جار بدرێتە دەنگدانەوە، نەك ئەسڵەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بۆ پرۆژەیە، جارێکی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونییە بەهەموویەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس،؟ کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە،؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، من زۆر پێم خۆشە کە قبول کرا، بۆ ئەوەی رەدی کاك کەریم بدەمەوە، رەئی من چی بوو، عکسی هینەکەش بوو، لەبەر ئەوەی جارێکی تر رەخنەم لێ مەگرە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەوە قەبول کرا، بەس ئێمە پێشتر لەسەر ئەوە بوو زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوای گۆڕانکاریان کرد، کەچی هەموو رەئیەکانی ئێمە بەلاش چوو هەروەکو خۆی مایەوە، ئەو گفتوگۆیە ئاخری هەر هاتینەوە سەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گۆڕانكاریەكە دوو كەس، سێ كەس ئیجماعی لەسەر نەبوو، بۆیە نەخرا دەنگدانەوە، لیژنەی قانونی بەكۆی دەنگەوە هین كرا، تكایە ماددەی دوازە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم: زیان لێكەوتوو، لەو تاوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە، بۆی هەیە، ئەگەر مافی پێشێل كرابوو لە بەردەم دادگا شارستانیەكاندا داوای قەرەبووكردنەوە بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: للمتضرر من الجريمة المشمولة بأحكام هذا القانون حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان له مقتضى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ تەوزیحی برادەران، حقووقی مودەعی بە حەقی مەدەنی، یاخود حقووقی شەخسی بەو فەقەرەیە پارێزراوە، مەسەلەن ئەگەر هاتوو یەكێك بە حادیسەی سەیارە، سەیارەكەی زەرەری هێنا، ئەوە ئیعتیادی دەتوانێت هەتا ئەگەر عەفوش بیگرێتەوە لە مەحاكمی مەدەنی شكایەت بكاتن تەعویزی خۆی وەربگرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم تۆ لە لیژنەی قانونی رەئی خۆت تەرح كرد، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێت، ئەوانەی كە مەوقوفن لە شەش مانگ زیاتر دوو ساڵ، سێ ساڵ كە بەرائەت دەردەچن، هەقە حەقی ئەوەیان هەبێتن داوای حەقی تەعویز بكەن لە حكومەت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من پرسیارێكم هەیە، باشە ئەوەی تەساڵوحی كردووە، غەیر تەنازولی كردووە لە حەقی خۆی، زۆر روون نییە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان ڕەئی جەنابتم هەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڕاستی ئەگەر شتێك موسالەحەی تیا كرا بێت واتا تەنازول كراوە، خۆی عەفوەكە ئەساسەكەی موسالەحەیە، كە موسالەحە بێتن چۆن داوای حەقی شەخسی دەكاتن، دەبێت تەنازولی لە حەقی شەخسی كرد بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر كەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵێك بەبیرم هات ئەو موسالەحەیە شتێكی ئیزافە بكەین، كە ئافرەت، ژن نەدرێت لە پێناوی ئەو سوڵحە، یەعنی ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونكە بەڕاستی زۆر دەیانكەنە زەحیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بۆ ماددەی پێشوو ئیعتیرازم هەیە لەوەی جەنابت هەر بۆ ئەو بەشەی تەصویتت كرد كە چەند كەس رای لێیەتی، ئەوە یەك. دەبوایە بتكردایە چەند كەس رای لێ نییە،

دووەم/ بەڕاستی من مولاحەزەیەكم هەیە لە جەنابتان، ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونەكان، بابەتێك هەیە پێنج پەرلەمانتار قسەی لەسەر دەكات، دەڵێت شتێك ئیزافە بكرێت، نایخەنە دەنگدانەوە قەزیەی موحتەجزین قسەی لەسەر كراوە، ئێمەی پەرلەمانتار جەماوەر پرسیارمان لێ دەكات، ئێوە دادەنیشن عەفوێك بۆ مەحكوم دەردەكەن، كەسێك موحتەجزەو چەند ساڵێك گیراوەو بە شەرمنی بەسەریاندا تێپەڕ دەبن، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم ئەو ماددەیە پیاچوونەوەی تیا بكرێت، چونكە ڕەئی ئەوانە وەرنەگیراوە، ئێمە ئێستا بچینە دەرەوە چی بەو خەڵكە بڵێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیش نییە، پێشنیار ئەگەر ڕێگای قانونی نەبێت، چۆن بیدەینە دەنگدان، كێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم ڕوونكردنەوەیە، ئەگەر هاووڵاتیەك لە لایەن حكومەتەوە زیانی لێكەوت، دەتوانێت داوای تەعویز لە حكومەت بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی خۆی ئەو دەتوانێتن، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەساسی عەفوەكەمان موساڵەحەیە، یەعنی ئەمە تەناقوزە، بەڕاستی لێرە جارێكی تر داوای حەقی شەخسی بكاتەوە، لێرە مەرجمان داناوە دەڵێ ئەگەر موساڵەحەی تێدا بێت، ئەوجا عەفو دەیگرێتەوە، داوا كردنی حەقی شەخسی یەعنی موساڵەحە نەكراوە لە مەوزوعەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكەم زیاتر بەرامبەر لیژنەی یاساییە، لەسەر ماددەی دوازدە فەرەبووەكە زیاتر تەوزیحی پێ بدەن لە كێ داوا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من نازانم بەپێی ئەو مولاحەزاتانەی كە درا لیژنەی یاسایی ئایا موسیرە لەسەر پێشنیارەكەی كە هەبێت، چونكە هەندێك برادەر مولاحەزەیاندا، كە ئەوە تەوناقوزە لەگەڵ موساڵەحەكە، كە موساڵەحەكت گوت ئەوە ناگرێتەوە، ئینجا ئەگەر موسیرن لەسەر پێشنیارەكەی خۆیان، ئەو رەئیەی كە درا لە پەرلەمان دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو كاك ئاخیر نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوانەی موساڵەحەی دەكەن، دەبێت پێش وەخت موساڵەحەكەیان لە پێش حاكم، دادگا تەصدیق كرا بێت، ئەوجا بە موساڵەحە حیساب دەكرێت، كەواتە تۆ نابێت لە لای دادگا جارێكی تر شكایەت بكەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە رەئیە، كاك فرسەت تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوڵح دائیمەن لەسەر عقوبە ناكرێت، عقوبە حەقی عامە، سوڵح لەسەر حەقی شەخسی دەكرێت، حەقی شەخسیش تەعویزە، مەبلغە، پارەیە، ئان لەسەر حقووقەكانی تر، وەكی سوڵح دەكرێت نەك لەسەر عقوبەیە، لەسەر مافی شەخسیە، تەعویزە، لێرە بە رەئی من موتەناقیزە لەگەڵ ئەو مەبدەئە، چونكە مەفروزە حەقی خۆی وەرگرتبێت، ئان وەرشی گرتبێت، ئێمە نە مەسئوولین، مادام لە لای دادگا ئیقراری

کردبێت، کو سوڵحی کریە، زاهیری حاڵ وا دیارە حەقی خۆی وەرگرتووە، ئەمە دوایێ دەربچێت وەری نەگرتووە، ئەمە مەسئوولیەتی ئەوە، مەسئوولیەتی قانون نییە بەڕاستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی قانونی پێدا بچنەوە، ئەگەر پێشنیاریان سەحب دەکەن پێمان بڵێن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تەناقوزی تێدا نییە ئەو ماددەیە لەگەڵ عمومی قانونەکەی، بۆ ئەو سەبەبانە:

یەك/ ئێمە لە ماددەیەکی باسی ئەوە دەکەین (تخفض مدة العقوبة في القضايا التي لم تتم فيها المصالحة)، ئەوە یەك.

دووەمین/ موخالەفە بەبێ شروت، ئەوە مەشمولە بەو قانونەی.

سێیەمین/ لە نەصی ماددەکە هاتووە (ان كان لە مقتضى)، مادام ئەو سێ حاڵەتە هەیە، ئەو مەجالە تەناقوزەی تێدا نییە، ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتریش ئیشارەتم پێدا من لەو کۆبوونەوەیە حازر نەبووم، بەڵام من لێرە تەئیدی وجهەی نەزەری کاك فرسەت دەکەم، چونکە ئەگەر موساڵەحە نەکرێتن، مەسەلەن تەعویز وەردەگیرێتن، ئینجا تەساڵوح دەکرێت، ئەوە تەحصیل حاصلە بە قەناعەتی من بەڕاستی، من تەئیدی وجهەی نەزەری کاك فرسەت دەکەم، چونکە ئەو نەصە بەڕاستی لێرە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە نوقصانە بەڕاستی، چونکە ئەو کەسەی کە حوکم دەدرێت لەسەر جەریمە حوکم دەدرێت، ئەمە یەك.

دووەم/ تۆ چ قەرەبووی دەکەیت، تاوانبار قەرەبوو دەکەیت، بۆیە دەبێت دوو نەوع بێت، یەکەم/ قەرەبووی مادی کە لیژنەی یاسا دەڵێن، ئەگەر سەیارە بوو، یان ماددە بوو، یان قەرەبووی جەستەیی، دەبێت ئەوانە مەعلوم بێت، جا ئەو کەسە قەرەبووی جەستەیی دەکرێت، یان قەرەبووی مادی دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، پێشنیارێك هەیە زۆربەی ئێوەو كاك فرسەت و كاك شێروانیش دەڵێن ئەو ماددەیەی تێدا نەبێتن، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە لا دەبرێت، یەعنی ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا كرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بیكە ئەنجومەنی وەزیران، نەك سەرۆكایەتی، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بیدایەتی موناقەشە كردنی ئەو یاسایە، پێشنیاریمان كرد بوو، جەنابیشت تەئكیدت كردەوە، كە ئەو یاسایە بۆ یەك جار دەردەچێت، ئێستا یاسایەكە تەواو بوو لە هیچ شوێنێك ئیشارەتمان پێ نەدا، وتیشت لە شوێنێك جێی دەكەینەوە، كە ئەو یاسایە بۆ یەك جارەو ئیستیمراریەتی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیشارەتی پێدراوە، كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رەئیم وایە لەو ماددەیە ئەوە ئیزافە بكرێت (سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەی (60) رۆژدا جێ بەجێ دەكەن)، ئاخر ئەوەی تر بۆ (90) رۆژەكە، كە ئیزافە كرا، كێشەی مەوقوفین لەو ماوەیەدا یەكلا بكرێتەوە، بەس ئەو یاسایە بە كراوەیی ماوەتەوە، یان ئەوەیە ماددەیەك لە پێش ئەو ماددەیە زیاد بكرێت، مەسەلەن بكرێتەوە ماددەی دوازدەیە، ماددەی یازدە هەبێتن بڵێ ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەوەندە رۆژە كاری پێ دەكرێتن، (60) رۆژ، یان (90) رۆژ، پاش ئەوە كاری پێ ناكرێتن، چونكە ئێستا یاسایەكە كراوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی لەو شوێنەی کە دەڵێن سێ مانگیان ئەوە کامەیە، لە شوێنێکە ماددەی یازدە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

اولاً: كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم.

ثانياً: او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالاعفاء واطلاق سراحه.

واتا لەو ماوەیە ئەگەر تەقدیم نەکرا، هیچ سوڵحەکە ناکرێت و عەفوەکەش نابێتن، ماددەی یازدەش هەروا بۆ لیژنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە لە جێیەتی، کە دەڵێت دەبێت ئیشارەتێك هەبێتن، چونکە بۆ یەك جارە، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قەراراتی عەفومان موتابەعە کردووە، لە هیچ بەندێك لە قەرارەکە نەهاتووە بڵێ بۆ یەك جارە، چونکە ئێمە بەشێوەی قانون دەریدەکەین، قانونیش کە برگەکانی جێ بەجێ کرا، بەڕاستی مەفعولی نامێنێت لە زیمنی ئەو مودەیەی کە کاك عەونی ئیشارەتی پێدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنەیەی کە موتابەعەی مەوقوفین بکاتن، کە دەنگی بۆ درا، ئەو مودەکەی چەندە؟ ئینجا دەبێت قانونەکە بە عام (90) رۆژ بێت، کەواتە پێشنیارەکەی تۆیە (90) رۆژەکە لەو فەقەرەیەدا صیغەیەکی بۆ بدۆزنەوە، لە تاریخی ئیصدارەوە سێ مانگ، لە ماوەی سێ مانگەوە ئەو قانونە نافیزە، تکایە صیغەیەك بدۆزنەوە، با بزانین صیغەکە چیە؟ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره ويعتبر نافذاً لمدة تسعين يوماً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان پێشنیارەکەی کاك عەونیم هەبوو، بەڕاستی ئەو یاسایە دەبێت شمولی هەموو ئەو گیراوانە بکات پێش دەرچوونی ئەو یاسایە کە گیراون، بەلآم لە دوای دەرچوونی یاسایەکە، خۆ ئەو لێبوردنە بۆ ئەو کەسانەیە کە لەناو سجندان، بۆ ئەو خەڵکانە نییە کە هێشتا تاوانیان نەکردووە، ئەوە لە دوای دەرچوونی ئەو یاسایە ئەگەر تاوانی کرد حەقە هیچ شمولی نەکات، نەك سی رۆژ، ئەوە پرسیاری یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، مولاحەزەیەك کاك فرسەت دای، مولاحەزەکەش زۆر قەییمە دەڵێت نابێت تەحدیدی (90) رۆژ بکەین، با کاك فرسەت تەوزیحی بکاتن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەزایانە ئەوەی مەشمول بێت بەو قانونە، ئەوانەنە ئەوەی پێشی ئیصداری ئەو قانونە جەریمە کرا بێت، پێشی ئیصدار، ئینجا چ تەوقیف بێت، چ حوکم درا بێت، چ جەریمەی کرد بێت نەگیرا بێت تاکو ئێستا، مودەکە نابێت تەحدید بکرێت بە (90) رۆژ، دوور نینە تەحقیقی ئیزبارەیەك بزانین مەشمولە بەو قانونەی، یان نا، (وکتابنا وکتابکم) شەش مانگ دەکێشێتن، مانای وایە کابرا مەحروم دەبێت پاشی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا دەبێت زۆر وازیح بێت، ئەوانەی کە بەیانی ئەو قەرارە دەرچوو دزی بکەن و زیندان دەکرێن و شمولیان ناکات، (90) رۆژ خەڵك بڕوات دزی بکات و بڵێ عەفو بم، زۆر موشکیلەیە، بۆیە دەبێت زۆر وازیح بێتن، کە شمولی داهاتوو ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە شمولی داهاتوو ناکاتن، ئێستا لەسەر مودەکە قسەی بکەین سێ مانگەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشتریش هەر ئەو رەئیەم هەبوو، ئێستاش تەئیدی برای بەڕێزم کاك فرسەت دەکەین، عیبرە بەو جەریمانەیە کە پێشی قانونەکەیە، یەعنی ئینجا ئەوە بە دوو مانگ تەواو دەبێت، بە سێ مانگ تەواو

دەبێت، ئەو جەریمانە دەگرێتەوە کە پێشی قانونەکەیە، عیبرەت بە مودەکە نییە، بۆیە لە ئەکسەریەتی قانونی عەفوی عام قەتعەن مودەی تێدا نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە لەناو قانونەکە تایبەتە وەقتی بۆ داناوەو پەلەی لێ بکەن و پشتگوێی نەخەن، ئەوە جیاوازە، بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، کاك ڕەشاد نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ئیشی لیژنەکە مودەی لێرە بۆ دابنرێت، لەوانەیە ئەو لیژنەیە بە شەش مانگ تەشکیل نەکرێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە دانراوە، ئەویتر (تسری احکام) بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو نەصە دەبێت بە پێچەوانەکەوە بێت، نەك بەو شێوەیە (تسري احكام هذا القانون على القضايا والوقائع السابقة من تاريخ اصداره)، دەبێت بڵێین (لا تسري احكام هذا القانون علىالجرائم الذي تتم...)، یەعنی لەمەودوا، یەعنی بۆ داهاتوو ئەوانەش شمولیان ناکات، نەك ئێمە رابردوو باس دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی نووسراوە باشترە کاك دلێر، صیغەیەکی قانونییە لە هەموو قەوانینەکاندا وا دەنووسرێت، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جێگری سەرۆكی پەرلەمان كردی دەربارەی موسالەحە، كە ژن نەدرێت لە سولْح شتێكی باشە پێش ئەوەی یاسایەكە تەواو بێت بزانم لە كوێ موعالەجەی دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی كە ئێستا من باسی دەكەم، بەڕاستی كۆمەڵێك خەڵك لە سلێمانی سكالایەكەیان گەیاندۆتە لای ئێمە و كاك عومەریش باسی كرد، من بە تەلەفۆنیش لەگەڵ جەنابت باسم كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقاتەعەت دەكەم عەفوم دەكەیت، ئەوە نوقتەی نیزام نییە، چونكە وەلامم دایەوە، هەیە ئێستا پێتان دەڵێم، ئێستا پێت دەڵێ، ئەوەلەن كاك زرار وەلامم دایەوە، كاك عومەر كە قسەی كرد گوتم صیغەیەك هەیە، هێشتا قانونەكەمان تەواو نەكردووە، كە ماددەكانمان تەواو كرد، ئینجا دوو سێ پێشنیار هەیە، لیژنەی قانونی قسە دەكاتن، یەك لەوانە ئەوەیان هەیە، ئێمە ئێستا ئەو ماددەیە موناقەشە دەكەین كە دەڵێت (تسري احكام هذا القانون)، لەبەر ئەوە قسەكانم بڕی، تاوەكو لێمان تێك نەچێتەوە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە (تسري احكام هذا القانون)، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، فەرمووكاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە كۆبوونەوەكەی پێشتر هەندێك مولاحەزات درا، هەندێك پێشنیار درا، هەندێكیان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا، وەكو ئەوەی دكتۆر دلێر كە تەقدیمی كرد، بەنیسبەت ئەربابی سەوابق، ئەوەی سۆزان خان تەقدیمی كرد بەنیسبەت (الجرائم المرتكبە بدافع غسل العار)، ئەوانە داخیل كران، بەلام هەندێك مولاحەزات هەبوو بە حەقیقەت، هەندێك پێشنیار هەبوو داخیلی مەسەلەكان نەكرا، بۆ ئەوەی یاسایەكان بەشێوەیەكی رێك و پێك بێت و بەشێوەیەكی جوانتر دابرێژێتەوەو، بەشێوەیەك بێت كە كەموكوڕی تێدا نەبێت بە حەقیقەت، ئێمە هەندێك مولاحەزاتمان هەیە روونی دەكەینەوە بە حەقیقەت بۆ ئێوەی بەڕێز، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، یەك لەوانە مەسەلەن ئێمە كە لە ماددەی یەك دەڵێین (المحكومون في القضایا التي تتم المصالحة)، (المحكومون) بەشێوەیەكی موتلەق هاتووە، گەورەش دەگرێتەوە، بچووكیش دەگرێتەوە، ئیمكان هەیە (المحكومون النزلاء والمودعین) بكەین، (النزلاء) یەعنی گەورەكان، (المودعین)

یەعنی ئەحداس، یەعنی تەوزیحێکە بۆ قانونەکەی، ئەو وەختەی ئێمە ئەسڵەن پێویستیمان بە فەقەرە دوو نابێت، بەنیسبەت ئەحداس بەشێوەیەکی موتلەق هاتووە، ئەوە یەك.

خاڵی دوو/ بەنیسبەت تەخفیزی عقوبە، بەنیسبەت ئەو قەزایانەی کە موساڵەحەی تێدا نەکراوە، لێرە بەحەقیقەت کاك خورشیدیش ئیشارەتی پێدا لە جەلسەی پێشتر، منیش یاداشتێکم بۆ سەرۆکایەتی نووسی، باشە یەکێك جەریمەی قەتلی کرد بێت شمولی موساڵەحەی نییە، لە زیمنی ئیستیسنائات نییە، گەورەیە لە (30٪) تەخفیزی وەرگرتووە، بەڵام حەددەسەکە یەکسەر بۆ ماڵێ، ئەوە بەڕاستی ئێمە کێشە بۆ خۆمان دروست دەکەین، ڕەنگە ئەو کەسەی کە موساڵەحەی تێدا نییە و دەچێتە دەرێ یەکسەر صاحێب قەزیەکەی دەیکوژێتەوە، واتا ئێمە چارەسەری مەسەلەکەمان نەکرد، بۆیە بە حقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوە داین دیسان لە فەقەرەیەکی تر هاتووە (المحکوم)، بەس تەنها ناوی (النزلاء) هاتووە، بەنیسبەت تەخفیزەکە، ئینجا یان لەوێ ئەگەر ئیمکان بێت جێی لەوێ بۆ بکەینەوە (النزلاء والمودعین)یش لەگەڵ بێت، یان دەبێت بە فەقەرەیەکی ئیزافی ئیزافەی بکەین.

پێشنیاری سێیەمیش ئەوە بوو، لێرە زۆر موناقەشەی ئەو کەسانە کرا، کە (48) کەس هەیە لە سلێمانی مەحکوم بوون (مدی الحیاة)، ئەو (مدی الحیاة)ش بەڕاستی قەرارێك بوو بریمەر لە سلێمانی تەنفیز کرا، لێرە تەنفیز نەکرا، ئێمە عقوبەی ئیعدامامان بەنیسبەت ئەو جەریمانەی کە سوڵحی لەگەڵەو ئیستیسنایە ئەوە هیچ، بەنیسبەت ئەوی تر عقوبەی ئیعدامامان کردە سجنی موئەبەد، حەق وایە ئەو بادیرە لە ئێمەوە بێت، ئەوەی کە بە حوکمی بریمەریش دراوە (مدی الحیاة) ئیزافە بکرێت لە زیمنی ئەوە، بۆ ئەوەی ئەوێش ببێتە موئەبەد، ئەوە یەکسان دەبێت لەگەڵ قەوانینی ئێمە، چ ئەوەی لێرە تەنفیز دەکرێت، چ ئەوەی لە سلێمانی دەبێتە مایەی ئەوەی کە (48) کەس مەسیریان مەعلوم بێت، ئایا وەزعیان لە چ دایە، بۆ هەتا ئێستا ئەو قانونە بەنیسبەت هی بریمەرەوە لە سلێمانیش تەتبیق دەبێت، ئەو دوو سێ مولاحەزەیەمان هەیە، ئەگەر بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بە پەسندی دەزانن بخرێتە موناقەشەو دوا بڕیاری لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من سوپاسی لیژنەی قانونی دەکەم مولاحەزەکەیان زۆر قەییمە، بەحەقیقەت لە موناقەشە کردندا ئەو قسانە زۆر کرا، زۆر لە ئەندامان هەمان مولاحەزەیاندا لەسەر مەسەلەی ئەحداس و کە دەبێت شمول بە موساڵەحەو ئەوانە، دەنگ درا عەمەلیەن، لەبەر ڕۆشنایی قسەکاندا دەبوایە دەنگ بدرێتن، بۆ ئەوەی ئەحداسیش دەبێت موساڵەحەی تێدا بێت، بەڵام لە نەصی مەحزەرەکە تەماشامان کرد، لەکاتی خوێندنەوەکە ئەوەیان نەگوتووە، باشترین شت بۆ چارەسەری ئەوە لە مادده یەکدا، بۆ ئەوەی هەم موناقەشە نەکەین و هەم دەرگا نەبێتن، چونکە ئیجرائاتێکی زۆری دەوێتن، لە ماددەی یەکەم ئەوەلەن کە نووسراوە (المحکومون) قەوسێك بکریتەوە (النزلاء والمودعون)، یەعنی ئەوانەی ئەحداسن و غەیری ئەحداسیش، فەقەرەی دووەم ئیلغا بکرێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوە پێشنیارە تازەی لیژنەی

یاساییه دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بەنیسبەت پێشنیاری دووەم ماددەیەکی تازە ئیزافە بکرێتن ئەوانەی کە حوکم دراون بە (مدى الحياة) بکرێت بە موئەبەد، حاڵەتەکەش وەکو باسیان کرد (48) کەسن، تەنیا لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی جێ بەجێ کراوە، حەقی ئەوەیە ئەوانیش مەرحەمەتی ئەو قەرارە بیانگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، هەردوو پێشنیارەکە قەبول کرا، کاك شێروان ئەو تەوزیحە بدە بەنیسبەت ماددەی یەك و ماددەی سێ دەنگمان لەسەر داوە، بەس بۆ ئەوەی لەمس نەبێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ئیلغا کردنی فەقەرە دوو لە ماددە یەك، بە چاککردنی (المحكومون (النزلاء والمودعون)، ئەوە دەنگی لەسەردرا، ئەوە عیلاجی مەسەلەکەی کرد، بەڵام ئەوەی کە دووەمە دوو حاڵەت تەصویتی لەسەر کرا، ئەوەی سێیەمە بەو شکلەیە، بەنیسبەت کیبار هاتووە بەڕاستی دەڵێت (تخفض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء)، یەعنی ئەحداس ناگرێتەوە (في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة 30٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي)، لێرە دەبێت عیلاجەکە بەو شکلە بکرێت، ئەوانیش مەشمول بن بە (30٪)یەکە وەکو کیبار، ئینجا یان بە فەقەرەیەکی ئیزافی، یان لێرە دەتوانێت (مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء والمودعين) ئیزافە بکەین، کامتان پێ پەسندە ئەوەی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەوەی چارەسەر دەکرێتن، دیسان دەڵێم مەحکومەکان (النزلاء والمودعون)، هەردووکی دەگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەوسە بکرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەو ئیزافەیەش بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (مدى الحياة)ـەکان کە بووە موئەبەد نەخوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار کراو دەنگیشی بۆ درا، بۆ صیاغەکە صیاغەی دەکاتن، کاك عەونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام ومدى الحياة في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء الى السجن المؤبد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موساڵەحەی تێدا نییە (تخفض الاحكام الصادرة بمدى الحياة الى السجن المؤبد)، ئەوە بەر نادرێتن، تەنیا ئەوەندەیە حوکمی (مدى الحياة) دەبێتە موئەبەد، مەدەلحەیاتەکە یەعنی قەت دەرناچێت، موئەبەدەکە بیست ساڵەکەیە، تکایە ماددەی سێزدە بە کوردیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوەی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیە پێویستکارەکان**

لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لە سزاداندا چاکسازی تاوانکارەو راستکردنەوەی رەفتارێتی و ئەو بەندییانەی ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە ماوەیەکی زۆریان لە دەستگا چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر بردووە، بۆ ئەوەی هەلیان بۆ بڕەخسێت، بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا، بە ئازادکردنیان یان